
شانزە هەفتەیە بکوژانی سەردەشت نادیارن

# ڕۆژنامە ٧

هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە (٥٩٦) سێشەممە ٢٤/ ٨/ ٢٠١٠ | www.sbeiy.com | نرخ ٧٥٠ دینار



سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

**دەسەڵاتی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق زۆر زیاترە**

4



**بارزانی: داواکارانی گشتیی دەتوانن هۆکاری سەرەکی بن لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا**

5

## وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان، سەبارەت بە پرسی نەوت:

# دژی دەرهێنانو فرۆشتنی نین، دژی شاردنەوەی داهاتەکەین

چاوان عەلی

وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان سیاسەتی بزووتنەوەکەی لەمەڕ پرسی دەرهێنانو فرۆشتنی نەوت ڕوونکردەوەو دەڵێت: «بزووتنەوەی گۆڕان بە مافی حکومەتی هەرێمی دەزانێت نەوت دەربهێنێت، بەڵام بەمەرجێک بە شەفافانە پرۆسەکە بەڕێوەبچێتو داهاتەکەشی ئاشکرابێت.

محەمەد تۆفیق ڕەحیم، وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان لەبارەی ئەو لێدوانەی د.ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان، کە لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی (١٩)ی ئەم مانگەدا وتی: (دەبێ ئەوانەی بە نەشارەزایی کەیسی نەوتیان وروووژانــدووە داوای لێبووردن بکەن)، وتی: «نەخێر، داوای لێبوردن ناکەین، چونکە ئەمە نەک بزووتنەوەی گۆڕان، بەڵکو مافی هەموو هاوڵاتییانی کوردستانە کە ئاگاداری پرسی دەرهێنانی نەوتو داهاتەکەی بن، کە بۆکوێ دەچێتو چۆن سەرف دەکرێت؟».

هەندێکجار دەسەڵات دەڵێت: باسکردنی پرسی نەوت یاریکردنە بە ئاگر، چونکە پەیوەندیی بە ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیەو نابێت بورووژێنرێت، لەبەرامبەردا محەمەد تۆفیق ڕەحیم، وتی: مەسەلەکە ئاشکراکردنی داهاتو سامانی میللەتەو لە ئێستاو ڕابردووشدا برادەرانیان لە بەغدا، زۆرکات ئەوەیان دووپاتکردووەتەوە، کە هەرێم مافی خۆیەتی نەوت دەربهێنێتو بیفرۆشێت، بەڵام ئەم دەرهێنانو فرۆشتنە پێویستە بە ئاشکراو شەفافانە بێت، نەک لە ژوورە تاریکەکان ڕێکەوتنی لەبارەوە بکرێتو بۆ بەرژەوەندیی تاکلایەنانە بەکاربهێنرێت.

محەمەد تۆفیق ڕەحیم، ئەوەشی ڕوونکردەوە؛ کە ئەوان وەک بزووتنەوەی گۆڕان کاتێک باسیان لە پرسی نەوت کردووە، مەبەستیان قسەکردن نەبووە لەسەر ئەوەی هەرێمی کوردستان نەوت دەردەهێنێت، بەڵکو مەبەستیان بووە داهاتی نەوت ئاشکرا بکرێت.

بۆ ل٢

**زنجیرەیەک خۆپیشاندان لە کەرکوک بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان**



8

## ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتی: پێویستە بزووتنەوەی گۆڕانیش موبادەرەی یەکێتی بکات

ڕۆژنامە

شالاوی عەلی عەسکەری ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەڵێت: «پێویستە بزووتنەوەی گۆڕانیش موبادەرەی یەکێتی بکات، چونکە جەماوەر جیاوازییو تەفرەقەی پێناخۆشەو داوای نزیکبوونەوەی لایەنەکان دەکات».

بۆچوونی ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی دوای ئەو موبادەرەیەی یەکێتی هات کە لەسەرەتای ئەم مانگەدا وەفدێکی حیزبەکەی سەردانی نەوشیروان مستەفایان کردبوو.

د. زانا ڕەئوف پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لەوبارەیەوە وتی: :ئێمە هەموو هەوڵێک بۆ ئاساییکردنەوەو تەبایی سیاسیی لەهەر لایەنێکەوە بێت، بەرزدەنرخێنین، هەموو گفتوگۆو دانوستانێکیش لەنێو هێزە سیاسییەکاندا بەرزدەنرخێنین، بەمەرجێک لەسەر حسابی مافو بەرژەوەندییەکانی خەڵک نەبێت».

وتیشی: «لە هەندێک حاڵەتیشدا پێشتر دەستپێشکەریمان کردووەو لەئایندەشدا دەستپێشکەریمان بۆ هەموو حیزبەکان دەبێت، مادام ئەمە لە بەرژەوەندیی خەڵکدایە، باشترین بەڵگەش لەسەر ئەوە پێشنیازکردنی پلانی چاکسازییە لەهەرێمی کوردستان لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانەوە.

## سلێمانی، ساڵانە (٦)ملیۆنو (٤٨٠)هەزار دۆلاری لەدەستدەچێت

ڕۆژنامە

بزنسمانێکی سلێمانی، پێیوایە: دەبێت شارەوانی، یان پارێزگای سلێمانی، مانگانە بۆ هەر تەنێک چیمەنتۆ، (١)دۆلار لە کارگەکانی (تاسلوجە، ماس، بازیان) وەربگرێت، بۆئەوەی لە خزمەتگوزارییەکانی سلێمانیدا سەرف بکرێتەوە، چونکە بە بڕوای ئەو بزنسمانە: «ئەم کارگانە ژینگەی سلێمانی بە دووکەڵو تەپوتۆزەکانیان پیس دەکەنو ڕێگاوبانی سلێمانیش بەهۆی بارهەڵگرەکانیانەوە زیاتر تێکدەچێت، جگە لەوەی کە کارەبای سلێمانی دەبەنو بەردی سلێمانی بەکاردەهێنن».

پێشنیازی ئەم بزنسمانە لە پەسەندکردنی بودجەی (٢٠١٠)ی عێراقەوە سەرچاوەی گرتووە کە پەرلەمانی عێراق بڕیاریدا، هەر بەرمیلێک نەوت، لە هەر پارێزگایەکی عێراق دەربهێنرێتو بفرۆشرێت، دەبێت بڕی (١)دۆلاری بدرێت بە خزمەتکردنی ئەو پارێزگایە.

ئیسماعیل گەڵاڵەیی، ئەندامی لیژنەی پیشەسازییووزەوسەرچاوەسروشتییەکان، ئاشکرای دەکات کە چیمەنتۆ لە هەرێمی کوردستاندا قازانجی زۆرەو (٨٠٪)ی قازانجە، بۆیە پێیوایە: «ئەو بیرۆکەیە گونجاوەو بەپێویستی دەزانێت کاری پێبکرێت».

بۆ ل١٥

ڕیکلام

Norwegian People's Aid

Iraq- Kurdistan Region

هەلی کارکردن

ناوی پۆست : کارمەندی بەرنامە

شوێنی کارکردن: ئۆفیسی کەرکوك

بواری کارکردن : بەرنامەی گەشەپێدانی کۆمەڵگە

ڕێکخراوی فریاگوزاری میللەتی نەرویجی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی مرۆڤ دۆستی قازانج نەویستە وماوەی ١٥ ساڵە لە کوردستان وعێراقدا لەبوارەکانی ئاوەدانکردنەوەو مین پاکی و گەشەپێدانی کۆمەڵو پەروەردەی زانستیدا کاردەکات، بەرنامەی گەشەپێدانی کۆمەڵگە لە ڕێکخراوەکەمان پێویستی بە کارمەندێکە بۆ پۆستی (کارمەندی بەرنامە) لە ئۆفیسی لاوەکی ڕێکخراوەکەمان لە کەرکوك.

هەرکەسێك خوازیارە دەتوانێت کارنامە (CV)ی خۆی پێشکەش بەم ناونیشانەی لای خوارەوە بکات:

npacdp@yahoo.com

یان:

ئۆفیسی سەرەکی ڕێکخراوی NPA

سلێمانی/ گەڕەکی بەختیاری/ نزیك سەنتەری گەنجان

ژمارەی تەلەفون ٣١٨٨٠١٠

پێش مەرجەکان:

١. خاوەنی بڕوانامەی زانکۆ بێت.
٢. شارەزایی تەواوی هەبێت لە بەکارهێنانی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتدا.
٣. زمانی کوردی وعەرەبی وئینگلیزی بەباشی بزانێت (نوسین و قسەکردن).
٤. خاوەنی ئەزمونێکی فراوان بێت لە کاری مرۆڤدۆستیدا.
٥. شارەزایی لە بەڕێوەبردنی پرۆژە و کارگێڕی دا هەبێت.
٦. سەربەستانە بتوانێت گەشت بۆ هەموو شوێنێکی وڵات بکات.
٧. لایەنی کەم ئەزموونی ٢ ساڵی لە کاری ڕێکخراوەیی دا هەبێت.
٨. شارەزایی هەبێت لە بواری ڕاگەیاندندا.

تێبینی: دواکات بۆ پێشکەشکردن ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٠/٨/٢٨ کاتژمێر ٤ ئێوارە

Norwegian People`s Aid
Community Development Programme
Iraq- Kurdistan Region\ Suleimaniya
Handren St. 109 B.31 H. 03

Telephon +964 (053) 318 8010

Cell PhoneTelefaks

E-Post npacdp@yahoo.com

## هیچ لایەنێک وەڵامی مەرجەکانی کورد ناداتەوە

پشتیوان سەعدوڵڵا

ئەندامێکی شاندی ئیئتیلافی فراکسیۆنەکوردستانییەکان ڕایگەیاند: کورد وەڵامی ئەو ١٩خاڵەی نادرێتەوە کە پێش دوو هەفتە خستوویەتییە بەردەستی لیستە براوەکان.

د.مەحمود عوسمان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: تائێستا بەڕەسمیی هیچ لایەنێک وەڵامی داواکارییەکانی کوردی نەداتەوەو هێشتا ڕای ڕەسمیی لایەنەکانمان وەرنەگرتووە، پێموایە کورد وەڵامی داواکارییەکانی وەرناگرێتەوە، چونکە تائێستا ڕوون نییە کێ دەبێت بە سەرۆک وەزیران، بۆیە ئەو لایەنانە نە دەیانەوێت داواکارییەکانی کورد ڕەتبکەنەوە، نە دەیانەوێت قبوولی بکەن، وتیشی: «وا چاوەڕواندەکرێت دانیشتنی دیکە لەگەڵ لایەنەکان بکرێت».

لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا شاندی دانوستکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان وەک داواکاری کورد لیستێکی (١٩)خاڵییان پێشکەش بە هەریەک لە نوری مالیکیو ئەیاد عەلاویو عادل عەبدلومەهدیو ئیبراهیم جەعفەری کرد.

## گرووپێک لە کادیرانی یەکێتی بەنیازی دروستکردنی حیزبن

ڕۆژنامە

کۆمەڵێک لە کادیرانی یەکێتی، لەپێشهاتێکدا بەنیازی جیابوونەوەو دروستکردنی حیزبنو ئەندامێکی سەرکردایەتیش، ئەو زانیارییانە پشتڕاستدەکاتەوە.

یەکێک لەو کادیرانەی لە دەستەی سەرپەرشتیاری ئەو گرووپەدایە، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەم پێشهاتە تازەیە کە لەناو یەکێتیدا ڕوویداوە، وەک کاردانەوەیەکە بەرامبەر ئەنجامەکانی کۆنگرەو ئێمە تەوەجوهێکین کە داوای چاکسازیمان کرد لەکۆنگرەدا، بەڵام نەکرا».

ئەو کادیرە کە لەبەر هەستیاریی ڕووداوەکە لەئێستادا، نەیویست ناوی بهێنرێت، وتیشی: «ئێمە، لەزۆر ئاستی باڵای یەکێتیدا، پشتیوانیمان دەکەنو دابەشبووین بەسەر سێ بۆچووندا، هەندێکمان بۆچوونمان وایە لە یەکێتیدا وەک باڵو تەوەجوهی ڕیفۆرم بمێنینەوە، هەندێکیشمان ڕامان وایە، بچینە ناو بزووتنەوەی گۆڕانەوەو لەگەڵ ئەوان ڕێککەوتن بکەین، هەندێکیشمان بۆچوونمان وایە، حیزبێکی لیبراڵ دروستبکەین کە بۆچوونی سێیەم پەسەندترینیانە».

شالاوی عەلی عەسکەری، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «تا ئێستا لەناو یەکێتیدا، وەکو باڵناساندن، نەمبیستووە، بەڵام لابەلا، بیستم لە شتی غەیرە ڕەسمیی کە گوایە هەندێکیان بەتەمای حیزبێکی تازەنو بیریان لێکردووەتەوە».

# فراکسیۆنەکان وەڵامی قەناعەتپێکراویان لە ئاشتی هەورامی وەرنەگرت

• دڵشاد شەهاب: داهاتی نەوت زۆرتر جێی پرسیارە

• عەدنان عوسمان: کێشەمان لەسەر ناردنە دەرەوەی نەوت نییە، ئێمە کێشەمان لەسەر داهاتی ئەو نەوتەیە

• ئارام قادر: وەکو ئۆپۆزسیۆن دژی ناردنە دەرەوەی نەوت نین، داوای شەفافییەت دەکەین

• ئەحمەد وەرتی: ئێمە ئاگاداری ئەو سندووقە نین

راپۆرتی: بەهادین یوسف

**فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان کۆکن لەسەر ئەوەی کە پرۆسەی نەوت لەهەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی شەفاف بەڕێوەبچێت، تا پەرلەمان بە وردیی چاودێریی و وردبینی بکات و ئاگاداری کۆی پرۆسەکە بێت.**

لە کۆبوونەوەی پێرێی سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکان لەگەڵ وەزیـری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی خۆیان روونکردەوە بەوەی دژی پرۆسەی ناردنە دەرەوەی نەوت نین و پشتگیریی لەوە دەکەن کە میللەتی کورد و حکومەتی هەرێم مافی مامەڵەکردنی هەبێت بە نەوتەوە و پرۆسەکەش بەشێوەیەکی شەفاف بەڕێوەبچێت، بڕیاریشە ئەمڕۆ دووبـارە سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان تاوتوێی مەسەلەی نەوت و دەرهێنان و ناردنە دەرەوەی بکەنەوە.

عەدنان عوسمان، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: لە کۆبوونەوەکەدا وەزیری سامانە سروشتییەکان وردەکاریی زۆری باسکرد و تیشکی خستە سەر زۆر لایـەن و ئێمەش جەختمان کـردەوە کە پێویستە پەرلەمان ئاگاداری وردەکاریی کۆی پرۆسەکە بێت لە شێوازی دەرهێنان و چۆنیەتی ناردنە دەرەوەو خەرجکردنی داهـاتـەکـان، بە شەفەیی زۆرشت خرایەڕوو، بەڵام تائێستا دۆکیۆمێنت نەخراوەتە بەردەستمان و پێویستە لە نزیکترین کاتدا ئەو دۆکیۆمێنتانە بخرێتە بەردەستی پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمانیش داوایکرد، کە بەڵگەکانی چۆنیەتی دەرهێنان و ناردنەدەرەوەو داهاتەکان لەبەر دەستی پەرلەمان بێت بۆ ئەوەی بەدوای وردەکارییەکاندا بچین.

هـەروەک دڵـشـاد شـەهـاب، جێگری سـەرۆکـی فراکسیۆنی کوردستانیی، بەپێویستی دەزانێت پەرلەمان و خەڵکی کوردستان ئاگاداری پرۆسەی نەوت بن، بەوپێیە بە وتەی ئەو نەوت پەیوەندیی بە ئایندەی ئەم هەرێمەی ئێمەوە هەیە دەبێت نەوت وەک سامانێکی نیشتمانیی زۆر گەورە سەیربکرێت و هەموومان کۆدەنگ بین لەسەری و نابێت کەسمان خۆی لەویتر زیاتر بە خاوەنی بزانێت و نە کەسیش مافی ئەوە بەخۆی بدات دژی بێت، نابێت یەکێک بێت لەو شتانە بۆ ململانێی سیاسیی ناوخۆیی بەکاربهێنرێت، دەبێت وەکو ئەمنی نیشتمانیی سەیر بکرێت.

بـەڕای جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانیی: «پێویستە ئەندامانی پەرلەمان ئاگاداری هەموو وردەکارییەکان بن بۆئەوەی بەچاوی چاودێرییەوە سەیری بکەین و زەمانەتی ئەوە وەربگرین کە ئەم مەسەلەیە بە سەلامەتی بەڕێوە دەچێت، نەک تەنیا وەزیرو ستافێکی وەزارەت خەریکی ئەوەبن ئەو مەسەلەیە بۆ میللەت روونبکەنەوە، ئەندامانی پەرلەمانیش بچینە پاڵیان بۆ ئەوەی میللەتی خۆمان دڵنیا بکەین لەوەی کە ئەمە سەروەتێکی نیشتمانیی گەورەیە و دڵنیایان بکەینەوە لەوەی ئەو مەسەلەیە بە سەلامەتی بەڕێوە دەچێت».

چەند رۆژێک پێش ئێستا لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان ئاشکرایکرد لە ئێستادا هەرێم رۆژانە (١٠٠) هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت و بەپێی پلانی وەزارەت تا ساڵی (٢٠١٤) بەرهەمی نەوت دەگەیەننە (١ملیۆن) بەرمیل لە رۆژێکدا.

ئـارام قـادر، سـەرۆکـی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی لە پەرلەمانی کوردستان، دووپاتیکردەوە وەکو ئۆپۆزسیۆن دژی ناردنە دەرەوەی نەوت نین بەشێوەیەکی گشتیی و وەبەرهێنان و دەرهێنان و ناردنە دەرەوەی نەوت بە مافێکی کورد دەزانین، ئێمە داکۆکیی دەکـەیـن لە شەفافیەتی پرۆسەکەو جەخت دەکەینەوە لەوەی کە پێویستە یاسای نەوت و غاز جێبەجێ بکرێت، کە تائێستا نەکراوە».

### بەڵگەی جێبەجێنەکردنی یاساکەی بەوە هێنایەوە کە:

«لە مادەی (٨)ی یاساکەدا هاتووە، کە پێویستە پاڵاوگەکان بەشێوەیەکی یاسایی مۆڵەت وەربگرن، بەداخەوە وەزیر خۆشی دانی بـەوەدا نا کە زۆرێـک لە پاڵاوگەکان مۆڵەتیان نییەو هەندێکیان مۆڵەتیان لە شوێنی ترەوە هەیە، هەروەک لە مادەی (١٥) ئەوە دووپاتدەکاتەوە داهاتی ئێستاو داهاتووی نەوت پێویستە ملکەچ بێت بۆ پەرلەمان و وردبین و بەدواچوونی پەرلەمان بەداخەوە تائێستا ئـەوە نەبووە لە مـادەی (٢٣)ی یاسای بودجەی هەرێمیشدا هاتووە: ئەو داهاتی نەوتەی بۆ پرۆژەکان سەرفدەکرێت، پێویستە پەرلەمان پەسەندی بکات، تائێستا ئەوەش نەبووە، دەرەنجام ئەوەبوو بڕیاردرا کۆبوونەوەی تر ئەنجامبدرێت لەنێوان سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی لیستەکان، بۆ ئـەوەی لەڕێگەی لیژنە پەیوەندیدارەکان و چەندین میکانیزمی ترەوە هەوڵبدرێت بەدواداچوون بکرێت بۆ ئەو پرسە، بەجۆرێک شەفافیەتی تەواو دروست بێت لەبەردەم پەرلەمان و هاوڵاتییانیشدا».

دوابەدوای کۆبوونەوەکەی سەرۆکایەتی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان لەگەڵ وەزیری سامانە سروشتییەکان، بڕیارە ئەمڕۆ سێشەممە، جارێکی تر سەرۆکایەتی پەرلەمان لەگەڵ فراکسیۆنەکانی پەرلەمان کۆببێتەوە بۆ تاوتوێکردنی دەرەنجامی کۆبوونەوەکەو هەنگاوی داهاتووی پەرلەمان.

لەوبارەیەوە عەدنان عوسمان، وتی: «لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار دەدرێت کە چی کراوە، وە پێویستە وەزارەت کۆمەڵێک شت بخاتە بەردەستی پەرلەمان، لەوانە: هەموو گرێبەستەکان بخاتە بەردەستی لیژنەی تایبەت و زانیاریی لەسەر ئەو کۆمپانیایانەی کە کار لەبواری نەوتدا دەکەن و چۆن مامەڵە لەگەڵ داهاتەکە بکرێت، دەبێت ئەمانە بە زووترین کات لەلایەن وەزارەتـی سامانە سروشتییەکانەوە بخرێنە بەردەستی پەرلەمان».

سەبارەت بە ناردنە دەرەوەی نەوت و کاریگەریی داهاتەکانی، عەدنان عوسمان وتی: «حیکمەتی ئەم سیاسەتە چییە؟ هەر تەنیا نەوت دەنێرینە دەرەوە، کە مافێکی خۆمانە و پیادەی دەکەن، ئەو نەوتەی لەژێر زەوی دەردەچێت سامانی نیشتمانییە، پێویستە هەموو هاوڵاتییان لێی بەرپرسیارو ئاگادارو بەهرەمەند بن، ئەو نەوتە رەشەی بەو سەدان تانکەرە دەڕوات و رێگاوبانەکانیان تێکداوەو ئەمن و ئاسایشی هاوڵاتییان لە رێگەکاندا خستووەتە مەترسییەوەو چاڵ و چۆڵییەکی زۆریـان دروسـتـکـردووە، ئەگەر ئەمە داهاتەکەی بێت، وەک وەزیر باسی دەکات پێموانییە ئەو داهاتە بەشی چاکردنەوەی رێگەوبانەکان و قەرەبووکردنەوەی گیانی هاوڵاتییان بکات، کە بەهۆی ئەو تانکەرانەوە تووشی دەبن لە رێگەکاندا، حیکمەتی تەنیا ئەوەی کە جادەکان و سەر سنوورەکانمان لێ تێکبدات، ئایا ئێمە لەبری ئەوەی بینێرینە دەرەوە بۆچی نەدرێتە کارگەکانی ناوخۆ بۆ ئەوەی بەنرخێکی هەرزان بەرهەمەکانیان بدەنە هاوڵاتییان».

دڵـشـاد شـەهـاب، سـەرەڕای ئـەوەی کۆبوونەوەکە بە بایەخ و گرنگ دەزانێت، دەڵێت: «باوەڕم وایە دانیشتنی پەرلەمانیش بکرایە رەنگە هەر ئەوەندە قسەی تێدابکرایە، بۆیە ئـەوە هەنگاوێکی بـاش بـوو، نەک لەبەرئەوەی من لە پێکهاتەی زۆرینەم و حکومەتمان پێکهێناوە و ئەم وەزیرە ئەندامێکی کابینەکەیە».

سەبارەت بە داهاتی فرۆشتنی بەرهەمە نەوتییەکانیش جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانیی وتی: «داهاتی نەوت زۆرتر جێی پرسیارە، تەعامول لەگەڵ ئەم داهاتە چۆن دەبێت و ئایندەی چۆن دەبێت، ئەوە لە کۆبوونەوەی بچووکدا بڕیاری لێنادرێت، بە بەراورد بە کۆبوونەوەی پەرلەمان، چونکە بەپێی یاسای بودجە هەر داهاتێک بۆ هەرێم بێت بەهەر شێوەیەک هەتامینەح و بەخششیش دەبێت حکومەت بە شەفافی بینێرێتە پەرلەمان، پەرلەمان پەسەندی بکات ئەم هەنگاوە ماوە، رەنگە لە ئایندەدا بەرچاوڕوونی زیاتری بوێت کاتێک ئاستی ئەم داهاتە بگاتە ئاستێک، کە پشتی پێببەسترێت، تائێستا لە هەنگاوی سەرەتاییداین و ماوەیەکی تریش هەموو ئەو بەرهەمانەی دەنێردرێنە دەرەوە هێشتا داهاتەکەی بەشی ئەو زەرەرە ناکات، کە تائێستا بەر هەرێمی کوردستان کەوتووە لە ئەنجامی دەرکردنی نەوت و تێکچوونی رێگەوبانەکان و پیسبوونی ژینگەو شتی تر».

هـەر لـەوبـارەیـەوە ئـارام قـادر وتی: «داوامانکرد بە راپۆرت و بەشێوەی یاسایی داهاتی نەوت بگاتە پەرلەمان و بزانین چەندە، پەرلەمان ئیشی ئەوە نییە گوێ لە کۆمەڵێک روونکردنەوە بگرێت سەبارەت بە وەبەرهێنان و دەرهێنانی نەوت، بەڵکو کاری پەرلەمان ئەوەیە بەدواچوون بکات بۆ ئەو گرێبەستانە، کە چەند وەبەرهێنراوە، دەرهێنراوەو چەند نێدراوەتە دەرەوەو داهات چەندە؟».

سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ، جەخت دەکـاتـەوە کە ئـەوان وەڵامـی هەموو پرسیارەکانیان وەرنەگرتووە، بەڵام ئەو جۆرە کۆبوونەوانە بە باش دەزانێت، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕانیش، بەپێویستی دەزانێت جارێکی دیکە لە هۆڵی پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر سیاسەتی نەوتی هەرێم بکرێت و خەڵکی کوردستانیش لەڕێی پەرلەمانەوە ئاگاداری ئەو سیاسەتەو مامەڵەکردن بەو سەرمایە نیشتمانییەوە بن.

سەبارەت بە داهاتەکانی نـەوت، کە وەزیـری سامانە سروشتییەکان بە سەرۆکایەتی پەرلەمان و فراکسیۆنەکانی راگەیاندبوو، کە لە حسابێکی داخراودایە د. ئەحمەد وەرتی سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامیی بە رۆژنامەی راگەیاند: «حسابەکە دەستکاریی نەکراوەو وەزیریش ئاماژەی بەوە کرد؛ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو داهاتانە پێویستیی بە بڕیاری پەرلەمانی کوردستانە، ئێمە ئاگاداری ئەو سندووقە نەبووین گلەیی ئەوەمانکرد، کە روونکردنەوەکان دواکەوتووە، ئەوەش گومانی دروستکردووە، بەتایبەت لیژنەی سامانە سروشتییەکان، کە چەندینجار داوایـانـکـردووە کە وەزارەت وەڵامـی نەبووە، دەبوو پێشتر ئەو روونکردنەوانە بدرێن، نەک لە رۆژنامەکان و لە دەرەوە بوروژێنرێت ئینجا ئێمە ئاگاداربین، دەبوو لە نزیکەوە ئاگاداربووینایە».

بەپێی لێدوانی وەزیـری سامانە سروشتییەکان؛ یەدەگی هەرێم (٤٥) ملیار بەرمیل نەوتەو (٢٠) تریلیۆن مەتر چوارگۆشە غازی سروشتی هەیە، کە تا (٥٠) ساڵی داهاتوو هەرێمی کوردستان نەوتی دەبێت.

هـەروەک ئێستا لە کوردستاندا سێ پاڵاوگەی گەورەو (٥٣) پاڵاوگەی بچووک لە سێ پارێزگاکەی هەرێم هەیەو (٤٠) کۆمپانیای بیانی لە (١٧) وڵاتی جیهانەوە لە بواری نەوتدا کاردەکەن.

لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەی و لە کۆبوونەوەی پەرلەمانیشدا وەزیـری سامانە سروشتییەکان چەندین رەخنەی ئاراستەی ئۆپۆزسیۆن و رۆژنامەکان کرد، بەوەی کە قەسکردنیان لەسەر نەوت چووەتە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی حکومەتی ناوەندەوە.

لەوبارەیەوە عەدنان عوسمان، سەرۆکی فراکسیۆنی گـۆڕان وتـی: «بەرپەرچی ئەو قسانە دەدەینەوەو بە وەزیریشمان وتووە ئۆپۆزسیۆن بەشێکە لە سیستمی سیاسیی لەم وڵاتەدا، ئێمە ئۆپۆزسیۆنی حکومەتین و ئۆپۆزسیۆنی وڵات نین، بۆیە دەبێت ئاگاداری هەموو ئەو وردەکارییانە بین کە پەیوەستن بە مەسەلەی نەوتەوە، ئێمە کێشەمان لەسەر ناردنە دەرەوەی نەوت نییە، ئێمە کێشەمان لەسەر داهاتی ئەو نەوتەیەو ئـەوە مافی پەرلەمان و ئۆپۆزسیۆن و خەڵکی کوردستانە ئاگاداری وردو درشتی ئەو مەسەلەیە بن ئاگاداری چۆنێتی ناردن و حەجمی داهاتەکە بین و قبووڵمان نییە کەس موزایەدەی نیشتمانیمان بەسەرەوە بکات، ئێمە کە داوای شەفافیەتی داهاتەکان دەکەین، وا پیشان بدرێین لەڕیزی ناحەزانیین، ئێمە ئەوەمان قبووڵ نییە، ئێمە خۆمان لە پێشەوەی کارکردن لە بەرژەوەندیی میللەت و سەروەت و سامانی وڵات دەزانین».

فوتابخانەی فینك ی تایبەت

مــژده .. مــژده .. مــژده

دیاری مانگی رەمەزانی پیرۆز لە کۆمەڵگای (های ستی) بۆ خەڵکی شاری هەولێری خۆشەویست.. کۆمەڵگای های ستی قوتابخانەی (فینك)ی بنەڕەتی تایبەت هەڵساوە بە دامەزراندنی قوتابخانەیەکی تایبەت بە کچان بۆ سـاڵـی (٢٠١٠-٢٠١١) پۆلی (٧و ٨و ٩)ی بنەڕەت. وبۆ ساڵی داهاتوو (١٠و ١١و ١٢)ی ئامادەیی دەکرێتەوە بـە شێوازێکی هاوچەرخ، وفێرکردنی قوتابیان لـە سـەر رێنماییەکانی وەزارەتی پـەروەردە وفێرکردنیان بە زمانەکانی عـەرەبی و ئینگـلیزی وخوێندنی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی وکۆمپیوتەر و پەروەردەی ئیسلامی.

هەر کەسێ ئارەزووی ناونووسینی هەیە لە رۆژی ٢٥-٨-٢٠١٠ سەردانی کۆمەڵگەکەمان بکات.

ناونیشان: هەولێر - رێگای کەسنەزان - تەنیشت هۆڵی های ستی

0770 456 5161 -0750 472 3533 -0750 445 3533- 0750 475 5353 -0750 465 9694

سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق زۆر زیاترە 4

## «یەک ملیارو (٤٠٠) ملیۆن دینار لە مەرزی پەروێزخان دیارنەماوە»

**ڕۆژنامە**

دوو ڕێکخراوی گەرمیان لە بەیاننامەیەکیاندا داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و سەرۆکی هەرێم‌و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەکەن، بەپەلە لیژنەیەک پێکبهێنن بۆ بەدواداچوون‌و دیارنەمانی ئەو پارەیەی لە مەرزی پەروێزخان دیارنەماوە.

هەریەکە لە گرووپی (بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی لە گەرمیان)و (دەستەی هەنگاو) لە بەیاننامەکەیاندا ئاماژەیان بەوە کردووە: لەماوەی ساڵ‌و نیوێکدا (١) ملیارو (٤٠٠) ملیۆن دینار دیارنەماوەو ساڵانی پێشتریش (٦٠) ملیۆن دینار دیارنەماوە، جەختیش لەوە دەکەنەوە: بڕی ئەو پارەیەی دیارنەماوە تا دێت بەرەو زیادبوون دەچێت.

هەر لەوبارەیەوە عەدنان قوربانی، بەرپرسی گرووپی بەگژداچوونەوەی گەندەڵیی لە گەرمیان، بە سبەی ڕاگەیاند: ئەگەر کاری پێویست نەکرێت بۆ گەڕاندنەوەی ئەو بڕە پارەیە بۆ گەنجینەی حکومەت، ئەوکات ڕێگای دیکەی مەدەنییانە دەگرینەبەر.

## سەرۆکایەتی فراکسیۆنی گۆڕان بۆ ماوەی ساڵێک دیاریکرا

**ڕۆژنامە**

دوای مشتومڕێکی زۆر لەسەر وەرگرتنی پۆستی سەرۆکایەتی فراکسیۆنی گۆڕان، لە کۆبوونەوەی (٢٠١٠/٨/٢١)ی فراکسیۆنەکە، بڕیاردرا بۆماوەی ساڵێک عەدنان عوسمان وەک سەرۆک‌و ڕێباز فەتاح وەک جێگر دەستبەکاربن.

د.ڕێباز فەتاح، جێگری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «دوای ئەوەی سەرۆک‌و جێگری پێشووی فراکسیۆنی گۆڕان بۆ ماوەی ساڵێک سەرکەوتووانە ئەرکەکانی سەرشانیان ڕاپەڕاند، بۆ وەرگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییە بۆ ساڵێکی دیکە، مانگێک بەر لەئێستا لە هەڵبژاردنێکی فراکسیۆندا کاک عەدنان وەک سەرۆک‌و منیش وەک جێگر هەڵبژێردراین، لە دوایین کۆبوونەوەی فراکسیۆنیش، کە لە (٢١)ی مانگ بەڕێوەچوو، ئێمە دەستبەکاربووین».

بەپێی بڕیارەکانی فراکسیۆنی گۆڕان، سەرۆکایەتیکردنی فراکسیۆنەکە بۆ ماوەی ساڵێک دەبێت‌و دوای تێپەڕبوونی هەر ساڵێک لە هەڵبژاردنێکدا ئەندامانی فراکسیۆن سەرۆک‌و جێگری نوێ هەڵدەبژێرنەوە.



## تەرمی ژن‌و پیاوێک لە سلێمانی بێخاوەنن

**شارا عەبدولڕەحمان**

تەرمی ژن‌و پیاوێکی نەناسراو کە بەجیا دۆزراونەتەوە، زیاتر لە (٢٠) ڕۆژە لە پزیشکی دادوەریین‌و تائێستا کەس خۆی نەکردووە بە خاوەنیان، هەر بۆیە بڕیارە شارەوانی بیاننێژێت.

د.بەرزان محەمەد، پزیشکی پسپۆڕی دادوەریی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە سەرەتای ئەم مانگەدا تەرمی پیاوێکی (٤٠) ساڵان‌و کچێک کە لە بیستەکانی تەمەنیایەتی لەلایەن پۆلیسی ڕاپەڕین‌و پۆلیسی کەنەکەوە هێنران بۆ فەرمانگەکەمان، کە هیچ ناسنامەیەکیان پێ نییەو تائێستا کەسیش خۆی نەکردووە بە خاوەنیان‌و ناشزانرێت خەڵکی هەرێمی کوردستانن یان دەرەوەی هەرێم.

سەبارەت بە شێوازی کوشتنەکەیان ئەو پزیشکە ئاماژەی بەوە دا: ئەوە دەچێتە ڕاپۆرتی پزیشکی دادوەرییەوەو بەنهێنیی دەمێنێتەوە، وتیشی: «ئەگەر تا دوو مانگ کەسوکاریان دەرنەکەوتن، ئەوا ئێمە سەرجەم کارە پەیوەندیدارەکانیان بۆ تەواودەکەین‌و دادوەری لێکۆڵەرەوەش ڕاپۆرتی خۆی ئامادەدەکات‌و ڕەوانەی شارەوانیی سلێمانی دەکرێت، کە ئەوان کفن‌و دفنی دەکەن‌و ژمارەی کۆدی سەر ڕاپۆرتە پزیشکییەکەشیان لەسەر کێلی گۆڕەکەیان دەنووسرێت.

## پڕۆژەیاسایەک بۆ پاڵپشتی گەنجان ڕەتکرایەوە

**ئاوارە حەمید- هەولێر**

سەرەڕای بانگهێشتکردنی بۆ دانیشتنی لیژنەی وەرزش‌و لاوانی پەرلەمانی کوردستان، وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئامادەی کۆبوونەوەکە نابێت، ئەندامێکی لیژنەکەش ڕایدەگەیەنێت: «ئەمە پێشێلکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە».

عەزیمە نەجمەدین، ئەندامی لیژنەی وەرزش‌و لاوان لە پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بۆ کۆبوونەوە بانگهێشتی هەردوو وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیریی‌و لاوانمان کردبوو بۆ گفتوگۆکردن لەسەر (٣) پڕۆژەیاسا، بەڵام وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئامادەی دانیشتنی لیژنەکە نەبوو، کە ئەمەش پێشێلکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە».

پەرلەمانتارەکەی گۆڕان ئاماژەی بەوەشدا: ئێمە وەک فراکسیۆنی گۆڕان پڕۆژەیاسایەکمان بە ناوی پڕۆژەیاسای گرنگیدان بە گەنجان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردبوو، بەڵام بە بیانووی ئەوەی نەبێتە بارگرانیی بەسەر حکومەتەوە، پڕۆژەکە ڕەتکرایەوە.

پڕۆژەیاسای هاوکاریی گەنجان کە هی ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی بوو، دراوەتە لیژنەی وەرزش‌و لاوان‌و لەئێستادا گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، بەپێی ئەم پڕۆژەیە سندووقێک بۆ پاڵپشتی‌و هاوکاریی گەنجان دادەمەزرێت.

## ئەنجومەنی پارێزگاکانی ناوەڕاست‌و باشوور پشتگیریی ئەنجومەنی سلێمانی دەکەن

**چاوان عەلی**

نەبوونی یاسایەک بۆ ئەنجومەن، کێشەی نێوان ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی‌و پارێزگار وەک خۆی دەهێڵتەوە، لەکاتێکدا گشت ئەنجومەنی پارێزگاکانی ناوەڕاست‌و باشوور پشتگیریی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەکەن.

لەماوەی ڕابردوودا ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ئەوەیان خستەڕوو، کە ئەگەر وەڵامی یاداشتەکەیان نەدرێتەوەو لەمە زیاتر دوابکەوێت هەڵوێستیان دەبێت، بەڵام دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێک لە بێ وەڵامیی، ئەنجومەن بێهەڵوێستە. لەم بارەیەوە کاوە عەبدوڵڵا بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی بەوەکرد: «لیستەکانی نێو ئەنجومەنی پارێزگا خۆشیان کۆک نین لەسەر ئالیەتێک، کە ئەگەر ئەو لایەنانە وەڵامیان نەبوو هەڵوێست چی دەبێت، لەنێو ئەنجومەندا چەندین بۆچوون‌و لیست هەیە، کە لیست هەیە لەنێو خۆیاندا بوونەتە دووبەش، ئەمەش وایکردووە هەڵوێست دیار نەبێت، چونکە دەبێت هەموو کۆک بن لەسەری».

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی داوای پشتگیریی ئەنجومەنی پارێزگاکانی ناوەڕاست‌و باشووریان کردووە، کە بەوتەی کاوە عەبدوڵڵا، ئەنجومەنی پارێزگاکانی ناوەڕاست‌و باشوور پشتگیریی خۆیان بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دەربڕیوە بۆ کارکردن بە سیستمی لامەرکەزیی، لە ئێستادا بەشێک لەو پشتگیریانە گەیشتوونەتە دەستیان‌و بەشێکیان ماون.

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەنیازە لەدوای گەیشتنی پشتگیرییەکان، بۆ ڕاگەیاندنەکانی بڵاوبکەنەوە، نەک بەرزی بکەنەوە بۆ حکومەت، چونکە سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پێیوابوو: «هەموو ئەنجومەنی پارێزگاکانی ناوەڕاست‌و باشوور پشتگیریی ئەوە دەکەن، کە ئەوەی ئێستا دەکرێت نایاساییەو پێویستە پارێزگار لەناو ئەنجومەندا هەڵبژێردرێت، ئێمە ئەمەمان بەسە کە خەڵک بیزانێت».

لە ئێستادا ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی‌و پارێزگار هیچ پەیوەندییەکیان نییەو دان بە یاساییبوونی یەکتردا نانێن‌و وەک سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش دەڵێت: «ئەو کێشەیە وەک خۆی ماوەتەوەو چارەسەرەکەی بە پلەی یەکەم لەدەست پەرلەمان‌و بە پلەی دووەم بەدەست حکومەتە، ئەگەر بیانەوێت‌و یاسا بەرقەرار بێت، چارەسەردەکرێت‌و ئەگەر بەپێچەوانەشەوە بێت، ئەوا هەروەک خۆی دەمێنێتەوە تا ڕۆژی هەڵبژاردن، کە نازانرێت کەی دەکرێت».

## کۆمسیۆن هەنگاوەکانی بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێم دەستپێکرد

**هاوڕێ عەبدوڵڵا**

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق سوورە لەسەر بەڕێوەبردنی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم‌و لە ئێستادا سەرقاڵی ئامادەکارییە بۆ ئەو مەبەستە.

عەبدولڕەحمان خەلیفە، بەرپرسی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لیژنەی عەمەلیاتی کۆمسیۆنی باڵا لە کۆبوونەوەی بەردەوامدایە بۆ ئامادەکاریی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان‌و بۆ ئەو مەبەستەش چەند کۆبوونەوەیەک کراوەو لەماوەی ئەم هەفتەیەشدا وۆرکشۆپێکمان هەیە بۆ ئامادەکردنی پلانی تایبەت بە عەمەلیات‌و هۆشیارکردنەوەی دەنگدەران.

هەرچەند بڕیاربوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە کۆتایی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا بەڕێوەبچێت، بەڵام بەپێی زانیارییەکان لەسەر داوای یەکێتی‌و پارتی ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە بۆ بەهاری داهاتوو دواخراوە».

عەبدولڕەحمان خەلیفە، وتیشی: «ئێمە لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا تەنسیقمان هەیە، بەڵام تائێستا ڕۆژی هەڵبژاردن دیارینەکراوەو میزانییەی پرۆسەکەش تەرخاننەکراوە، ئێمە چاوەڕوانی دیاریکردنی وادەکەین، هەرکاتێک وادەکە دیاریکرا، ئێمە دەستدەکەین بە جێبەجێکردنی کارەکان‌و پرۆسەکە بەڕێوەدەبەین».

## (١٨) هەزار خوێندکاری دوانزەیەمی بنەڕەتی لە زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێم وەرناگیرێن

**هەنگاو هاشم- هەولێر**

بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان ڕایدەگەیەنێت: وەزارەتی خوێندنی باڵا (٢٢) هەزار کورسی دابینکردووە بۆ دەرچووانی پۆلی دوانزەیەمی بنەڕەتی، بەڵام ژمارەی ئەو خوێندکارانەی بەشداریی تاقیکردنەوەی کۆتاییان کردووە لە پۆلی دوانزەیەمی بنەڕەتی زیاتر لە (٤٠) هەزارە.

جوان جەلال، بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتنی قوتابیان لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەئێستادا (٢٢) هەزار کورسی خوێندن دابینکراوە بۆ دەرچووانی پۆلی دوانزەیەمی ئامادەیی لە زانکۆو پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام ژمارەی خوێندکاران لە ئێستادا کە بەشداریی تاقیکردنەوەی بەکالۆرییان کردووە لە پۆلی دوانزەیەمی بنەڕەتی، لە (٤٠) هەزار زیاترە، ئەمەش مانای وایە ڕێژەیەکی زۆری خوێندکاران بەبێ شوێن دەمێننەوە».

بەڕێوەبەری ناوەندی وەرگرتنی قوتابییان، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: چارەسەرکردنی کێشەی خوێندکارانی قۆناغی دوانزەیەمی ئامادەیی‌و وەرگرتنی سەرجەمیان لە زانکۆو پەیمانگاکان زەحمەتە، چونکە ژمارەیان ئێجگار زۆرەو وەرگرتنی قوتابییان لە زانکۆو پەیمانگاکان بەپێی نمرە دەبێت، وەرگرتنیان بەپێی ئارەزوو نییە».

عەزیمە نەجمەدین، ئەندامی لیژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی لە پەرلەمانی کوردستان، بۆ ڕۆژنامە وتی: «بەپێی توانای وەرگرتنی زانکۆکان، زیاتر لە (١٥) هەزار خوێندکار دەمێننەوە، چونکە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان تەنیا توانای وەرگرتنی کەمتر لە (٢٥) هەزار خوێندکاریان هەیەو بۆ ئەو مەبەستەش بڕیارە لیژنەکەمان لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵادا کۆببێتەوە، بۆ ئەوەی ڕێگەچارەیەک دابنرێت بۆ ئەم کێشەیە، یان بزانین وەزارەتی خوێندنی باڵا پلانی چییە بۆ ئەو کێشەیە».

### پاشماوەی... دژی دەرهێنان‌و فرۆشتنی نین...

چونکە بە بڕوای ئەو بەرپرسەی بزووتنەوەی گۆڕان؛ ئەوەی کە باسی لێوە دەکرێت، گوایە ئەو داهاتە دەخرێتە حسابێکی داخراوەوەو پێویستە بزانین ئەو حسابە داخراوە چییە؟ چەندەو چۆن سەرف دەکرێت؟ نەک تەنانەت وەزیری داراییش وەک خۆی دەڵێت: «ئاگاداری نییە».

لەبارەی بۆچوون‌و سیاسەتی بزووتنەوەی گۆڕان لەسەر پرسی نەوت لە هەرێم، وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان وتی: «سیاسەتی نەوتی بزووتنەوەی گۆڕان جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی‌و گرنگە سیاسەتێکی نەوتی هەبێت، بەڵام بە داهاتێکی شەفاف‌و ئاشکرا کە لەژێر چاودێریی دیوانی چاودێری دارایی، یان لانی کەم پەرلەمانتاران‌و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران وەک لە یاسای نەوت‌و گازی هەرێمدا هاتووە، ئاگاداری ئەو داهاتەو چۆنێتی سەرفکردنی بن.

ئەو بەرپرسەی بزووتنەوەی گۆڕان دووپاتیشی کردەوە، کە قبووڵ نییە بە خەڵک بڵێن سیقەمان پێ بکەن، ئەوە بۆتان هەڵدەگرین لە حسابی داخراودا، یان دەڵێن: بۆ پڕۆژە خەرج دەکرێت، با ئەو بەرپرسانە ناوی دوو پڕۆژەی گەورە بخەنەڕوو کە بەو پارانە کراوە کە لە داهاتی نەوت بەدەستهاتوون.

# دەستەی نەزاهەی هەرێم، چۆن دەبێت؟

## «سەرۆکایەتی پەرلەمان کەمتەرخەمە لە بڕیارنەدان لەسەر پرۆژەیاسای دەستەی نەزاهە»

**ڕاپۆرتی: سەنگەر جەمال**

هەرچەندە لە ئێستادا لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان گفتوگۆ لەسەر پرۆژەیاسای دەستەی نەزاهە دەکەن، بەڵام بەشێکی پەرلەمانتارانی لیژنەی نەزاهە، سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە کەمتەرخەمو هۆکاری دواکەوتنی یاساکە دەزانن‌و مەترسیی ئەوەش دەخەنەڕوو، کە ئەگەر دەستەکە وەک پێویست نەبێت، هەمان چارەنووسی دیوانەکانی چاودێریی دارایی دەبێت‌و کار بە ڕاپۆرتەکانیان ناکرێت.

### گرنگیی دەستەی نەزاهە

دەستەی نەزاهە، هاوشانی موفەتیشی گشتیی‌و دیوانی چاودێریی دارایی دەتوانێت ڕۆڵی بەرچاوی هەبێت لە ئاشکراکردنی گەندەڵیی‌و لێپێچینەوە لە گەندەڵکاران‌و بیانداتە دادگا، وەک ئەوەی لەماوەی ڕابردوودا دەستەی نەزاهەی عێراق لە بەغدا کە توانیویەتی بەشێوەیەکی بەرچاو گەندەڵیی ئیداریی‌و دارایی ئاشکرابکات‌و چەندین وەزیرو کاربەدەست بداتە دادگا.

بوونی دەستەی نەزاهە لە بەغدا، لەکاتێکدایە کە وەک بەرپرسان باسی دەکەن، ئەزموونی دیموکراسی کوردستان لەپێشترە، بەڵام تا ئێستا لە کوردستاندا دەستەی نەزاهە نییەو لەم خولەشدا لیژنەی نەزاهە لە پەرلەمانی کوردستان دانرا، سەرباری ئەوەی کە بەردەوام بەرپرسانی حکومی‌و حیزبی دان بە بوونی گەندەڵیدا دەنێن، بەڵام تا ئێستا دەستەیەکی لەو شێوەیە لە کوردستان دروستنەکراوە.

سەرهەنگ فەرەج، ئەندامی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان، ئاماژە بە گرنگی بوونی دەستەی نەزاهە دەکات، لەکاتێکدا دەستەیەکی خاوەن دەسەڵات بێت‌و لەژێر ڕکێفی هیچ حیزب‌و لایەنێکدا نەبێت‌و بتوانێت لە بەرپرسە باڵاکان بکۆڵێتەوە، لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە، دەرنەکردنی یاسای دەستەکە دەخاتە ئەستۆی دەسەڵاتداران‌و سەرۆکایەتیی پەرلەمانیش بە کەمتەرخەم دەزانێت لەوەی «نزیکەی (٩)مانگە، پرۆژەیاسای دەستەی نەزاهە لەلایەن حکومەتەوە نێردراوەتە پەرلەمان، بەڵام دواکەوتووە».

لەلایەکی دیکەوە، حەمەسەعید محەمەد عەلی، ئەندامی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان لەسەر لیستی یەکگرتوو، بۆ ڕۆژنامە وتی: «دەستەی نەزاهە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە دەزگایەکی فەرمیی مەیدانیی جێبەجێکردنەو بەدواداچوون بۆ گەندەڵییە ئیداریی‌و داراییەکان دەکات»و هاوڕایە لەوەی کە لێپرسراوانی سیاسی‌و حکومی‌و هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار، کە سەرۆکایەتیی حکومەت‌و پەرلەمان لە دەستی ئەواندا بووە، کەمتەرخەمن لەوەی کە تا ئێستا دەستەیەکی لەو شێوەیە لە کوردستان نییەو «دەیانتوانی پێشتر دەستەکە پێکبهێنن، بەڵام نەیانکردووە».

بەبۆچوونی ئەو، یەکێک لە هۆکارەکانی گەندەڵیی ئابووریی‌و کۆمەڵایەتی‌و دارایی‌و سیاسیی ڕابردوو، نەبوونی دەستەی نەزاهەو موفەتیشی گشتیی‌و کارانەبوونی دیوانی چاودێریی دارایی‌و داواکاری گشتیی‌و زاڵبوونی دەسەڵاتی حیزبی بووە بەسەر ئەو دەزگایانەدا.

هەروەک د. ڕەفیق سابیر لە لێدوانێکی پێشوویدا بۆ ڕۆژنامە، دەڵێت: «گەندەڵیی، بووەتە دیاردەیەکی بەربڵاو لە کوردستاندا، لەبەرئەوە پێویستی بە خەباتێکی بەرفراوان هەیە بۆئەوەی بەرەنگاریی ئەو دیاردەیە بکرێت، چونکە مەسەلەی گەندەڵیی، پەیوەندیی بە ژیان‌و چارەنووسی هەموومانەوە هەیەو هیچ شتێک هێندەی گەندەڵیی هەڕەشەی بۆسەر کۆمەڵگەی کوردستان دروستنەکردووەو چارەنووسی سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی ئێمەی نەخستووەتە مەترسییەوە».

وتیشی: «چاومان بڕیوەتە ئەوەی پرۆژەیاساکە دەربچێت‌و دەستەکە پێکبهێنرێت کە کەسانێک بەڕێوەی ببەن، سەربەخۆو دەستپاک‌و ناسراوو خاوەن دەسەڵات‌و بە ئەزموون بن، دەستەکەش سەر بە پەرلەمان یان سەربەخۆبێت، بەبۆچوونی من، زۆر پێویستە بتوانرێت هەوڵبدرێت کە ئەو دەستەیە بۆ پەردەپۆشکردنی هەندێک گەندەڵیی بەکارنەهێنرێت‌و دەستەیەکی شکلی‌و کارتۆنی نەبێت».

> **د. ڕەفیق سابیر: زۆر پێویستە هەوڵبدرێت کە ئەو دەستەیە بۆ پەردەپۆشکردنی هەندێک گەندڵیی بەکارنەهێنرێت‌و شکلی‌و کارتۆنی نەبێت**

### پرۆژەی دەستەی نەزاهە

دوای ئەو فشارە زۆرانەی ئۆپۆزسیۆن‌و چاودێران، لەئێستادا پرۆژەیاسای دەستەی نەزاهە لە لیژنەی یاسایی‌و نەزاهەی پەرلەمانەو گفتوگۆی لەسەر دەکرێت‌و بڕیارە کۆتایی ئەم مانگە وۆرکشۆپێکی بۆ ساز بکرێت بە بەشداریی کەسانی شارەزاو سەربەخۆو دادوەرو مامۆستایانی تایبەتمەندی زانکۆ لە بوارەکانی ئیدارەو گەندەڵیی‌و پەیوەند بە دەستەکە بۆ گفتوگۆ لەسەر یاساکە.

حەمەسەعید حەمەعەلی، لەو بارەیەوە، دەڵێت: «ئێستا تا مادەی (١١)گفتوگۆمان لەسەر کردووە، دوای ئەو وۆرکشۆپەش، ڕاپۆرت ئامادە دەکەین بۆ سەرەتای گفتوگۆکانی پەرلەمان، ئەو پرۆژەیاسایەی ئێمە ئامادەی دەکەین‌و بەپێی وردەکارییەکان‌و مەرجەکانی، دەبێت کەسانی پرۆفیشناڵ‌و ئەکادیمی‌و بێلایەن بەڕێوەی بەرن، بەو شێوەیە بێت، کاریگەریی دەبێت‌و دەتوانێت پرۆسەی چاکسازیی بەرەوپێشەوە برێت».

### ئایا دەستەکە سەرکەوتوو دەبێت؟

هەرچەندە ئێستا ئومێد هەیە بە دروستکردنی دەستەکەو دەرکردنی یاساکەی لە پەرلەمانەوە، بەڵام بەشێکی چاودێران دووپاتی دەکەنەوە کە کەسانی بێلایەن‌و خاوەن دەسەڵات لە دەستەکەدا بن بۆ ئەوەی بتوانرێت دەستەیەکی کارابێت‌و ئەنجامەکەی وەک ڕاپۆرتەکانی دیوانی چاودێریی دارایی فەرامۆش نەکرێت.

لەوبارەیەوە سەرهەنگ فەرەج دەڵێت: «دەستەی نەزاهەو چاودێریی دارایی، زۆر گرنگن‌و تا کەناڵەکانی چاودێریکردن زۆرتربن باشترە، بۆئەوەی بتوانرێت لە زۆرترین لایەنەوە ڕێ لە گەندەڵیی‌و بەهەدەردانی سامانی وڵات بگیرێت»، ئەو بەپێویستی دەزانێت کە دەستەیەکی چالاک‌و کاراو خاوەن دەسەڵات بێت‌و لە کەسانی سەربەخۆو باڵادەست پێکبێت‌و کارەکانی بێلایەن بێت، «بەڵام لەئێستادا دوو هەزار ڕاپۆرتی دیوانی چاودێریی هەن لەسەر گەندەڵیی‌و بەهەدەردانی پارە، بەڵام کار بەو ڕاپۆرتانە ناکرێت، بۆیە ترس‌وگومان لەوە هەیە کە ئەو دەستەیەش تەنیا هەڵایەکی ڕاگەیاندن بێت‌و کار بە ئیش‌و ڕاپۆرتەکانی نەکرێت، لەکاتێکدا لە داهاتوودا دەبێت کەسێکی بە پلەی وەزیرو چەند بەڕێوەبەری گشتییەکی هەبێت، من زۆر هیوام بە دروستکردنی دەستەیەکی لەو شێوەیە نییە».

بەڵام، جەخت لەوەش دەکاتەوە کە ئەگەر دەستەکە لە کەسانی سەربەخۆو خاوەن دەسەڵات پێکبێت‌و سەر بە پەرلەمان بێت‌و بیتوانێت لە گەندەڵیی بکۆڵێتەوە، «ئەوە بەدڵنیاییەوە، باشە، بەڵام ئایا بەو شێوەیە دەبێت، ئێمە دەمانەوێت دەستەیەکی کارای سەرکەوتوو بێت‌و جێی ئەمەلی خەڵک بێت‌و لە خزمەت سامانی گشتی بێت‌و کەسانی گەندەڵ بداتە دادگاو لێپێچینەوە بکات».

لای خۆشیەوە حەمەسەعید، باس لەوە دەکات، کە ئێستا وەک ڕابردوو نییەو خەڵک‌و میدیاو ڕێکخراوەکان‌و ئۆپۆزسیۆن هۆشیارن‌و هەموویان فشاریان دروستکردووەو چیتر دەسەڵات ناتوانێت ئەزموونەکانی ڕابردوو دووبارە بکاتەوەو «گەشبینم بەوەی کە دەتوانین کاریگەریمان هەبێت، ئەگەر بە ڕێژەیش بێت، ئێمە پرۆژەیاسایەکی هاوچەرخ‌و تۆکمە دادەڕێژین‌و دواتر چاودێریی کارەکانی دەکەین، لە هەر کوێدا زانیمان دەستەکە ئیشەکانی ناکات، هەڵوێستی سیاسی دەنوێنین‌و ڕێوشوێنی یاسایی‌و دەستوورو خەباتی مەدەنی دەگرینەبەر بۆ ئەوەی دەستەکە ڕۆڵی هەبێت، چونکە ئەگەر دەستەی نەزاهەو هاوشێوەکانی کارا نەبن‌و لە ژێر دەسەڵاتی حیزبیی ڕزگاریان نەبێت، بەهەموو شێوەیەک گەندەڵیی تەشەنە دەکات‌و چاکسازیی ناگاتە ئەنجام».

# داواکارانی گشتیی، داوای یاسایەکی نوێ دەکەن

## بارزانی: داواکارانی گشتیی دەتوانن هاوکاری سەرەکی بن لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی

**ڕاپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان**



کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ داواکارانی گشتی

فۆتۆ: krp

داواکارانی گشتیی کوردستان، داوای یاسایەکی نوێ دەکەن تا لە ڕێیەوە سەربەخۆییان لە ڕووی ئیداریی‌و دارایی‌و پێدانی دەسەڵاتەوە بە میکانیزمێکی نوێ دیاریبکرێت.

ئەمە لەکاتێکدایە کە چەند هەفتەیەک لەمەوبەر لیستی دەسەڵات لەناو پەرلەمان پرۆژەیەکی فراکسیۆنی گۆڕانی ڕەتکردەوە کە تایبەت بوو بەو مەسەلەیە.

کۆتایی هەفتەی ڕابردوو لە کۆبوونەوەیەکیاندا لەگەڵ سەرۆکی هەرێم، سەرۆک‌و جێگرو ئەندامانی داواکاری گشتیی، چەند پێشنیازێکیان خستە بەردەم مەسعود بارزانی، کە تێیدا داوای دەرکردنی یاسایەکی نوێیان بۆ داواکاری گشتیی لێکرد، کە سەربەخۆییان لە ڕووی ئیداریی‌و دارایی‌و پێدانی دەسەڵاتەوە بۆ بچەسپێنێت، ئەم داواکارییەش دوای ئەوە هات کە سەرۆکی هەرێم لە کۆبوونەوەکەدا ئاماژەی بەوەکرد: هێزی هەر وڵاتێک لە دەزگا قەزاییەکەیەتی‌و دەبێت ڕێز لە سەربەخۆیی بڕیارەکانی بگیرێت. بارزانی وتیشی: «داواکارانی گشتیی دەتوانن بەهۆی ئەرکەکانیانەوە هاوکاری سەرەکی بن لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیی‌و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات».

محەمەد ڕێکانی، خوێندکاری ماستەر لە سەربەخۆیی داواکاری گشتیدا، پێیوابوو: بەهۆی ئەوەی کە داواکاری گشتیی نوێنەری کۆمەڵگەیە، پێویستە دەسەڵاتێکی سەربەخۆبێت بەدەر لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، هۆکاری ئەوەشی گەڕاندەوە بۆئەوەی کە پێویستە «داواکاری گشتیی، چاودێری بڕیارەکانی دەسەڵاتی دادوەریی بکات‌و بەدواداچوونیش بۆ کارەکانی گەندەڵیی ئیداریی‌و دارایی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بکات، بەڵام ئەگەر هەر وەک ئێستا بمێنێتەوە کە لەژێر دەسەڵاتی جێبەجێکردندایە، دەبێت بۆ هەموو کارێک ڕوخسەت لە وەزارەتی داد وەربگرێت».

یاسای داواکاری گشتیی ژمارە (١٥٩)ی ساڵی (١٩٧٩)ی هەموارکراو لە سەردەمی حیزبی بەعسدا، داڕێژراوەو ئێستا لە ئاستی خواستی داواکارانی گشتیدا نییەو پێیانوایە کە لەگەڵ ئەم سەردەمەدا ناگونجێت، هەروەک دادوەر محەمەد ڕێکانی، ئاماژەی پێدا: یاساکە جگە لەوەی کە لەسەردەمێکدا داڕێژراوە کە مەبەستی سیاسی لەپشتەوەبووەو بۆئەوە بەوشێوەیەی لێکراوە کە دەسەڵاتەکانی کەمبکرێتەوە، «زۆر دووریشە لەو ڕۆڵەی کە ئێمە بۆ داواکاری گشتیی دەخوازین لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیی‌و چاودێریی یاساو بڕیارەکانی دادگا، کە ئەمانە بەو یاسا کۆنە ناکرێن‌و دەست‌و قاچی داواکارانی گشتیی بەستووەتەوە».

بەپێی یاسا (٣١)ساڵەییەکە، تەنیا ماف کە دراوە بە داواکاری گشتیی، تۆمارکردنی سکاڵایە، کە هەر بەپێی یاسا ئەو مافە بەهەموو کەسێکی باڵغی عاقڵ دراوە، لەکاتێکدا داواکاری گشتیی پێویستە دەسەڵاتی بەدواداچوون‌و لێکۆڵینەوەی پێبدرێت.

دوو ساڵ لەمەوبەر داواکارانی گشتیی پرۆژەیاسایەکیان ئامادەکرد، کە تێیدا ماف‌و دەسەڵاتێکی زۆری بۆ داواکارانی گشتیی دەستەبەرکردبوو، بەڵام بە وتەی ڕێکانی، پرۆژەکە لەنێوان وەزارەتی دادو پەرلەمان‌و ئەنجومەنی شورادا، چەندینجار هاتوچۆی پێکراوەو تا ئێستا نەکراوەتە یاسا، هەربۆیە چەند هەفتەیەک لەمەوبەر، فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان ئەو ئەرکەی گرتە ئەستۆو پرۆژەیاسایەکی تایبەت بە داواکاری گشتیی پێشکەشی پەرلەمان کرد، بەڵام بە زۆرینەی دەنگی لیستی دەسەڵات لەپەرلەمان ڕەتکرایەوە.

د. زانا ڕەئوف، ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە: ڕەتکردنەوەی پرۆژەیاساکە، کاریگەریی لەسەر سەروەرنەبوونی یاساو ماف‌و سامانی گشتیی دەبێت، چونکە کاری داواکاری گشتیی، پاراستنی ئەو مافەیەو سستی‌و لاوازیی داواکاری گشتیش لەئێستادا پەیوەندیی بەخۆیانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بەیاساکەیانەوە هەیە.

هاوڕێ تۆفیقی مافناس، پێیوایە: «ڕەتکردنەوەی ئەو پرۆژەیەش بەشێک بوو لەو مشتومڕو ململانێیانەی کە لەناو پەرلەماندا دەگوزەرێت، کە پێویستبوو چ بۆ ئەو پرۆژەیاسایەو چ بۆ پرۆژەی تریش، لیستەکانی ناو دەسەڵات ئەو ململانێ سیاسییانە وەلاوەبنێن، چونکە ئەو جۆرە پرۆژانە پەیوەندییان بە ماف‌و بەرژەوەندیی خەڵکەوە هەیەو پەیوەندیی بە کەسێتیی دامەزراوە دەستووری‌و قانونییەکانی خەڵکی کوردستانەوە هەیە».

بەڵام، گەشبینیی بەرامبەر بە ویستی گۆڕانکاریی تائێستا لەلای دادوەران‌و داواکارانی گشتیی هەرماوەو پێیانوایە کە لەکوردستاندا هەنگاوی گەورە لەوبارەیەوە دەنرێت، ڕاستە ڕەنگە ماوەیەکی درێژخایەنتری بوێت، بەڵام ئەو گۆڕانکارییە هەر دێتەدی.

کەماڵ ڕەزا، دادوەر لە دادگای سلێمانی، پێیوایە: ویستێک بۆ گۆڕانکاریی لەکوردستاندا هەیە، لە گێڕانەوەی دەسەڵات، چ بۆ داواکارانی گشتیی‌و چ بۆ دادگاکان، نمونەشی بەوە هێنایەوە، کە «پرۆژەیاسایەک پێشکەشی پەرلەمان کرا بۆ ئەو مەبەستە، هەرچەندە ڕەتکرایەوە، بەڵام ویست لەسەری بەردەوامە، ئەمە جگە لە کۆبوونەوەی سەرۆکی هەرێم لەگەڵ داواکارانی گشتیی‌و لێدوانی بەرپرسانی هەرێم سەبارەت بە گۆڕانکاریی لە دەسەڵاتەکانی داواکارانی گشتیدا».

سەربەخۆکردنی دەزگای داواکاری گشتیی‌و دەرهێنانی لە چنگی وەزارەتی داد، لە گەلێک ڕووەوە خزمەت بە کۆمەڵگە دەگەیەنێت، کە هاوڕێ مستەفا، خاڵ بەخاڵ بۆ ڕۆژنامەی دیاری کرد، هەروەک وتی: «سەربەخۆیی ئەو دەزگایە، وا دەکات کە خەڵکی ئاسایی‌و کیان‌و دامەزراوە پیشەییەکان سڵ لە کارکردنی نەکەنەوەو هاوکات وادەکات کە جۆرێک لە دانپێدانانی لەلایەن دامەزراوەکانی دیکەوە بۆ دروست ببێت، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو سەربەخۆییە دەیکاتە خاوەنی کەسێتییەکی یاسایی‌و دارایی‌و مەعنەویی خۆی، ئەمەش دەیکاتە دامەزراوەیەکی سەربەخۆی چالاکی بەهێز، کە خۆی بەدواداچوون بکات».

ڕۆژنامە، ویستی سەبارەت بە بۆچوونی خۆیان لەمەڕ ئەو پرسە داواکارانی گشتیی بدوێنێت، بەڵام وتەبێژی دەستەی داواکارانی گشتیی پێی ڕاگەیاندین کە «بەنووسراوی فەرمیی وەزارەتی داد، هەرجۆرە لێدوانێکمان بەبێ ئاگاداریی وەزیری داد بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن، لێ قەدەغە کراوە».

شالاوی عەلی عەسکەری: پێویستە گۆڕانیش موبادەرەی یەکێتی بکات 6

# نان لە بێ قانونیدایە

کەناڵی ئاسمانیی گەلی کوردستان، کە تەلەفزیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، بەرنامەیەکی ڕەمەزانیی پەخش دەکات بە ناوی «بەربانگی گەلی کوردستان». ئەم بەرنامەیە هەر ئێوارەیە، لە کاتی بەربانگدا دەچێتە ماڵە هەژارێک و بەربانگیان لەگەڵ دەکاتەوە. داواش لە خەڵکی بەخشندە و خێرخوا دەکات چییان پێ دەکرێت بۆ ئەو هەژارانە درێغی نەکەن.

لــە ئــەڵــقــەی شـــەوی یەکشەممە، ٢٠١٠/٨/٢٢دا ستافی بەرنامەکە بە وێنەوە بڵاویانکردەوە، کە وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بەڵێنی داونەتێ، هەر خێزانێک لەم بەرنامەیەدا دەربکەوێت، وەزارەتەکەی خاتوو ئاسۆس نەجیب بە کەڵکوەرگرتن لە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی مووچەی بۆ دەبڕێتەوە.

سەبارەت بەم بەرنامەیەو بەڵێنەکەی وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ئەم سەرنجانەمان بە پێویست زانی:

١- یارمەتیدانی هـــەژاران، بۆ کەسێک لە توانایدا هەبێت مەسەلەیەکی مرۆیی‌و ئەخلاقییەو ئارامیی بە دەروون دەبەخشێت.

٢- ئەی ئەو دەیان هەزار خێزانە هەژارەی تەلەفزیۆنەکانی دەسەڵات فریا ناکەون بچنە ماڵیان و پیشانیان بدەن، کێ یارمەتییان بدات و ئاهو نزولەیان لە کێ گیرا ببێت؟

٣- لە هەرێمێکدا، ژێر خاکەکەی دوڕو گەوهەر بێت و لەسەر ئۆقیانووسی نەوت ڕاوەستابێت و ڕۆژانە بایی دەیان ملیۆن دۆلار نەوت و موشتەقاتەکانی ئاودیوی سنوور بکرێن، بۆچی خەڵکی هەژار هەبێت و تەلەفزیۆنی حیزبی دەسەڵات خۆی بکات بە خەمخۆریان؟ بۆچی داهاتی وڵات بە عەدالەت دابەشناکرێت تا هەژاریی لە هەرێم بنبڕ ببێت؟

٤- فراکسیۆنی گـــۆڕان لـــە مانگی سێپتەمبەری ٢٠٠٩-دا پرۆژەیاسای یارمەتیدانی کابانی ماڵی پێشکەشی پارلەمانی کوردستان کرد. پاش هەشت مانگ فراکسیۆنی دەسەڵات، بە کەڵکوەرگرتن لە «زۆرینە» و بە بیانووی «گراننەکردنی باری شانی حکومەت» پرۆژەیاساکەی ڕەفز کرد.

٥- فراکسیۆنی گـــۆڕان، لـــە باتی ڕێکخراوێکی کۆمەڵی مەدەنی کە خاوەنی بـــوو، پرۆژەیاسای هاوکاریی گەنجانی پێشکەشی پارلەمانی کوردستان کرد. لیژنەی وەرزش و لاوانـــی پارلەمانی کوردستان خاتوو ئاسۆس نەجیبی وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی داوەتکرد بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو پرۆژەیاسایە. وەزیـــر، قانوونشکێنیی کـــردو ئامادەی دانیشتنەکە نەبوو (سەیری لاپەڕە ٢ ی ئەم ژمارەیە بکە). دواتر پرۆژەکە بە بیانووی «گراننەکردنی باری شانی حکومەت» ڕەفز کرا.

ســەبــارەت بــە نەهێشتنی هـــەژاریـــی لـــە کـــوردســـتـــان ئــەم پرسیارانەمان لە دەسەڵاتبەدەستانی هەرێمی کوردستان هەیە:

١- بۆچی ئەو پرۆژەقانوونانەی خێری گشتیی و کۆمەڵی کوردستانیان تیایە، لەلایەن فراکسیۆنی دەسەڵات و وەزیرەکانی حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە ڕەفز دەکرێن؟

٢- بۆچی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی کە پرۆژەی حوکمەتی فیدراڵیی عێراقە، بۆ کەسبی حیزبی بەکاردەهێنن؟

٣- بۆچی ئەو پـــرۆژە قانوونانەی لە ئازارەکانی جیاوازیی چینایەتیی کۆمەڵی کوردستان کەم دەکـــەنـــەوە، بە بیانووی «گراننەکردنی باری شانی حکومەت»ەوە ڕەفز دەکەن، کەچی لەو لاوە هەردوو حیزبی دەســـەڵات مووچەی «پیرە ژنانە«یان بۆ نزیکەی ١٠٠٠٠٠ کەس بڕیوەتەوە؟ ئەمەیان باری شانی حوکمەت گران ناکات، یان نان لە بێ قانوونیدایە؟!

٤- بۆچی نایەن دەست بخەنە دەستی ئۆپۆزسیۆن و ٢ قانوون بۆ بیمەی بێکاریی‌و بیمەی کۆمەڵایەتی دەربکەین تا هەژاریی نەهێڵین؟ پارە بەش ناکات؟ دڵنیاین ئەگەر سامان و داهاتی هەرێم عادیلانە دابەشبکرێن، بەشی ئـــاوەدانـــکـــردنـــەوەو بـــووژانـــەوەی کوردستان‌و نەهێشتنی هەژاریی دەکات.

ڕۆژنامە

# سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان
# دەسەڵاتی لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی عێراق زۆر زیاترە

ڕاپۆرتی: سەنگەر جەمال



فۆتۆ: ڕۆژنامە

بەشێکی بەرچاوی پەرلەمانتارانی کوردستان‌و عێراق ئاماژە بەپێویستی گۆڕینی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەکەن، ئەوەش بەوپێیەی جگە لەوەی لەگەڵ واقیعی ئێستادا ناگونجێت، دەســـەڵاتـــی زۆری داوەتــــە ســــەرۆکو دەستەی سەرۆکایەتی، بەشێوەیەک زیاترە لەو دەسەڵاتەی سەرۆکو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەیەتی.

## زۆریی دەسەڵاتەکانی سەرۆک

هەرچەندە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق‌و لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە دانـــراوەو لە خولی یەکەمیدا (٢٧٥) ئەندامی هەڵبژێردراوی لە نەتەوەو لیستە جیاوازەکان هەبوو، دەسەڵاتەکانی سەرۆکو سەرۆکایەتی کەمترن لەوەی کە سەرۆکو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان هەیانە، لەکاتێکدا پەرلەمانی کوردستان ئەزموونی زیاتری هەیەو یەکەم خولی لە ساڵی (١٩٩٢)ەوە هەڵبژێردراوە، بەڵام تائێستا کار بەو پەیڕەوە دەکات، کە (١٨) ساڵە دانراوە.

بەپێی مادەی (٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەسەڵاتی سەرۆکایەتیکردنی ئەو ئەنجومەنە بەدەست ئەنجومەنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکەیەو هەرسێ ئەندامەکەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن دەتوانن مومارەسەی ئەو دەسەڵاتانە بکەن کە پێیان دراوە، بەڵام بەپێی پەیڕەوی ناخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەستەی سەرۆکایەتی لە سەرۆکو جێگرو سکرتێر پێکدێت‌و دەسەڵاتەکانی سەرۆکو ئەو دوو ئەندامەی دیکە جیاکراونەتەوەو زۆربەی دەسەڵاتەکان بەدەست سەرۆکەوەیەو دەسەڵاتەکانی جێگری ســەرۆک بەجیا ئاماژەی پێکراوە، کە دەتوانێت لە غیابی سەرۆکدا جێگەی بگرێتەوەو بەدواداچوون بۆ کاری لیژنەکان بکات‌و لەوبارەیەوە ڕاپۆرت بداتە سەرۆکی پەرلەمان، ئەمە جگە لەوەی بوونی سکرتێر لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستاندا هەمان ئەرک بەجێدەهێنێت، کە بڕیادەر لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەیەتی‌و بەشێک نابێت لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵکو لەلایەن ئەو دەستەیەوە لەنێو ئەندامانی پەرلەماندا دیاریدەکرێت.

جگە لەوەی ڕێکخستنی دانیشتنەکان لــە پــەیــڕەوی نــاوخــۆی پەرلەمانی کوردستاندا خراوەتە ژێر ڕکێفی سەرۆکی پەرلەمانەوە، کە لە خاڵی چوارەمی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی پەرلەماندا هاتووە: «خۆئامادەکردنی پێویست پارێزگاریکردنی

**لە پەیڕەوی ناوخۆدا ئاماژە بە ئەرکو دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمان کراوە بەڵام لە پەیڕەوە هاوتا عێراقییەکەدا ئەو خاڵانە لە ئەرکدا چڕکراوەتەوەو بە دەسەڵات هەژمار نەکراوە**

هێمنیی‌و ڕێکوپێکی لەناو ئەنجومەنداو بۆی هەیە (واتە سەرۆک) دەستنیشانی هێزی نیزامیی پێویست بۆ ئەو مەبەستە بکات‌و لەژێر ڕکێفیدا بێت، بەڵام لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی عێراقدا ئاماژە بە دەسەڵاتێکی لـــەو جـــۆرەی سەرۆکی پەرلەمان نەکراوە.

ئەبلەحەد ئەفرایم ساوا، بڕیاردەری پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئاماژە بە گرنگیی بڕیاردەر دەکـات لە پەرلەماندا، بەوپێیەی کۆمەڵێک کاری دەکەوێتە ئەستۆ، کە لە کوردستاندا سکرتێر بەو ئەرکە هەڵدەستێ، هەروەک دەڵێت: «جێی داخە کە زۆربەی دەسەڵاتەکان لە پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی پەرلەمانە، یان لەگەڵ جێگرەکەی، پێویستە ئەو دەسەڵاتانە دابەشبکرێن‌و ئەو فراکسیۆن‌و لایەنانەی ئەندامی پەرلەمانن بیرو بۆچوون‌و ڕای خۆیان هەبێت، هەڵبژاردنی سەرۆکیش پێویستە گۆڕانکاریی تێدا بکرێت».

## پەیڕەوێکی بەسەرچوو

زۆرێک لە پەرلەمانتارانی کوردستان کـــەمـــوکـــووڕیـــی‌و ڕێـــگـــرەکـــان‌و زۆریـــی دەسەڵاتەکانی ســـەرۆکو سەرۆکایەتی پەرلەمان بۆ پەیڕەوەی ناوخۆ دەگەڕێننەوە، کە (١٨) ساڵ بە سەر تەمەنیدا تێپەڕیوەو پێیانوایە لەگەڵ واقیعی ئێستادا ناگونجێت.

پەیمان عـــیـــزەدیـــن، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، پێیوایە؛ بـــەراورد بە ئەزموونی زۆربەی پەرلەمانی دەوڵەتانی تر، پەرلەمانی کوردستان نموونەیەکی دەگمەنە، ئەوەش بەوپێییەیە پەیڕەوەکەی (١٨) ساڵ لەمەوبەر دانراوە، «کە ئەزموون‌و دنیابینی ئێمە بۆ کاری پەرلەمانی لە ئاستێکی زۆر نزمدا بووەو ئەوەی زاڵبووە بەسەر بیرکردەوەو داڕشتنی ئەو پەیڕەوەدا، زیاتر سیستمێکی قیادییە، کە سەرۆک باڵادەستەو دەسەڵاتی موتڵەقی هەیەو ئەوە لەبەرچاو نەگیراوە، کە پەرلەمان نوێنەرایەتی گەل دەکـــات‌و ســـەرۆکو سەرۆکایەتییەکەی نابێت هاوشێوەی سەرۆکی حیزب‌و حکومەت بێت».

ئەو لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە دووپاتی دەکاتەوە، کە «بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، پەرلەمان بە دەزگایەکی هەڵبژێردراوی نوێنەرایەتیکردنی گەل نەزانراوە، بەڵکو پەرلەمان لە دەزگایەکی حیزبی یا تەنفیزیی دەچێت کە تێیدا ســـەرۆک ڕۆڵـــی باڵای هەیە»،

پـــەیـــمـــان زیـــاتـــر جـــیـــاوازیـــیـــەکـــان ڕووندەکاتەوەو باس لـــەوە دەکـــات، کە تائێستا لە کوردستان تێگەیشتن بۆ زۆرینەو کەمینە ناتەندروستە، بەوپێیەی زۆر جار وا دەبینرێ حوکمی ڕەها لەدەستی زۆرینەدایە، لەکاتێکدا کەمینە لە دنیای دیموکراتیدا ڕاو قسەی هەیەو ڕێکەوتن هەیە لەسەر مەسەلە چارەنووسسازو ستراتیژییەکان لە نێوان تەواوی فراکسیۆنەکان «ئەوە لە عێراقیش وایە هیچ مەسەلەیەکی گرنگ‌و ستراتیژیی تایبەت بە عێراق بەبێ کورد تێناپەڕێنرێت، بەڵام گرفتی سەرەکیی لێرەدا تێکەڵاوبوونی لە ڕادەبەری کاری حیزبی بە کاری حکومیی‌و پەرلەمانەوەیە، بەشێوەیەک کە لایان وایە پەرلەمان دەزگایەکی جێبەجێکردنە بۆ جێبەجێکردنی خولیاکانی حیزبی دەسەڵات‌و کۆنترۆڵکردنی سەرۆکایەتی‌و مانەوەی پەیڕەوەکەی بەوشێوەیەی هەیە، ئەوەش لە بەرژەوەندیی ئەو پارتە سیاسییانەو سستکردنی دامەزراوەی پەرلەمانیشە».

لەلایەکی دیکەوە ئارام قادر، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی، هۆکاری خراپیی دابەشکردنی دەسەڵاتی پەرلەمان بۆ پەیڕەوی ناوخۆ دەگەڕێنێتەوەو پێیوایە: «پەیڕەوەکە پێویستی بە گۆڕانکاریی هەیە».

مانەوەی پەیڕەوەکەش بەوشێوەیە بۆ سیستمی دوو ئیدارەیی‌و ململانێی سیاسیی دەگەڕێنێتەوە، وتیشی: «ڕۆژبـــەڕۆژ کۆتایی بەو دیاردەیە دێت ئومێدەوارین لە ئایندەیەکی نزیکدا پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان گۆڕانکاریی بەسەردا بێت، چونکە نەک تەنیا لە مەسەلەی دەسەڵاتەکاندا پەرلەمانی دواخستووە، بەڵکو لە بڕگەو مـــادەکـــانـــی تریشدا کـــاری پەرلەمانی پەککخستووە».

## «پێویستە سەرجەم لیستەکان ڕۆڵیان هەبێت»

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی عێراق،کارنامەی‌دانیشتنەکان‌بەهەماهەنگیی لەگەڵ سەرۆکی لیژنەکانی پەرلەمان، یان نوێنەرەکانیان دادەنرێت، بەڵام لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا ئاماژە نەکراوە بە ئەنجامدانی هیچ هەماهەنگییەک لەگەڵ لیژنەکانی پەرلەماندا بۆ دیاریکردنی کارنامەی دانیشتنەکان‌و ئەمەش بەو مانایە دێت، کە کارنامەی دانیشتنەکان لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە دیاریدەکرێت، هـــاوکـــات بەپێی پـــەیـــڕەوی نـــاوخـــۆی پەرلەمانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بودجەی ساڵانەی ئەنجومەنەکەو چۆنیەتی سەرفکردنی ڕێکدەخات‌و دەیخاتە بەردەم ئەندامانی بۆ پەسەندکردنی، بەڵام هەنگاوی پەسەندکردنی بودجەی پەرلەمان لەلایەن ئەندامانییەوە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا بوونی نییە.

سەرباری ئەوەی لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا ئاماژە بە ئەرکو دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمان کراوە، بەڵام لە پەیڕەوە هاوتا عێراقییەکەدا ئەو خاڵانە لە ئەرکدا چڕکراوەتەوەو بە دەسەڵات هەژمار نەکراوە.

ئەو جیاوازییانە لە دوو پەرلەمانی وڵاتێکدا مایەی نیگەرانیی بەشێکی پەرلەمانتاران‌و چاودێرانە، ئومێدەوارن پەرلەمانی کوردستان ڕەنگدانەوەی گشت لایەنە بەشدارەکان بێت، کە نوێنەری خەڵکن، هەروەها بوونی دوو پرۆژەی تایبەت بە پەیڕەو لە پەرلەماندا ئەو ئومێدە زیاتر دەکات.

پەیمان عیزەدین، ڕوونیدەکاتەوە، کە لە دنیادا سەرۆکایەتی پەرلەمان سەرۆکایەتی ئیداریی پەرلەمانەو کاری ڕێکخستنی ئیدارەی دانیشتنەکانە، «نەک ئـــەوەی حاکمی موتڵەق بێت‌و بە واتا مەعنەوییەکەی سەرۆکی پەرلەمان بێت»، ئەو دەڵێت: «پەرلەمان خستنەوە سەر سکەی خۆی، دەبێت لە گۆڕینی پەیڕەوی ناوخۆوە دەستپێبکات، کە هاوتەریب بێت بە کاری پەرلەمانتاریی لە دنیادا، بەشێوەیەک سەرۆکی پەرلەمان سەرۆکی ئیداریی پەرلەمان بێت‌و دەسەڵاتەکانی دیکە بەتایبەت دەسەڵاتی دانانی بەرنامەی کـــار بۆ ڕیزبەندیی‌و ئـــەولـــەویـــەت بۆ پڕۆژەیاساکان‌و دانیشتنەکان لە دەستی ئەجومەنێک بێت، کە نوێنەری سەرجەم فراکسیۆنەکانی تێدا بێت بە ئۆپۆزسیۆن‌و دەسەڵات‌و سەرۆکو جێگرەکەی دەکرێت لەو ئەنجومەنەدابن».

هەروەک ئارام قادر، دەڵێت: «چاوەڕێ دەکەین لـــەدوای پشوو گۆڕانکاریی لە پەیڕەوی ناوخۆ بکرێت، کە یەکێک لەو خاڵانەی پێویستە دەستکاریی بکرێت سەلاحیەتی سەرۆکایەتییە لەنێوان ســـەرۆکو جێگرو سکرتێرەکەیدا، ئێمە وەک ئۆپۆزسیۆن داواکاریی زۆرمان هەیە بۆئەوەی پەیڕەوەکە بگۆڕێت بەشێوەیەک لەگەڵ ئەمڕۆدا بگونجێت».

هـــەروەک بڕیاردەرەکەی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە دەبێت یەکەمین هەنگاو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بگۆڕێت، بەشێوەیەک لەگەڵ ئەمڕۆدا بگونجێت، بۆئەوەی پەرلەمانێکی کارابێت‌و ڕەنگدانەوەی سیاسەت‌و دنیابینی ئێستا بێت، «نەک پەرلەمانێک بۆ خاوەنی چەند کەسێک کە خەباتیان هەبێت، ئەوەی ئێستا هەیە ناگونجێت لەگەڵ ڕۆڵی پەرلەمان».

لەبارەی بوونی جیاوازیی لە نێوان پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان‌و عێراقیش وتی: «جیاوازیی زۆرە، چونکە ئەوەی کوردستان هی هەرێمە، ئەوەی

**سەرۆک باڵادەستەو دەسەڵاتی موتڵەقی هەیەو ئەوە لەبەرچاو نەگیراوە کە پەرلەمان نوێنەرایەتی گەل دەکات‌و سەرۆکو سەرۆکایەتییەکەی نابێت هاوشێوەی سەرۆکی حیزب‌و حکومەت بێت**

ناوەند هی فیدراڵەو پەیڕەوو پرۆگرامی هەر پەرلەمانێک جیاوازە، بەڵام دەبێت گۆڕانکاریی لە شێوازی کاری پەرلەمانی کـــوردســـتـــان بـــکـــرێـــت، بـــەشـــێـــوەیـــەک دەسەڵاتەکان دابەشبکرێن‌و پەرلەمان ڕۆڵی ئەوەی هەبێت لە سەرۆک وەزیران‌و سەرۆکی هەرێم بکۆڵێتەوەو چاودێرێکی جدیی بێت لەسەر حکومەت».

# د.بورهان یاسین: فراکسیۆنی گۆڕان کەمتر گرنگی داوە بە ڕەهەندەکانی دەرەوەی سیاسەتی هەرێم



سازدانی: ڕۆژنامە

بەشی دووەم

**د.بورهان یاسین، لێکۆڵەری سیاسیی‌و کەسایەتییەکی دیاری بزاڤی نەتەوەیی کوردە لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان. لەم چاوپێکەوتنە تایبەتەدا (ڕۆژنامە) لەسەر کۆمەڵێک باس‌و خواسی سیاسیی دواندوویەتی.**

**ڕۆژنامە: گۆڕان لەم هەڵبژاردنەدا لە سنووری پارێزگای دهۆک، دوو هێندەی هەڵبژاردنی (٧/٢٥)ی ساڵی پار دەنگی هێنا، هەندێک لە چاودێران دەڵێن، بەرزبوونەوەی کێرڤی جەماوەریی گۆڕان لە بادینان پەیوەندیی بە کەسایەتی تۆوە هەبووە؟**

* بە باوەڕی خۆم ئەو دەنگانەی کە گۆڕان بەدەستی هێنان بە پلەی یەکەم هی بێزاریی جەماوەری ئەو دەڤەرە بوو، هەرچەندە ئەگەر بەپێی بێزاریی ڕاستەقینە بێت کە لەو دەڤەرە هەیە دەبووایە دەنگەکانی گۆڕان زۆر زیاترو بگرە چەند بارە زیاتر بوونایە، بەڵام بەداخەوە خەڵک ئازاد نییە لە دەنگدان. هۆکارەکەی تر لەو سەرکەوتنەی گۆڕان ڕۆڵی ماندوونەناسانەی ستافی گۆڕان بوو لەناو دهۆک‌و لە قەزاو ناحیەو لادێکان لە دەڤـەرەکـە، بەتایبەتی دەخوازم ئاماژە بە ڕۆڵی بەڕێز کاوە بەرواری بکەم کە وەک گۆڕانخوازێک بۆ جاری دووەم لە نەرویج گەڕابووەوەو یارمەتییەکی زۆری داین لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا.

لەلایەکی دیکەوە ئێمەش (من‌و خوشک‌و برایانی ناو لیستەکەی گۆڕان لە سنووری پارێزگای دهۆک) بەبێ دوودڵی‌و سڵەمینەوە ئەو ئەرک‌و تەحەددایەمان قبووڵکردو لەگەڵ هەستیاریی ڕادەبەدەری چالاکی سیاسیی لە دەرەوەی حیزبی دەسەڵاتیشدا لەم ناوچەیە، لەکاتی بانگەشەدا هەردەم شانبەشانی ستاف‌و چالاکوانانی گۆڕان بووین‌و تا توانیشمان چووینە ناو جەماوەر بۆ سەرخستنی پڕۆسەی بانگەشە.

لەلایەکی دیکەوە پێویستە ئەو سەرکەوتنە بە جوانی ببینرێت‌و بە جدیی‌و گرنگی‌و بە هەند وەرگرتنی زۆرەوە سەرکردایەتی گۆڕان کار لەسەر ئەو ژمارەیە کە لە دەڤەرا بەهدینان بەدەستهاتووە، بکات، کە من بە داخەوە بە ڕاشکاوانە دەڵێم نەکراوە، هەروەک پێشتریش ئاماژەم بە لایەنێکی ئەم مەسەلەیە کرد.

**ڕۆژنامە: بە ڕای ئێوە کە ئەو ماوەیە لە سنووری پارێزگای دهۆک مانەوە، بۆچی خواست بۆ گۆڕان (گۆڕان وەک پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسیی، نەک وەک حیزب) لە ناوچەی بادینان لاوازە، ئایا ئەم خواستە لای خەڵکەکەی لاوازە یان دەسەڵات لەو ناوچەیە ئاستەنگە؟**


* سەرەتا کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کە لە ڕووداوە سیاسییەکان‌و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەگشتیی ناوچەی بەهدینان لەسەرخۆیی‌و درەنگکەوتنێکی پێوە دیاربووە، ئەگەر بشمانەوێت ئەو دیاردەیە هەندێک جوان بکەین دەتوانین بڵێین جیا لە ناوچەکانی تر، بەتایبەتی جیاواز لە ناوچەی سلێمانی‌و دەوروبـەری، دەڤـەرا بەهدینان نەفەسدرێژییەکی بەرچاوی پێوە دیار بووە، جا با ئەو نەفەسدرێژییە مانایەکی سلبیش بەخۆوە بگرێت، بۆ نموونە درەنگکەوتنی ئەو دەڤەرە لە ڕاپەڕینەکەی بەهاری (١٩٩١)دا، لەلایەکی دیکەوە ئەو دەڤەرە باجی دوو شت دەدات، کە یەکێکیان بوونی دەسەڵاتی ڕەهای پارتییەو ئەویتریشیان باجی دابەشبوونی باشووری کوردستانە لەنێوان دەسەڵاتی پارتی‌و یەکێتی، کە ڕەگ‌و ڕیشەکانی بۆ ساڵانێکی دوورو درێژی دابەشکردنی ئەو بەشەی کوردستان بۆ دوو ناوچەی هەیمەنەی پارتی‌و یەکێتی، بە داخــەوە ئەو دابەشبوونە، کە دەکرێت وەکو کاریسەیەکی سیاسیی بۆ نەتەوەی کورد هەژمار بکرێت، لە چوارچێوەی ئەو لەیەکگەیشتنە ناموقەددەسەی کە پێیدەوترێت هاوپەیمانیی ستراتیژی (پارتی‌و یەکێتی) دەها بەرجەستەو قووڵتر کراوەتەوە.

لە لایەکی دیکەوە بەپێی ئەو ئاگادارییەی من هەمە لە باری سیاسیی لەو دەڤەرەدا، بێزاریی لە دەسەڵاتی پارتی‌و خواست بۆ گۆڕان لەوە زۆر زیاترە کە تۆ بتوانی بە ژمـارەی ئەو دەنگانە هەڵیسەنگێنی، کە لە هەڵبژاردنـی (٣/٧)دا بەدەستهاتووە.

هەر لە سۆنگەی ئەم بەشەی وەڵامەکەمدا، دەڵێم تەحددایەکی هەرە گـەورەی بەردەم بزاڤی گۆڕان ئەوەیە، کە ئەو دیوارەی نێوان بەهدینان‌و سۆران (کە من بە دیواری بەرلین، وەک شوبهاندن ناوزەدم کردووە) ببینێت‌و بە ڕاشکاوانەتر باس لەو مەسەلەیە بکات، درووشمی ڕووخاندنی ئەو دیوارە بەرزبکاتەوە بە خوێندنەوەیەکی ڕاستگۆیانە لەم ڕوانگە سیاسییە تاڵەو بە بەرزکردنەوەی دروشمی ڕووخاندنی ئەو دیوارە، گۆڕان دەتوانێت ببێت بە بزاڤی هەموو باشووری کوردستان‌و لەم ڕێگایەوە نەک هەر مۆری بەناوچەییبوون‌و (هەندێکجار گوناهبارکردن بە ناوچەگەریش) لەسەر خۆی لادا، بەڵکو گۆڕان بشبێت بە هەڵگرو پەیڕەوکاری پـرۆژەی نەتەوەیی لە خەملاندنی پانتایی سیاسیی نەتەوەدا لە باشووری کوردستان، جگە لەوەش بە کارێکی ئەوها، گۆڕان دەتوانێت یەکێک لە بنەماکانی جوگرافیای سیاسیی دەسـەڵاتـی گەندەڵ بهەژێنێت‌و بە جدیی لاوازی بکات.

**ڕۆژنامە: وەک لێکۆڵەرەوەیەکی سیاسی‌و بەئاگا لە بارودۆخی کوردستان، پێتانوایە لەماوەی ساڵێکدا بزووتنەوەی گۆڕان لەکوێوە دەستیپێکرد و بۆ کوێ گوزەر دەکات؟**

* بە باوەڕی خۆم، بە زۆر پێوەر ساڵێک‌و ئەوەندە لە تەمەنی گـۆڕان زیاتر چیرۆکی سەرکەوتنە تا هەر شتێکی دیکە، هەروەک لە بابەتەکەمدا بەر لە نزیکەی ساڵێک ئاماژەم پێکردووە، گۆڕان کۆمەڵێک مێتۆدی کارکردن‌و جیهانبینی سیاسیی بۆ خۆی هەڵبژارد، کە پێشتر تا ڕادەیەکی زۆر لە باشووری کوردستان بوونیان نەبوو یان زۆر لاوازبوون، لەوانەش بۆ نموونە ئۆپۆزسیۆنبوون، خۆڕاگەیاندن وەک بزاڤێکی مەدەنی، ڕەفزکردنی دیاردەی نێگەتیڤانەی پڕچەککردن‌و بە میلیشیاکردنی حیـزب‌و بانگەشەکردن بـۆ کلتوورێکی سیاسیی نوێ لەمەڕ تێگەیشتن لە سیاسەت‌و مەرجەکانی خەباتی سیاسیی، لەلایەکی دیکەوە وەڵامدانەوەی بەشی دووەمی پرسیارەکەت زەحمەتترە، بە هەرحاڵ، وەڵامەکە دەکرێت دوو شێوەی هەبێت، کە یەکێکیان هیواخواستنە‌و ئـەوەی تریان تـەواو جیایە، ئەویش دانی هەندێک پێشبینییە ڕوو لە داهاتوو، لە ڕاستیدا وەڵامـدانـەوەش لەو هـەردوو سۆنگەیەوە پێویستی بە قسەی زۆرە، زۆر بەکورتی، گۆڕان لەبەردەم کۆمەڵێکی زۆری تەحەددا دایـە کە هەندێکیان ئاستی ئایدیۆلۆژیی‌و هەندێکیان ئاستی ڕیکخراوەیی‌و هەندێکیشیان ئاستی سیاسەتی عەمەلی، بەتایبەت لە بەغدا، دەگرنەخۆ، بە باوەڕی خۆم ئەرکێکی هەرە قورسی سەر شانی سەرکردایەتی گۆڕان ئەوەیە، کە بە تەواوەتی خۆی ڕزگار بکات لە سێبەری قورسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کۆمەڵێک هەنگاو دەخوازێت کە هەندێکیان پەیوەندیی بە مەسەلە مێژووییەکانەوە هەیەو هەندێکیان



ئایدیۆلۆژین‌و هەندێکیشیان پەیوەستن بە سیاسەتی عەمەلییەوە.

هـەر بۆ نموونە، لە ڕووی سیاسەتی عەمەلییەوە ئـەوەی لە ماوەیەکدا ڕوویـدا ئەوەبوو کە پەیوەندییەکی «باشتری» گۆڕان لەگەڵ پارتی بە پەیوەندییەکی خراپتر لەگەڵ یەکێتی تەواوبوو، ئەگەرچی پێچەوانەکەشی (پەیوەندیی خراپ لەگەڵ یەکێتی گۆڕانی پاڵدا بەرەو پەیوەندیی باشتر لەگەڵ پارتی)، دەکرێت ڕاست بێت، لە ئاستی تەکتیکیدا ئەوە دەگوترێت کە گۆڕان ناتوانێت هاوکات ململانێی پارتی‌و یەکێتی بکات، ئەگەر ئەم تێزەش لە ئاستی تاکتیکدا ڕاست بێت، ئەوا هەرگیز لە ئاستی ستراتیژیدا، «موجامەلەی» زێدەی گۆڕان لەگەڵ هەر لایەن‌و دەسەڵاتێکی گەندەڵ لە ئاکامدا گران دەکەوێت لەسەر بزاڤی گۆڕان. دواجار، گۆڕان نابێت شتێک بکات کە حاڵەتێکی دژایەتی دروستببێت لەگەڵ ئەو متمانە جەماوەرییە گەورەیە، کە ئەو بزاڤە بەدەستیهێناوە، یان بنەما هەرە گرنگەکانی ئەم متمانەیە بهەژێنێت!

**ڕۆژنامە: بە دیاریکراویی، ڕەخنەکانت لەسەر مـاوەی یـەک ساڵی کارکردنی (فراکسیۆنی گۆڕان) لە پەرلەمانی کوردستان چییە؟**

* بەگشتیی ئەم فراکسیۆنە چالاک بووەو توانیویەتی وەک هێزێکی سەرەکی ئۆپۆزسیۆن ڕۆڵێکی چالاک ببینێت لە پەرلەماندا، بەتایبەتی لە مەسەلەی بودجەدا، فراکسیۆنی گۆڕان مێژوویان بۆ خۆیان‌و بزاڤی گۆڕان تۆمارکرد، کە بڕوام وایە ئەم سەرکەوتنە یاریدەدەری گۆڕان بوو لە هەڵبژاردنەکانی (٣/٧)دا.

لە لایەکی دیکەوە یەکێک لەو تێبینیانەی کە مرۆڤ دەتوانێت هەیبێت، ئەوەیە کە ئەم گرووپە پەرلەمانییە کەمتر گرنگی داوە بە ڕەهەندەکانی دەرەوەی سیاسەتی هەرێم، بۆ نموونە لە سەروبەندی سەفەری سەرۆکی هەرێم بۆ تورکیاو قسەکردنی لەبەردەم پەرلەمان بەو بۆنەیەوە دەرفەت ڕەخسا بۆ فراکسیۆنی گـۆڕان کە هەڵوێستی خۆیان دەربـارەی ڕەهەندی دەرەوەی سیاسەتی هەرێم، هەر نەبێت بۆ خەڵکی کوردستان ڕوونبکەنەوە. دەکرا لەو ڕوونکردنەوەیەدا جگە لە دیدی گۆڕان دەربارەی ڕەهەندەکانی دەرەوەی سیاسەتی هـەرێـم، سیاسەتە کوردستانییەکانیشی (واتە هی بزاڤی گۆڕان) ئاشکرا بکەن، تا ئەو جێگەیەی من ئاگادارم، ئەوەی من ئاگادار بم فراکسیۆنی گۆڕان لەو بۆنەیەدا ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە کە بیروبۆچوونی ئەو فراکسیۆنەی دیارکرد لەسەر یەکێک لە ڕەهەندەکانی قسەکانی سەرۆکی هەرێم، کە لە پەرلەماندا کردی، کە ئەویش بابەتی میدیا بوو بە پەیوەندیی لەگەڵ مەسەلەی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان. لەکاتێکدا دەبێت ئەوە بگوترێت کە یەکێک لەو کارە باشانەی فراکسیۆنی گۆڕان‌و بزاڤەکە کردبێتیان، گرنگیدان بووە بەو بابەتە، کە تائێستاش ئەو گرنگیدانە هەر بەردەوامە، لە لایەکی دیکەوە گرنگ‌و پێویستبوو لەو دەرفەتەدا ئەو فراکسیۆنە بۆچوونی خۆی دەربارەی چوونی سەرۆکی هەرێم بۆ تورکیا ڕوونبکردایەتەوە. لە ڕاستیدا ئێمە حەز بکەین یان نا، ئەوا تورکیا هەردەم بەشێوەیەک یان شێوەیەکی تر کێشەی کورد لە تورکیا بە باشووری کوردستانەوە هەتا بگرە بەبێ بابەتیبوونی بنکەکانی PKKش، گرێدەدات، ئەی باشە لایەنە کوردییەکان بۆ ئەو بەیەکەوەگرێدانە نەبینن‌و هەوڵی خەملاندنی سیاسەتێکی پڕ بە پێست نەدەن لەو بارەیەوە، دەبێت ئەوەش بڵێین کە لە نەبوونی سیاسەتێکی ئەوهادا بەرپرسیارێتییەکی زۆر دەکەوێتە سەر شانی PKKش. ئێستاش ئەو هێزە ئەسیری ڕوح گەورەیەک‌و خۆبەزلزانی‌و جیهانبینی ئایدیۆلۆژیی‌و سیاسییەکە کە بووەتە هۆی ئەوەی ئەو دابڕانەو پەرتەوازییەی کە هەیە لە هەڵوێستەکاندا.

**ڕۆژنامە: ئێستا بزووتنەوەی گۆڕان لە هەوڵی ئۆرگانیزەکردندایە، بەڕای ئێوە، پێویستە چی بکات بۆئەوەی پڕۆژەی گۆڕان کامڵ بکات؟**

* سـەرەتـا وا دەزانـم گـۆڕان لـەوەدا سەرکەوتوو بوو، کە پەلەی نەکردووە لە مەسەلەی خۆڕێکخستنی، یا ڕاشکاوانەتر بڵێین لە بەحیزببوون. لەگەڵ ئەوەشدا لەوەدەچێت کـەوا بەحیزببوون مەسەلەیەکی حەتمییە دەبێت زوو، یا درەنگ ڕووبدات، ئەو شتەی تر کە ڕوویداوەو تەندروستە ئەوەیە کە ئەم باسوخواسی بە حیزببوونە لەناو ژمارەیەکی کەم لە هەڵسوڕاوانی گۆڕان سنووردار نەکراوە، بەڵکو بگرە شۆڕبووەتەوە بۆ ناو جەماوەریش، ئەمە خۆی لە خۆیدا یارمەتیدەرە لەوەی کە تاکی چالاکانی گۆڕان خۆی وەک ژمارەیەکی سادە

> "سالێک لە تەمەنی گۆڕان، زیاتر چیرۆکی سەرکەوتنە"

نەبینێت لەناو ژمارەیەکی گەورەدا، بەڵکو وەک چۆنایەتییەکی گرنگ کە دەتوانێت کاریگەریی زۆری هەبێت لەسەر ڕەوتی بەحیزببوون، نەک هەر ئەوە، بەڵکو داوەتکردنی گۆڕانخوازان بۆ ئەوەی بیرو بۆچوون‌و پڕۆژەی خۆیان لەمەڕ بەحیزببوون‌و پرۆگرامی سیاسیی ئەو حیزبەی دروستدەکرێت، ڕۆڵی گرنگی دەبێت لە بە دیموکراسیکردنی سیاسەت لە وڵاتی ئێمەدا، ئەگەرچی دەبێت ئەوەش بگوترێت، کە بۆ سەرکردەکانی گۆڕان کارێکی ئێجگار قورسە کە ئەو هەموو بیرو بۆچوون‌و پڕۆژانە پۆلێن بکەن‌و کەناڵیزەیان بکەن بۆ کۆنگرەی دامەزراندن، (یا کۆنگرەی یەکەم)ی گۆڕان!

**ڕۆژنامە: نەوشیروان مستەفا دەڵێت: ئێمە حیزبێکی عەقائیدی‌و ئایدیۆلۆژیی نین، ئایا دەبێت بزووتنەوەی گۆڕان خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو بێت؟، یان خاوەن لائیحە؟، یان بەرنامەیەکی سیاسیی کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیریی بەرفراوان بێت؟**

* ئەو قسەیە بە شێوەی جیاجیا کراوە، یا هەرنەبێت خەڵکی بە شێوەی جیاجیا تەرجەمەو تێگەیشتنی بۆ کردووە، دیارە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەو قسەیە داوا لە خۆی بکرێت باشترە بۆ ئەوەی ڕوونکردنەوەی زیاتر بدات لەم بارەیەوە، بەڵام بە بۆچوونی خۆم لەوانەیە مەبەست لە وشەی عەقیدی‌و ئایدیۆلۆژیی زیاتر هـەوڵ بێت بۆ خۆ دوورگـرتـن، یا ڕاستتر بڵێین: دوورگرتنی گۆڕان لە هەوڵی یەکڕەنگکردنی ئایدیۆلۆژیی ئەو حیزبەی کە لە بزاڤەکە دەکەوێتەوە، ئەگەر ئەوەش وابێت ئەوا بۆچوونەکە گرنگ‌و پێویستە، چونکە هەر زوو ئێمە دەزانین کە لە ناو بزاڤی گۆڕاندا بۆچوونی ئایدیۆلۆژیی جودا جودا هەن، وە پاراستنی ئەم فرەڕەنگییەش ڕاستەوخۆ لەڕێگەی خۆدوورگرتن لە «یەکڕەنگکردنی ئایدیۆلۆژی» دەبێت. لە تێڕوانینێکی گشتیشدا، ناکرێت خۆت لە بۆچوونی ئایدیۆلۆژیی دوور بگریت، چونکە زووربەی جار هەر بۆچوونێکی سیاسیی خاڵی لێوەدەرچوونێکی فیکری (تۆ بڵێ ئایدیۆلۆژیی) لەپشتەوەیە، بە مانایەکی تر ئەو بۆچوونە فیکرییە سەرچاوەی ئیلهام‌و خاڵی بۆ گەڕانەوە (reference)ە بۆ بۆچوونە سیاسییەکە.

لەلایەکی ترەوە من زۆرتر پەنام بردووەتە بەر چمکی بەلشەفی (یا حیزبی بەلشەفی، هەندێک جار بە لینینیش نـاوزەد دەکـرێ) لە باسکردنی حیزبەکانی سـەر پانتایی کوردستانی مەزن، نەک هەر باشوور، بە بۆچوونی خۆم ئەو چەمکە (واتە چەمکی بەلشەفی‌و بەلشەفیزم) لە فراوانکردنیدا دەکرێت گوزارشت بێت لە کۆمەڵێ شتی گرنگ لە مێژووی حیزبی شیوعی سۆڤیەتی، شیوعیەکانی ئـەوروپـای ڕۆژهـــەڵات‌و تەجرەبەی سۆڤیەت‌و وڵاتانی مەنزومەی سۆسیالیستی پێشوو لە دەوڵەتداریی‌و سیستمی سیاسیدا، لـە فـراوانـکـردنـی جوغرافیشدا ئەو ئەزموونە لە جیهانی سێیەم بە فراوانی تاقیکراوەتەوە.

لە چمکی بەلشەفی، یا بەلشەفیزم کۆمەڵێک دیاردە کۆبوونەتەوە کە ڕزگاربوون لێیان پێویستە:

١) خۆ وێناکردن وەک حیزبی سەرکردەو پێشڕەو و پێشەنگ.

٢) سەپاندنی ڕەوایەتی سیاسیی لەسەر بنەمای بۆچوونێکی ئایدیۆلۆژیی (زۆرجار دۆگمایەکی ئایدیۆلۆژیی)، نەک ڕەوایەتی‌و نوێنەرایەتی دیمۆکراسی.

٣) سەپاندنی ئیرادەی تاکە حیزبێک لەسەر تەواوی پانتایی کۆمەڵایەتی‌و سیاسیی نەتەوە، بە مانای یەکسانکردنی پانتایی نەتەوە، یا دەوڵەت بە پانتایی حیزب، کە ئەمەش کۆمەڵێک گرژیی‌و ململانێی (هەندێک جار خوێناویشی) لێدەکەوێتەوە.

٤) خۆ، یا ڕاستتر بڵێین حیزبی خۆ، بە هەموو شتزانی‌و قەبووڵنەکردنی ئەو ڕاستییەی کە حیزبەکەی ئەو تەنیا ژمارەیەکە لەناو ژمارەکان، زۆر جار لە نوکتە سیاسییە کوردییەکاندا، بۆ نموونە دەوترێت حیزبی فلانی بە ئەندامان‌و سەرکردەکەی بە یەک قابلەمە دۆڵمە تێر دەخۆن، بەداخەوە ئەم نوکتەیە دەربـڕی کەلتوورێکی سیاسیی سەقەتەو لەسەر بنەمای ئەوی تر بەهیچ زانین‌و بە هەند هەڵنەگرتنی پێهەڵدەگرێت.

٥) شتێک کە لە سایەی کەلتووری حیزبە بەلشەفیەکان گەشەی کردووە، فەرزکردنی دەسەڵاتی حیزبە بەسەر دەوڵەتدا، دواجار لەسەر حسابی حیزبی بەهێز دامـەزراوەی بێهێزی دەوڵەت‌و کۆمەڵگەی بێهێزو تاکێکی بێهێز بەرهەمدێت، ئەم پێشووەچوونەش لە بۆچوونی مارکسی- لینینی پێهەڵدەگرێت، لەوەی کە دەوڵەت تەنیا ئامرازێکە لە دەست چینێکی کۆمەڵایەتیدا (تۆ بڵێ دواجار لە دەستی حیزبی ئەو چینە) دژ بە چینێکی تر، ئەوەش ئاسانکاریی دەکات بۆ ئەوەی حیزب کۆنترۆڵی دەوڵـەت بکات، هەر لەو بۆچوونەوەیە کە ستالین بە تایبەتی لە (١٩٣٠)ەکاند پرۆسەیەکی کۆمەڵکوژی لەناو کۆمەڵگەی سۆڤیەتدا پیادە کرد لە ڕێگەی بەکاربردنی ماکینەی دەوڵەت.

٦) دیموکراسی مەرکەزی، کە پەراوێزی زۆر ناهێڵێتەوە بۆ گەشەکردنی ئیرادەو تواناکانی داهێنانی ئەندامان‌و جەماوەری حیزب.

بەشبەحاڵی خـۆم حـەزدەکـەم لەو بابەتەدا، جگە لەو ڕوونکردنەوەیەی پێشتر، بە گرنگییەکی تایبەتیەوە جەخت بکەمەوە سەر دوو مەفهوومی کوردستانیبوون‌و دیموکراسیبوونی ڕاستەقینە لە هەر هەوڵێکدا بۆ ڕێکخستنی تاکەکان لە چوارچێوەی پانتایی نەتەوەدا، لێرەدا کوردستانیبوون نەک بە زەرووورەت بە مانا ئیتنییەکەی، بەڵکو بە مانا هەرە فراوانەکەی (هاووڵاتیبوون)، کە ئەویش بە دەستوورو یاسا ڕێکدەخرێت، لەو چوارچێوەیەشدا ماف‌و ئازادییەکانی تاکەکانی پارێزراو دەبێت‌و پانتایی نەتەوەش، بەبێ جیاوازیی سیاسیی‌و ئایینی‌و ڕەگەزیی‌و چینایەتی، هی هەموو تاکەکان دەبێت.

داوای دەستلەکارکێشانەوەی بەرپرسانی کەرکوک دەکرێت 8

## شالاوی عەلی عەسکەری:

# پێویستە گۆڕانیش موبادەرەی یەکێتی بکات





سازدانی: ڕۆژنامە

**شالاوی عەلی عەسکەری، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی نێوان گۆڕان و یەکێتی بە قازانجی بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتییان دەزانێ و دەڵێت: «جەماوەر تەفرەقەی پێ ناخۆشە، حەزی بە نزیکبوونەوەیە».**
**لەبارەی بارودۆخی حیزبەکەشی دوای کۆنگرە، پێیوایە: تا ساڵی (٢٠٢٠) یەکێتی سێ چوار کۆنگرەی دیکە بکات، ئەوسا یەکێتی دەبێتە حیزبێکی موئەسەساتی.**

**ڕۆژنامە: ماوەیەکە باس لە ئاساییکردنەوەو دروستکردنی پەیوەندیی لەنێوان یەکێتی و گۆڕان دەکرێت، تێڕوانینی سەرکردایەتیی یەکێتی لەم ڕووەوە چۆنە؟**

* ئەوە زیاتر سیاسەتێکە مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دایدەڕێژێت، بەڵام بەگشتیی وەکو سەرکردایەتیی، تێڕوانین بۆ ئەوەیە کە دەبێت لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا ئاساییکردنەوە بکەین، دەبێت نزیکبینەوە لەیەک، چونکە زۆر ئامانجمان هەیە وەکو یەکە، هەتا ئەگەر لێکیبدەینەوە، خاڵی هاوبەشمان زیاترە وەک لەخاڵی جیاوازی، لەبەرئەوە لەزۆر شتدا یەکدەگرینەوە. وەکو سەرکردایەتیی یەکێتی، بەقەناعەتی من، بەرەو ئەوە دەڕۆین کە لەگەڵ هەموو حیزبەکاندا پەیوەندیمان باش بێت، بەتایبەتیش گۆڕان، چونکە گۆڕان یەکێک بووە لەو حیزبانەی کە بەشێک بووە لەخۆمان و لەخۆمان جیابوونەتەوە.

**ڕۆژنامە: سروشتی ئەو سەردانەی وەفدی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، بۆ لای نەوشیروان مستەفا، چۆن بوو؟**

"

بڕیاردەرانی ناو گۆڕان
مەکتەب سیاسیی و
سەرکردایەتییە
کۆنەکانی یەکێتین

"

* من ئاگام لێی نەبووە، چونکە لە دەرەوە بووم، بەڵام پێشوازی لێدەکەم و بەهەنگاوێکی جەریئانە و باشیشی دەزانم و قەناعەتم وایە کە هەموو نزیکبوونەوەیەک لەقازانجی بزووتنەوەی کوردیدایە.

**ڕۆژنامە: کادیرێکی ئیعلامی یەکێتی، لەسەر ئەو سەردانەی وەفدی یەکێتی بۆ لای گۆڕان، دەڵێت: «بنکەی جەماوەریی یەکێتی، لەهەر نزیکبوونەوەیەکی نێوان یەکێتی و گۆڕان، زۆر خۆشحاڵە»، سەرکردایەتیی یەکێتیش، ئەو هەستەیان هەیە؟**

* بەسەراحەت شتێکت پێبڵێم، گۆڕان، خۆیان بەشێک بوون لە یەکێتی، بەویست و خواستی خۆیان جیابوونەتەوەو بوون بە گۆڕان، بەڵام بۆ ئاگاداریت، قاعیدەکەمان ئێستاش یەک قاعیدەیە، عەینەن شەخسە، نیوەی گۆڕانە، نیوەی یەکێتییە، بەشێکی گۆڕانە، بەشێکی یەکێتییە، چونکە قاعیدەکەمان جوڵە دەکات لەبەیندا، قاعیدە گشتییەکە یەکەو ئێمە حیزبێکیش بووین کە بە ڕاستی بیروبۆچوونیشمان یەک بووەو قەناعەتم وایە ئێستاش لە مەسائیلی فیکریدا، ئەگەر بڵێم هەر جیاوازیمان نییە، لەوانەیە تۆزێک زێدەڕۆیی بێت، بەڵام زۆر کەم جیاوازیمان هەیە، وەکو پێم وتی، گۆڕانیش بەشێک بووە لە یەکێتی، وەختی خۆی هەڵقوڵاوی ناو ئەو خەڵکەیە، لەبەرئەوە حەتمەن جەماوەر جیاوازی و جیابوونەوەو تەفرەقەی پێ ناخۆشە، حەزی بە نزیکبوونەوەیە.

**ڕۆژنامە: زۆر جەخت لەوە دەکەیتەوە کە گۆڕان، واتە یەکێتی پێشوو، بەڵام هەڵسوڕاوانی گۆڕان ئەو بۆچوونەیان نییە، کە بزووتنەوەی گۆڕان تەنیا یەکێتییەکان بێت، بەڵکو پێیانوایە کە لە خەڵکی بێلایەن و ئیسلامی و خەڵکانی چەپ و پارتی و لایەنانی تریش، بزووتنەوەی گۆڕان پێکهاتووە؟**

* پرسیارێکت لێ بکەم، خۆ من لەوێ نیم، تاکو لە(١٠٠٪) بزانم وایە، بەڵام بەقەناعەتی خۆم، ئەوانەی کە کۆدەبنەوەو بڕیاری سەرەکی دەدەن، هەر ئەندامەکانی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی یەکێتین، کە کۆن لێرە بڕیاریان دەدا، ئێستا بوونەتە دوو بەش، بەشێکیان لێرە ماوەو بەشێکیان لەوێ بڕیار دەدا. کوانێ، کامیان لەقیادە هەرە گرنگەکانیان، کێی تیایە کە یەکێتی نەبووبێت؟

**ڕۆژنامە: نا، من زانیاریم هەیە وا نییە، ئێستا سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، عەدنان عوسمانە، کە پێشتر یەکێتی نەبووە، هەروەها چەندین نموونەی تریش هەیە؟**

* ئەگەر بڵێم، تاکوتەرا تێی نەکەوێت، تێی کەوتووە.

**ڕۆژنامە: ڕەنگە ئەم بۆچوونەت لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت کە بنەماڵەو خێزانەکەی خۆتان، نیوەتان بوون بە گۆڕان؟**

* دەزانی، من پێم وتی، یەکێتی جیابووەتەوە، بەش بووە، یەعنی یەکێتی ئینشیقاقی کردووە، ئەگەر یەکێتی وەکو جیسمێک حیساب بکەیت، بەشێکی لێبووەتەوە، ئینجا لەوانەیە بەشەکە نیواونیو نەبووبێت، دەڵێین لە(٤٥٪)ی ڕۆیشتووە، دەڵێین لە(٣٥٪)ی ڕۆیشتووەو لێمان جیابووەتەوە، بەڵام لەخۆمان جیابووەتەوە، بنەماڵەی منیش یەکێکە لەبنەماڵە یەکێتییەکان، یەعنی ئەگەر یەکێکیش جیابووەتەوە، (شەپۆل)مان ڕۆیشتووە بۆ ئەوێ، ئەویش یەکێکە لە هەموو جیابوونەوەکەی کە هەیە.

**ڕۆژنامە: دوای ئەو موبادەرەیەی ئێوە کە نێردراوی بەڕێز تاڵەبانی بوون و چوونە لای بەڕێز نەوشیروان مستەفا، ئێستا ئەرکی گۆڕان لەم ڕووەوە چییە؟**

* من بەباش و پێویستی دەزانم، گۆڕانیش موبادەرەی دۆستانە بۆ یەکێتی زیاتر بکەن.

**ڕۆژنامە: لەکاتی سەردانی وەفدێکی یەکێتی بۆ لای بزووتنەوەی گۆڕان، ئێوە ئەم مەسەلەیەتان بۆ سەرکردایەتیی پارتی باس کردووەو ڕەزامەندیی ئەوانتان وەرگرتووە؟**

* ئێمە ڕێککەوتنی ستراتیژیمان هەیە لەگەڵ پارتیدا، بۆیە من ئیمانم وایە کە ئەگەر ئێمە شت لەیەک بشارینەوە، بەدەردی دەڵێن، بەفێڵ بین لە عەمەلیەتی ئەم پرۆسە سیاسییەدا، هیچ لایەکمان سەرناکەوێت، ئەگەر هەنگاوەکانمان، هی هەموو لایەکمان بەدروستی بێت و ئامانجەکە چاکبوون و باشترکردنی وەزعی سیاسیی کوردستان بێت، بەقەناعەتی من، لەیەکگەیشتنەکە زۆر زۆر گرنگە.

**ڕۆژنامە: ڕێککەوتنی ستراتیژیی، زەرورەتی ماوە؟**

* بەڵێ، دەزانی کەی زەرورەتی نامێنێت، بەقەناعەتی خۆم و بەسەراحەت پێت بڵێم، وەختێک زەرورەتی نامێنێت کە ئاڵای کوردستان چەقی و کوردستان بوو بەدەوڵەتێکی سەربەخۆ، با بەسەراحەت پێتبڵێم، بۆ خاتری پێغەمبەر، ئەم حیزبانەی دیکە، وەکو نارنجۆک یەکی (٥٠٠)هەزار پارچەی لێ بکەوێتەوە، بەڵام ئێستا حەز دەکەم هەمووی ببێتە یەک حیزب، هەتا ئەو ڕۆژەی کە ئاڵاکەمان دەچەقێت، بەقەناعەتی من، نەک پێویستی ماوە، دەبێت فراوانتریش بکرێت، دەبێت هەوڵبدرێت کە هەموو حیزبەکانی دیکەش بێنە ناو ئەم ڕێککەوتنە ستراتیژییەوە، بڕواش بکە، ئەمە قەناعەتمە و بەرگریشم لێ کردووە، چ لەکۆبوونەوەی سەرکردایەتی، چ لەناو کۆنگرەشدا، ئیمانم بەو بۆچوونە بووە، لەوانەشە لە ئیعلامدا بۆچوونی منت بیستبێت.

**ڕۆژنامە: سێ چوار ساڵ لەمەوپێش، ڕەخنەت لە ڕێککەوتنە ستراتیژییەکە هەبوو، ئەو بۆچوونەت بەم تۆخیە نەبوو، دیارە گۆڕاوی؟**

* چوار پێنج ساڵ لەمەوپێش، ڕێککەوتنی ستراتیژیی تازە بوو، نەمدەزانی چییە، بەڵام تۆ کە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنە ستراتیژییەکەت زانی چییەو لێی تێگەیشتی، لەبەرئەوە ئەگەر هەڵیسەنگێنیت، لە هەڵسەنگاندنەکەمدا، بەڵێ شتێکی باشە.

**ڕۆژنامە: دیارە چەند مانگێک پێش ئێستاو لەکاتی کۆنگرەدا، ناوەڕۆکی ڕێککەوتنە ستراتیژییەکەت زانیوە؟**

* پێش کۆنگرە هەندێکیم دەزانی و لەکۆنگرەشدا زیاترم زانی.

**ڕۆژنامە: بۆچوونێک هەیە کە دەڵێت: ئەو ڕێککەوتنە بۆ قۆرخکردنی کایەی ئابووریی و ئیداریی کوردستانە لەلایەن ئەم دوو هێزەوە؟**

* باشە، با شتێکت پێ بڵێم، ئەگەر وابێت، بۆ حەز بکرێت مەسەلەن گۆڕانیش بێتە ناو ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییەوەو حیزبی سۆسیالیستیش بێت و زەحمەتکێشانیش بێت و لەوانەیە حیزبی شیوعی بەشەکەی کوردستانی بێت و لەوانەیە ئیسلامییەکانیش بێن، بۆ مەسەلەن یەکێکی وەکو من حەز دەکات، ئەگەر خۆ بەدەردی دەڵێن، تیکەیەکی لێ کەم بێتەوە بۆ پارتی، بۆ بۆخۆم نەیخۆم، چونکە ئەو نیوەی بخوات، نیوەکەی دیکە بۆ من دەمێنێتەوە، بەڵام من کە باس لەوە بکەم و بڵێم حەز دەکەین ئەوانەی دیکەش بێن و ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییە فراوانتر بکەین، مانای چییە، مانای ئەوەیە، ئەگەر مەسڵەحەتێکیش بێت بۆ هەموومانە، من قەناعەتم وایە کە هەمووی لە دیدو بۆچوونی خۆیەوە خزمەتی جەماوەری کوردی و شەقامی کوردی دەکات، بەقەناعەتی من، بەڵێ، ئەگەر تەسەوری ئەوە دەکەن، بە ڕەئی من، ئەوە ڕەئێکی غەڵەتە، ئێمە کە دەڵێین ئەوانی دیکەش بێنە ناوەوەو

"

بیستوومە هەندێک
لە کادیرانی
یەکێتی بەنیازی
حیزبێکی تازەن

"

فراوانتری بکەین، ئەوە نییە کە شتێک هەبێت، وەڵڵا نوخبەیەکەو پارچەیەکە، ئەمانەوێت بۆخۆمان بیخۆین، نەخێر دەمانەوێت زیاتر بێت و هەموولایەکمان، بەفیکر، بە بۆچوون خزمەتی جادەی کوردی بکەین.

**ڕۆژنامە: هەندێک لە چاودێران کە ڕەخنە لەم ڕێککەوتنە دەگرن، پێیانوایە کە دیوێکی سلبی هەیە، بۆ نموونە دەڵێن لە پرۆسەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان، شارەوانییەکان، ڕێکخراوە پیشەییەکان، ئەمانە هەموو بەیەک لیستی هاوبەش و بەتەوافوق بەشداری دەکەن، باشە ڕێکخراوێکی وەکو سەندیکای پزیشکان، چ پێویستی بەوەیە کە حیزب قۆرخی ئەمانە بکات، بۆ بەئازادانە نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵنەبژێرن؟**

* ئەگەر لە من دەپرسی، تەئیدی ئەو ڕەئیە دەکەم، بەڵام با یەک وەڵامیشت بدەمەوە، باشە خۆ ئەوە من وامکرد، تۆ بۆ عەینەن من بیر بکەیتەوە، من ئەچم لەو سەربانەوە خۆم فڕێ دەدەمە خوارەوە، ئەی تۆ بۆ بێی بەدوامدا، تۆ بۆ خۆت فڕێ دەدەیت، باشە ئێمە بیر لەوە دەکەینەوە کە قۆرخی بکەین، باشە بۆ تۆ حەز نەکەیت، تۆ کە ئێمەت ناوێت قۆرخی بکەین،

"

پێویستە گۆڕانیش
بێتە ناو ڕێککەوتنی
ستراتیژییەوە

"

دەزانی لەبەر چییە، نا لەبەرئەوەیە چونکە عەمەلییەتەکەمان هەڵەیە، لەبەرئەوەیە کە خۆت نەتتوانیوە تیای دەربچیت، خۆت ئەمەلت کەمە لە قۆرخکردنی عەمەلیەتەکە. نموونەیەکت بۆ بێنمەوە، مەسەلێکی زۆر خۆشەو ئیمانم زۆر پێیەتی، بە ڕاستی و حەزیش دەکەم ئەو مەسەلەیە بەو نەوعە بنووسرێت بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەت. دەڵێن، کابرایەکی شوان، گورگ مەڕێکی دەبات، گۆچانێک بە گورگەکەدا دەکێشێت و مەڕەکەی لێدەسەنێتەوە، مەڕەکە هەر عاجز دەبێت، کابرای شوان دەڵێت بۆ عاجز بوویت، خۆ ڕزگارم کردیت، پێی دەڵێت، باشە ڕزگارت کردم لەو، ئەی خۆت دوایی نامخۆیت. کاکە مەوزوعەکە وایە، تۆ دەتەوێت من تەدەخولی نەکەم بۆ ئەوەی خەڵکەکەی خۆت دەنگبهێنێت، خەڵکەکەی خۆت دەربچێت، ئەگینا لە منت پرسی، بەڵێ سەندیکای پزیشکان، یاخود هەر سەندیکایەک بێت، دەبێت بۆ خۆیان چ جۆرە بۆچوونێکن، چ عەقڵێکن، بۆ خۆیان خەڵکی خۆیان هەڵبژێرن، چ کەسێک بەباش دەزانن.

**ڕۆژنامە: لەدوای کۆنگرە، دۆخی حیزبەکەتان چۆنە؟ ئایا بەرەوپێش چووە؟**

* ئێمە بەرنامەمان هەیە بۆ (٣)ساڵی ئایندە، بەدەردی دەڵێن، بیسمیلا، جارێک تازە کۆنگرە تەواوبووەو تا ئێستاش ئەو خەڵکانەی کە ئیشیان پێ سپێردراوە، هەندێکیان نەچوونەتە سەر جێگاکانی خۆیان و دەستبەکاربن، لەبەرئەوە بە پێش حەدەس کەوتن، ناتوانیت پێشبکەوین، یەعنی لەئێستاوە تۆ مۆرێکم بەناوچەوانەوە بنێیت، بڵێی وەڵڵا شالاو تۆیان کرد بە مەسئولی مەڵبەند، سەرکەوتوو نابیت، بابچمە ئەوێ و دابنیشم، بزانم نەتیجەکەم چی دەبێت، لەو بەینەدا برادەرێک هات و وتی، کوڕی کاک کۆسرەت منداڵەو نازانم گەنجەو ئەزموونێکی نییەو سەرناکەوێت، تۆ ڕەئت چییە، وتم کاکە جارێک هاوار دەکەن و دەڵێن گەنج نایەت، گەنجمان هێناوە دەڵێن، بێئەزموونە، لێی گەڕێ، خۆ جارێک ئەو قوڕبەسەرە جێگەکەی گەرم نەبووە لەسەر کورسییەکە، هەتا بزانین ئیشەکەی سەرکەوتووە، یاخود نا.

ئێمە تەبەنی فیکری سۆسیال دیموکراتمان کردووەو تا ئێستاش بۆ خۆمان بەچاکی شارەزای نین، وەختمان دەوێت، چ کادیرەکانمان، چ قیادیەکانمان، بگەینە ئەو قەناعەتەی کە فیکری سیاسیی سۆسیال دیموکرات چییە، بۆیە ئێمە پێویستمان بەوەیە کە خۆ تەسقیفکردن لەبواری مەسائلی سۆسیال دیموکرات و دەبێت خۆشمان بگونجێنین، من هیوام ئەوەیە کە هەتا (٢٠٢٠) یەکێتی چەند کۆنگرەیەک بکات، چەند گۆڕانکارییەکی دیکەش بکات، چەند ریفۆرمێکی دیکەش بکات، هەتا بتوانین بگەینە ئەو ئاستەی کە بۆ خۆمان دەمانەوێت، ئەگەر بەتەما بن لەم کۆنگرەیەدا هەموو شتەکانمان ساغ بووبێت، نەخێر، هیوادارم تا (٢٠٢٠) سێ چوار کۆنگرەی دیکە بکەین، من قەناعەتم وایە، ئەوسا یەکێتی دەبێتە حیزبێکی موئەسەساتی.

**ڕۆژنامە: لە دەرهاویشتەکانی کۆنگرە کۆمەڵێک لە کادیرانی یەکێتی تۆران و وەکو باڵێکی ریفۆرمخواز خۆیان لەناو حیزبدا ناساندووە، دەنگوباسی ئەوە هەیە کە بەنیازن حیزبێکی تازە رابگەیەنن؟**

* تائێستا لەناو یەکێتیدا، وەکو باڵناساندن نەمبیستووە، با نەبێت بە درۆ، لابەلا بیستم لەشتی غەیرە ڕەسمیی کە گوایە هەندێکیان بەتەمای حیزبێکی تازەن و بیریان لێکردووەتەوە.

کاکە، بەسەراحەت پێت بڵێم، بەقەناعەتی من، یەکێتی وەکو ماڵی گەورە وایە، زۆر ماڵی لێ جیادەبێتەوە، بەڵام لە ئاخیردا هەموو ماڵەکان دێنەوە سەر ماڵی گەورە، تۆ بیر لە مێژووی یەکێتی، لە (١٩٧٦)ەوە، لەهەڵگیرساندنەوەی شۆڕشەوە بکەرەوە، نەک لەدروستبوونیەوە، چەندینجار لێشمان جیابوونەتەوە، بەڵام ئێستا هەموشیان لەماڵە گەورەدا دەبینینەوەو ئیشەڵڵا هەموویان لە ماڵە گەورەدا دەبینینەوە.



خۆپیشاندانی کەرکوک لەبەرامبەر نەبوونی خزمەتگوزاریدا

خۆپیشاندان رێگەی دیموکراسیانە بگرێتەبەر، بۆیە پێویستە ئەم خۆپیشاندانانە رێکبخرێن، ئەوەش ئەرکی لایەن‌و رێکخراوەکانە رێنوێنی خەڵک بکەن دووربکەونەوە لە کاری توندوتیژیی‌و شێواندنی سیمای شار، چونکە ناکرێت بۆ بەدەستهێنانی خزمەتگوزارییەک خزمەتگوزارییەکی دیکە لەناوببرێت.

### ئـــیدارەی کـــەرکـــوک پەنادەباتەوە بەر خاوەن مولیدە

لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەرو تاووتوێکردنی نارەزایەتی هاوڵاتییاندا، رۆژی (١٨)ی ئەم مانگە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک کۆبوونەوەیەکی نائاسایی گرێدا، بەڵام بەبێ ئەوەی بتوانێت چارەسەرێکی خێرا بۆ کێشەکە بدۆزێتەوە، لەو بارەیەوە جەمال مەولود، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، بۆ رۆژنامە وتی: «کێشەکە لە بەغدایەو وەک ئەنجومەن پشتگیریی داخـــوازی هاوڵاتییان دەکـەیـن،لـە کـۆبـوونـەوەکـەشـدا نەمانتوانی چارەسەرێکی بەپەلە بدۆزینەوە».

ئـەو ئـەنـدامـەی ئەنجومەنی پارێزگا ئاماژەی بـەوەشـدا: «لەو کـۆبـوونـەوەیـەدا سـێ پێشنیاز گـفـتـوگـۆیـان لـەبـارەوە کـراوە: یەکەمیان، هەوڵبدرێت بەشە گازو نرخی ئەمپێری مولیدە ئەهلییەکان زیاد بکرێت تاکو خاوەن مولیدەکان کارەبای زیاتر بە هاوڵاتییان بدەن، دووەمـیـان، هەوڵبدرێت لە رێگای کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتەوە کارەبا بەرهەمبهێنرێت‌و سێیەمیش لەم هەفتەیەدا وەفدێکی ئەنجومەن رەوانـەی لای حسێن شەهرستانی، وەزیری کارەبای عێراق بە وەکالەت، بکرێت تاکو هەوڵبدرێت بەشە کارەبای شارەکە زیاد بکرێت».

هـــەرلـــەبـــارەی کـێـشـەکـەوە عەبدولرەحمان مستەفا، پارێزگاری کەرکوک، ئۆباڵی کێشەکە دەخاتە ئەستۆی بـەغـداو بـە رۆژنـامـەی راگـەیـانـد: «کـۆنـتـرۆڵـی کـارەبـای نیشتمانیی لە بەغدایەو مەرکەزی دابـەشـدەکـرێـت‌و چـارەسـەری لە دەستی ئێمەدا نییە، بـەڵام ئێمە بـەردەوام دەبین لە هەوڵەکانمان‌و کێشەکەش سەرتاسەری پارێزگاکانی عێراقی گرتووەتەوە نەک بە تەنیا کەرکوک، کە بەم حاڵەی ئێستاشەوە هێشتا کەرکوک کارەبای باشترە لە (١٤) پارێزگاکەی دیکەی عێراق».

بـەپـێـی ئـەو زانـیـاریـانـەی لەبەردەستدان، ئەگەر (٢٤) سەعات کـارەبـا بـە هـاوڵاتـیـیـان بـدرێـت، کەرکوک پێویستی بە (٦٨٠) مێگاوات کارەبایەو لەئێستادا لەکۆی (٤) وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە کەرکوک نزیکەی (٥٠٠) مێگاوات بەرهەمدەهێنرێت‌و ئەو بڕەشی بە هاوڵاتییانی کەرکوک دەدرێت لەنێوان (١٥٠-١٨٥) مێگاواتدایە.

## «رۆژانە (٢)خێزانی کـــــورد جێی دەهێڵن»

# جـەلـەولا، داوای راگـرتنی سەرژمێریی دەکات

راپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا

**تادێت رێژەی عەرەب لە جەلەولا زیاددەکات‌و کوردەکانیش بەردەوامن لە جێهێشتنی ناوچەکەیان. بەرپرسانی ئیداریی ناحیەکەش پێیانوایە، ئەنجامدانی سەرژمێریی لەو بارودۆخەدا، بە زیانی کورد دەشکێتەوەو بە پێویستی دەزانن، پرۆسەی سەرژمێریی لەو ناوچەیەدا ئەنجام نەدرێت.**

نـاحـیـەی جـەلـەولا کـە سـەر بە پارێزگای دیالەیەو یەکێکە لەو ناوچانەی مادەی(١٤٠) دەیانگرێتەوە، دەکەوێتە سەر دووڕیانێکی ستراتیژیی‌و خانەقین بە کەرکوک، بەغدا بە سلێمانییەوە دەبەستێتەوەو (٣٦)گوندی لەسەرەو دانیشتووانەکەی (٥٠)هـەزار کەس دەبن. بەپێی کۆبوونی خۆراک، (١٤) هەزار خێزان لەوناحیەیە نیشتەجێن، بەشێوەیەک کە (١٠)هـەزار خێزانیان عەرەب، (٣٥٠٠)هەزار خێزانی کوردو (٥٠٠)خێزانی تورکمانن. لە ماوەی (٤٠) ساڵی رابـردوودا، نزیکەی (٢)هـەزار خێزان بەرەو ناوچەکانی‌و باشوورو خوارووی عێراق راگوێزراون. دوای رزگـارکـردنـی عـێـراق، نزیـکـەی (٥٠٪)یـان گـەڕانـەوە. لـەو ژمارەیە نزیکەی (٥٠٠)خێزانیان جەلەولایان جێهیشتووەو لە ئێستاشدا تادێت ژمـــارەی عـــەرەب زیـاتـردەبـێـت‌و کوردەکانیش لەجێهێشتنی ناوچەکەیان بەردەوامن.

ئـەنـوەر حـەسـەن، بـەڕێـوەبـەری ناحیەی جەلەولا بە رۆژنامەی راگەیاند: ئێستا خێزانی کـوردیـی جـەلـەولا، پاڵپشتیان نییەو هەست بە بێکەسی دەکـەن‌و ژیانیان ئەمین نییە، بەو هۆیەشەوە رۆژانە دوو خێزانی کورد بـەرەو ناوچەکانی (خانەقین، کەلار، کفری، رزگـاری) جەلەولا جێدەهێڵن.

لە بەرامبەردا زیاتر لە (٣٥٠٠)خێزانی عەرەب هاتوونەتە ناحیەکەوە. هەروەها هەزاران خێزانی تری عەرەب کە فۆڕمی خۆراکیان لەسەر ناوچەکانی خۆیانە، لە جەلەولا نیشتەجێن.

کۆچکردنی کوردەکانی جەلەولا لەو کاتەوە تەشەنەیسەند کە ساڵی (٢٠٠٨) بەپێی رێکەوتنی هەرێم‌و بەغدا، هێزە ئەمنییەکانی کوردستان(ئاسایش، پۆلیسی گـەرمـیـان، لـیـوای ٣٤ی پێشمەرگە) لەو ناوچانە پاشەکشەیان کردو سوپای عێراقی شوێنی گرتنەوە.

هـــەروەک ئـەنـوەر حەسەن ئەوە دەخـــاتـــەڕوو: «پاشەکشەی هێزە ئەمنییەکانی کوردستان لە حەوزی حەمرین، هەڵەیەکی ستراتیژیی بوو، بۆشاییەکی ئەمنیی گەورە لە ناوچەکەدا دروسـتـبـوو، پاشەکشەکردن لەو سنوورە، پاشەکشەبوو لە ئیستیحاقی سیاسیی کورد لەو ناوچەیەو بەم هەڵەیە بستێک لە خاکی کوردستان درایە دەست حکومەتی مەرکەزی عێراق، لەکاتێکدا پێشتر ئەو ناوچەیە لەژێر کۆنترۆڵی هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێمدا بوو، تاڕادەیەک ناوچەکە ئەمنییەتی باش بوو، بارودۆخەکە سەقامیگربوو».

ئـەمـە لـە کاتێکدایە کـە هێزە ئەمنییەکانی جەلەولا (بەڕێوەبەرێتیی پۆلیس، فەوجی تـەواری، لیوای ٤ی سوپای عـێـراق) بە دژایەتیکردنی کوردی ئەو ناوچەیە تۆمەتباردەکرێن‌و لەوبارەیشەوە بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا وتی: «لە جەلەولا بەڕێوەبەرێتیی پۆلیس هەیەو هەروەها فەوجی تەواری کە لەسەر بنەمایەکی تایفی پێکهێنرا، جگەلەوە لە نێوان جەلەولاو قەرەتەپەدا (٢٢٥٠)سەربازی لیوای (٤)ی فرقەی(١) سوپای عێراق جێگیرە، سەرجەمی هێزە ئەمنییەکان عەرەبن‌و هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کوردەکان خراپە، بۆیە جەلەولا مەملەکەتێکی هەتیوەو کەس پاڵپشتی ناکات».

لەگەڵ ئـەوەی بڕیارە لە مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا، پرۆسەی سەرژمێریی دانیشتووانی عێراق بـەڕێـوەبـچـێـت، بـەڵام تـا ئێستا مادەی(١٤٠) جێبەجێ نەکراوەو ئەوەش گرفتێکی گـەورەی بـەردەم پرۆسەی سەرژمێرییە.

هەروەک ئەو بەرپرسەی جەلەولا ئاشکرایدەکات، ئەگەر بەو واقیعەی ئێستای جەلەولا کە رۆژانـە کورد جێی دەهێڵێت‌و عەرەبی بۆ دێـت، سەرژمێریی بکرێت، کورد زەرەرمەند دەبێت‌و وتی: «ئەوە غەدرە لە کورد دەکرێت. ئەگەر سەرژمێریی بکرێت، رێژەی کورد (٢٠٪) کەمتر دەبێت، بۆیە پێویستە کورد رێگربێت لە ئەنجامدانی سەرژمێریی لـەم ناوچەیە، ئەگەر سەرژمێرییش ئەنجامدرا، دەبێت بەو مەرجەبێت کە تەنیا ئەو خێزانانە ناونووس بکرێن کە نفووسی (١٩٥٧) یان هەیەو بەیاناتی داتاکانی خێزانە هاوردەکان بگەڕێنرێتەوە بۆ ناوچە رەسەنەکانی خۆیان».

بـەڕێـوەبـەری ناحیەی جەلەولا، گەڕانەوەی هێزە ئەمنییە کوردییەکان بۆ ناوچەکە بە پێویست دەزانێت‌و دەڵـێـت: «بـۆ پاڵپشتیکردنی کـورد، پێویستە دووبارە هێزە ئەمنییەکانی کوردستان بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکە. هەروەها وتی: «هەفتەیەک پێش ئێستا لەگەڵ فەرماندەی هێزی ئەمریکا لە باکووری پارێزگای دیالە کۆبوومەوەو داواملێکرد، دووبارە هێزی کورد بۆ سنوورەکە بگەڕێنرێتەوە، چونکە ئەگەر هێزی ئەمنیی کـوردی نەگەڕێتەوە بۆ سنوورەکە، ئەوا کوردەکان زیاتر ناوچەکە چۆڵدەکەن، لەکاتێکدا ئەوە مافێکی خۆمانەو بۆ هێزی عێراقیی لە ناوچەکەدا هەبێت، بەڵام هێزی کوردی نەبێت».

سـەبـارەت بـە هـەوڵـەکـانـیـان بـۆ چـارەسـەرکـردنـی کێشەکان، ناوبراو وتی: «ئێمە، تەنیا دەسەڵاتی بەرزکردنەوەی داواکاریمان هەیەو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە نـووسـراوی رەسمیی قایمقامیەتی قـــەزای خـانـەقـیـن‌و پـارێـزگـارو ئەنجومەنی پـارێـزگـاو هێزەکانی ئەمریکاو لایەنە پەیوەندیدارەکانمان لەو بارودۆخە ئاگاداکردووەتەوەو داوای چارەسەرمان کردووە، بەڵام تا ئێستا کەس بە هانامانەوە نەهاتووە».

ئەنجومەنی پارێزگای دیالە لە ٧ لیست پێکهاتووە بە یاسای ساڵی ٢٠٠٨ی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق کاردەکات، بەپێی یاساکە ئەنجومەنی پارێزگاکان گەورەترین دەسەڵاتی یاسادانان‌و چاودێریکردنە لە دوای ئەنجومەنی نوێنەران، بەڵام هەروەک بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا ئاماژەی بۆدەکات «ئەنجومەنەکە زۆر سستەو تا ئێستا هەڵوێیستی لەسەر کێشەی جەلەولا نەبووەو هیچ کاتێک لێیان نەپرسیوینەتەوەو تەنانەت سەردانیان نەکردووین».

لە بەرامبەردا جەلیل ئیبراهیم، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای دیالە بە رۆژنامەی راگەیاند: کوردەکانی جەلەولا لە بارودۆخێکی نالەباردان‌و سوپای عێراقی بە دەستێکی سیاسی بە هەموو شیوەیەک فشاردەخاتە سەر دانیشتوانە کوردەکەی تا ناوچەکە جێبهێڵن، ئێمە لە ئەنجومەنی پارێزگای دیالە ئـاگـاداری ئەو بارودۆخەین، بەڵام تا ئێستا لە ئەنجومەن قسەمان لەسەر ئەو مەسەلەیە نەکردووەو هیچ هەڵوێستێکمان نەبووە، چونکە لیستەکانی ناو ئەنجومەن تەبانین‌و دەستی حیزبی‌و بەرژوەندی حیزبی لە نا ئەنجومەندا باڵادەستەو ئەوەش ئەنجومەنەکەی سستکردووە».

# کێ هۆکارو بەرپرسە لە باری خراپی کەرکوک

مەلا فەرمان

مـــاوەیـــەکـــە لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە بـاسـی کـەرکـوک دەکـرێـت‌و زۆربـەی بابەتەکان باس لە باری خراپی ئەو شارە دەکەن کە بە کورتی کێشەکە بـریـتـیـیـە لـە کەمی خزمەتگوزارییەکان.

### کەرکوک و خزمەتگوزاری:

لـەدوای (٢٠٠٣/٤/١٠)وە، کێشە خزمەتگوزارییەکانی کـەرکـوک لە زیادبوونی بەردەوامدان کە بریتین لە:

- نەبوونی، یان کەمیی ئاو و کارەبا.
- خراپیی جادەو کۆڵانەکان، لە هەندێک لا کۆڵان‌و جادەدا، هێندە خۆڵ‌و خاشاکی کۆبووەتەوە لە زبڵدان دەچن.
- پیسیی ژینگەی شار.
- کەمیی نەوت‌و بەنزین.
- نەبوونی شوێنی گەڕان‌و پشوودان: گەنجان ناچارن، ئێواران لە قەراغی جادەی سلێمانی‌و هەولێر دابنیشن، گەنجەکان ئەو گردۆڵکانەیان ناوناوە گردی پیرۆز.

### دەسەڵات لە کەرکوک:

راستە کـەرکـوک فـرە پێکهاتەیەو بودجەو بڕیارە ئیدارییەکان لە بەغداوە دەدرێـن، بـەڵام لە راستیداو لە سەر زەوی، کورد لەو شارە دەسەڵاتدارەو حوکمڕانی دەکات‌و دەسەڵاتی کوردییش، دەسەڵاتێکی حیزبییە، یەکێتی‌و پارتی ئەو لێپرسراوانەیان داناوە. هۆیەکی تری کێشەکانی کەرکوک، دەگەڕێتەوە بۆ کەمدەسەڵاتی بەرپرسە ئیدارییەکان بە تایبەتی ئەوانەی پێشینەی حیزبییان نییەو لە ناو حیزبدا خاوەن پلە نین، بەرپرسە حیزبییەکان رێگرییان بۆ دروست دەکـەن‌و دژیـان دەوەستنەوە، لێرەو لەوێ پڕوپاگەندەیان دژ دەکـەن، بۆیە بەرپرسیاری سەرجەم کارە باشەکان‌و کەموکووڕیی‌و کەمتەرخەمییە زۆرەکانی کەرکوک، لە ئەستۆی لێپرسراوان‌و ئەو دوو حیزبەیە.

### چارەسەر:

- فـشـار خستنەسەر بـەغـدا بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک.
- گۆڕینی ئەو بەرپرسە ئیدارییانەی لـەلایـەن حیزبەوە دانـــراون‌و حیزب دەتوانێت بیانگۆڕێت، ئەم بەرپرسانە ماوەی (٧)ساڵە لەو جێگایانە کاردەکەن‌و نەیانتوانیوە ببنە جێی رەزامەندیی دانیشتووانی کەرکوک.
- بایەخدانی سەرەکی بە نەهێشتنی کێشەی ئاو و کارەباو پاککردنەوەی شار. ئەمەش بە تەرخانکردنی بەشێکی دیاریکراو لە بودجەی (٢٠١١)و ئەو یەک دۆلارەی لە هەر بەرمیلە نەوتێک دێتە سەر داهاتی کەرکوک.
- پێویستە ئیدارەی کەرکوک، بەرامبەر بەغدا، زیاتر بوونی خۆی بسەلمێنێت‌و بۆ بەدواداچوونی ئیش‌و کارەکان لە وەزارەتەکانی بەغدا، پێویستە ئیدارەی کەرکوک ئۆفیسێکی کارای لە پایتەخت هەبێت.
- ئـەو هاوکارییانەی حکومەتی کـوردسـتـان‌و حیزبەکان دەیـدەن بە کەرکوک، لە رێگای ئیدارەی کەرکوکەوە بـێـت، نـەک لـە رێـگـای دامـــەزراوە حیزبییەکانەوە.
- لێکۆڵینەوە لە هۆی گەڕاندنەوەی بودجەی سەرفنەکراوی کەرکوک بۆ بەغدا لەچەند ساڵی رابردووداو پلاندانان بۆ دووبارەنەبوونەوەی لە داهاتوودا.

هەر کەمتەرخەمییەک لە هەنگاونان بۆ دانانی پلانی چارەسەری گونجاوو بەپەلە بۆ کێشە ئیداری‌و خزمەتگوزارییەکانی کەرکوک، بـاری شار خراپتر دەکـات، کاریگەریی سلبی دەبێت لەسەر بەشێکی کوردی کەرکوک لە کوردستانیبوونی ئەو شارەو ئامادەنەبوونی وەک پێویست لە پرۆسەی ئاماری (٢٠١٠/١٠). چیتر خەڵکی کەرکوک ناتوانن دان بە خۆدا بگرن لە ژیانی کولەمەرگیدا بژین. لەو بارگرژییەی ئێستاو داهاتووش، تەنیا دەسەڵات بەرپرسیارە.

کورد دەیەوێت ئەنجومەنی وەزیران لە فلتەر بدات 10

### لەمانگێکدا زیاتر لە (١٠) خۆپیشاندان لە کەرکوک ئەنجامدراوە

# داوای دەستلەکارکێشانەوەی بەرپرسانی کەرکوک دەکرێت



**کێشەی کارەبا لە وەرزی هاویندا تادێت لەسەر ئاستی پارێزگای کەرکوک گەورەتردەبێتو بەرزبوونەوەی دەنگی نارەزایی هاولاتییانی شارەکەش پێی ناوەتە قۆناغێکی هەستیارەوەو بەو هۆیەوە لەماوەی یەک مانگدا زیاتر لە (١٠) خۆپیشاندانی نارەزایی لە گەرەکو ناوچە جیاوازەکانی کەرکوک ئەنجامدراون، لە بەرامبەردا ئۆبالی کێشەکە دەخرێتە ئەستۆی بەغدا، ئیدارەی کەرکوکیش بۆ چارەسەری کێشەکە پەنادەباتەوە بەر خاوەن مولیدەکانو کەرتی تایبەت.**

کەرکوک — ئارام جەمال

## سەرهەڵدانی کێشەکە

لە سەرەتای وەرزی هاوینەوە کارەبای نیشتمانیی لە شاری کەرکوک بەتەواوی کەمبووەتەوەو ئەمەش خەڵکو ئەنجومەنو ئیدارەی کەرکوکی نیگەران کردووەو لەماوەی سێ مانگی رابردوودا چەندجارێک ئەنجومەنی پارێزگا فشاری خستەسەر وەزارەتی کارەبای عێراقو لە کۆتایی مانگی (ئایار)ی ئەمساڵدا ئەنجومەن بڕیاریدا ئەگەر لەماوەی (٤٨) سەعاتدا کارەبای نیشتمانیی زیادنەکرێت، کارەبای ئەو پارێزگایانە دەبڕێت کە لە وێستگەکانی کەرکوکەوە بۆیان رەوانە دەکرێت، کەمتر لە (٤٨) سەعاتی پێنەچوو کەریم وەحیدی، وەزیری دەستلەکارکێشاوەی کارەبای عێراق، گەیشتە شاری کەرکوکو لەگەڵ ئیدارەو ئەنجومەنی شارەکەدا تاووتوێی کێشەکەیان کردو بڕیاریدا کارەبای کەرکوک لە (١٤٣) مێگاواتەوە بۆ (٢٧٠) مێگاوات زیادبکرێت، بەڵام ئەم بڕیارە مانگێک بڕی نەکرد لە سەرەتای مانگی تەمموزەوە جارێکی دیکە کێشەی کارەبا سەریهەڵدایەوەو تائێستا بەردەوامەو لەماوەی شەوو رۆژێکدا کەمتر لە (٤) سەعات کارەبا بە هاوڵاتییان دەدرێت، لەپاڵ (١٠) سەعات کارەبای مولیدەدا.

## بەردەوامیی خۆپیشاندان

لەگەڵ بەردەوامیی کێشەی کارەبای نیشتمانیی، لە ناوەڕاستی مانگی رابردووەوە، دەنگی نارەزاییو خۆپیشاندان لەگەرەکو ناوچە جیاوازەکانی کەرکوک سەریهەڵداوە. لەماوەی یەک مانگدا زیاتر لە (١٠) خۆپیشاندان لە کاتەکانی شەوو رۆژدا لە گەرەکەکانی شۆریجە، رەحیماوا، پەنجاعەلی، قۆریەو فولکەی ئیخوانو باروتخانە بەشێوەیەکی نارێکخراو ئەنجامدراون، لە سەرجەم خۆپیشاندانەکاندا خۆپیشاندەران بە سووتانی تایەو داخستنی شەقامە سەرەکییەکان داوای دەستلەکارکێشانەوەی بەرپرسان دەکەنو هەندێکجاریش پەنادەبەن بۆ شێواندنی شەقامەکانو بە توندوتیژیی خۆپیشاندانەکانیان ئەنجامدەدەن، لەدوایین خۆپیشاندانداا لە گەڕەکی پەنجا عەلی، هاوڵاتی شێرزاد محەمەد بۆ رۆژنامە وتی: «گەورەترین کێشەی هاوڵاتییانی کەرکوک کێشەی کارەبایەو تێناگەین بۆ چارەسەر ناکرێت، چەندجارێکیش سەردانی پارێزگارو بەرپرسانی شارەکەمان کردووە، بەڵام هەر بەڵێنیانداوەو کێشەکە وەک خۆی ماوەتەوە».

ئەو خۆپیشاندەرە ئاماژەی بەوەشدا: بەرپرسانو ئەندام پەرلەمانەکان لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقەوە سەردانیان نەکردوون، وەک ئەوەی جارێکی دیکە پێویستیان بە خەڵک نەبێت».

بەشداربوویەکی دیکەی خۆپیشاندانەکە بەناوی ئاری عەبدوڵڵا، وتی: «لە گەرمای هاوینو مانگی رەمەزاندا لە شارێکی وەک کەرکوک، کە پلەی گەرمییەکەی زۆر بەرزە، بێ کارەبایی زۆر ئەستەمەو تێناگەم ئەم حکومەتە بۆ هەڵناوەشێتەوە، کە نەتوانێت بەهێندەی خاوەن مولیدەیەک کارەبا بە هاوڵاتییان بدات».

هاوکات لەتیف فاتح فەرەج، رۆژنامەنووس، لەبارەی خۆپیشاندانەکانەوە پێیوایە، پێویستە بەشێوەیەکی رێکخراوو دوور لە توندوتیژیی ئەنجامبدرێن لەوبارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «خەڵک مافی خۆیەتی بۆ بەدەستهێنانی هەر داوایەکی

### مەترسیی هەیە بەشداریی سەرژمێریی گشتی بکەن

# (١٨)هەزار خێزانی عەرەبی هاوردەی کەرکوک نەگەڕاونەتەوە

کەرکوک — رۆژنامە

**بەرپرسانی ئیداریی و ئەمنیی کورد لە شاری کەرکوک، مەترسیی لە بەشداریکردنی (١٨)هەزار خێزانی عەرەب بە نایاسایی لە سەرژمێریی شارەکەدا دەکەن کە زۆربەیان لەوخێزانە هاوردانەن کە چەکی قەرەبووی مادەی(١٤٠) یان وەرگرتووە، بەڵام هێشتا کەرکوکیان جێ نەهێشتووە**

بڕیارە مانگی (تشرینی یەکەم)ی ئەمساڵ، دواقۆناغی پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی لە عێراقدا، ئەنجامبدرێت. بەپێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستدان، (١٠) هەزار خێزانی عەرەبی هاوردە کە چەکی قەرەبووی مادەی(١٤٠)ی دەستووری عێراقیان وەرگرتووە هێشتا کەرکوکیان جێ نەهێشتووە هاوزەمان نزیکەی (٨)هەزار خێزانی کۆچبەری عەرەب کە لەدوای پرۆسەوە روویان لە شاری کەرکوک کردووە نیشتەجێن. بەرپرسێکی ئەمنیی شارەکەش، ئاماژە بەبوونی دیاردەی هاتنی بەردەوامی خێزانی عەرەب بۆ کەرکوک، دەکات.

عەقید شێرزاد مۆفەری، بەڕێوەبەری بنکەی پۆلیسی عروبە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە سنووری گەڕەکەکانی نەسر، عروبە، مەمدودە، قادسیەو گەڕەکە عەرەبنشینەکانی دیکە، خێزانێکی زۆری عەرەبی غەیرە کەرکوکی نیشتەجێنو بەشێکیان بەناوی کۆچبەرو بەشێکی دیکەشیان بەنایاساییو بەبێ ئاگاداری ئیدارەو دەزگا ئەمنییەکان نیشتەجێن. بەپێی زانیارییەکانیش، بەردەوام خێزانی دیکە روو لە کەرکوک دەکەن»، مۆفەری، وتیشی: «بەوپێیەی بەرپرسیارێتیی ئەمنیی بەشێک لە گەڕەکە عەرەبنشینەکان لەئەستۆمدایەو بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی دەیانکەین، خێزان هەیە بەناوی کارەوە هاتووە بۆ کەرکوکو مانگانە بڕی (٣٠٠-٤٠٠) هەزار دینار کرێی خانوو دەدات، یان خانووی تەجاوزیان لەو ناوچانە دروستکردووەو تێیدا نیشتەجێن، کە ئەمە جێگای پرسیارەو مەترسیمان هەیە کە دەستێکو ئامانجێکی سیاسیی لەپشتەوە بێت کە بەشداریکردنیان بێت لەسەرژمێریی کەرکوکدا».

هاوکات، عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزاوناحیەکانی کەرکوک، ئەو زانیارییانە پشتراستدەکاتەوەو بە رۆژنامەی راگەیاند: «جگە لە هاتنی ئەو خێزانانە بۆ کەرکوک، یاخود نەگەڕانەوەی ئەو خێزانانەی چەند ساڵێکە لە کەرکوک نیشتەجێن، هەوڵ هەیە لەلایەن هەندێک هێزی عەرەبییەوە بۆ نیشتەجێکردنیانو دەرکردنی کۆبۆنو پشتگیریی نیشتەجێبوون بۆیان، کە ئەمەش کارێکی مەترسیدارەو وەک پێویست خەمی لێ نەخوراوەو لەمەترسییەکانی بێئاگاین».

لەلایەکی ترەوە، قایمقامی مەرکەزی کەرکوک، مەترسی هەیە کە لە رێگای رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە، ئەو هەزاران خێزانە لەشاری کەرکوک بمێننەوەو مانەوەشیان کاریگەریی خراپی لەسەر ئایندەی شارەکە دەبێت.

کامیل ساڵەیی، قایمقامی ناوەندی کەرکوک، بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو زانیارییانەی لەبەردەستی ئێمەن، ئەوە دەردەخەن کە (١٠)هەزار خێزانی عەرەبی هاوردە لەچوارچێوەی مادەی(١٤٠)دا قەرەبووکراونەتەوەو نەگەڕاونەتەوە، زۆربەیان دووبارە خانوویان کڕیوە، یاخود ناوچەی نیشتەجێبوونیان گواستووەتەوە، لەکاتێکدا ئەوان بەپێی ئەو بەڵێننامەیەی لێیان وەردەگیرێت، لەبەرامبەر قەرەبووکردنەوەیاندا، پێویستە لەماوەی مانگێکدا بگەڕێنەوە ناوچەکانی پێشوویان».

قایمقامی قەزای مەرکەزی کەرکوک، ئاماژەی بەوەشدا: نزیکەی (٨)هەزار خێزانێکی دیکەی عەرەب کە بەناوی کۆچبەرەوە لە شارەکانی دیکەی عێراقەوە هاتوونو لە کەرکوک نیشتەجێبوون، بەپاساوی ئەوەی پارێزگاکانی خۆیان بێ خزمەتگوزارییو بارودۆخی ئەمنییان خراپە، وتیشی: «ئەمە بیانوویەکی لاوازەو کەرکوکیش وەک پارێزگاکانی دیکەی عێراق، کێشەی خزمەتگوزارییو ئەمنیی هەیە»و روونیشی کردەوە: «ئەو خێزانانە، یاخود هێزە عەرەبییەکانی کەرکوک، بەردەوام لەسەر هێڵن لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکانو رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، تا لە رێگای بابەتەکانی مافی مرۆڤەوە، شەرعییەتی مانەوەی ئەو خێزانانە لەکەرکوک مسۆگەر بکەن، لەکاتێکدا دۆخی شارەکە ئاسایی نەکراوەتەوە، چونکە ئەو رێکخراوانە لە روانگەی مرۆییەوە سەیری دۆسیەکان دەکەنو کاریگەرییە خراپەکانی مانەوەی ئەو خێزانانە لەسەر ئایندەی کەرکوک وەک ئێمە نابینن».



# بۆچی دەسەڵات لە میدیا تووڕەیە؟

## «دەبێت سیاسییەکان بەرۆکی ڕاگەیاندن بەردەن»

ڕاپۆرتی: دلێر عەبدولخالق

ئەکادیمیستو توێژەرانی کایەی میدیا لە هەرێمی کوردستان، پەیوەندیی دەسەڵاتی سیاسییو میدیای ئەهلییو ئۆپۆزسیۆن بە ناسروشتی دەزانن، بۆ سروشتیکردنەوەی ئەو دۆخەش ئاماژە بە پێویستی هاتنەئارای هەلومەرجێکی هاوبەرپرسیارانە لەنێوان هەردوولا دەکەن.

پەیوەندیی دەسەڵاتو میدیا لە هەرێمدا، هیچ کات بە ئەندازەی ئەم ساتەوەختەی دەگوزەرێت، نەگەیشتووەتە حاڵەتی ناسەقامگیرو دۆخی پڕ لە ناکۆکیی بەرامبەر یەکتر، لەم ڕووبەرەدا بێ ئامادەبوونی ڕۆژنامەنووسان، واتە ئەوانەی ڕۆژانە سەرگەرمی ڕوومالکردنی هەواڵو سازاندنی ژانرە ڕۆژنامەنووسییەکانن، ئەکادیمانی کایەکە قسە لەسەر جۆری ئەو پەیوەندییە دەکەنو خولقاندنی ئەو دۆخە ناسروشتییەش بۆ هەردوولا دەگێڕنەوە.

مەم بورهان قانع، توێژەری کایەی میدیا، خراپیی پەیوەندیی دەسەڵاتو میدیا بۆ چەند هۆکارێک دەگێڕێتەوەو وەک بۆچوونێکی جیاوازیش کە تائێستا نیشانەی بۆنەکراوە: پێیوایە پێویستدەکات سیاسییەکان خەریکی کایەی سیاسیی خۆیان بنو واز لە تەداخولاتی کاری ڕاگەیاندن بێنن.

ئەو دەڵێت: «ئەوەی پەیوەندیی بە دەسەڵاتەوە هەیە، تائێستا دەسەڵاتی یاسادانان نەیتوانیوە یاسای پێدانی مافی زانیاریی بۆ ڕۆژنامەنووسان دەستەبەر بکات، دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن بەشێوەیەکی یەکسان مامەڵە لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان ناکات، ئەم ناعەدالەتییەش وایکردووە جۆرێک لە میدیای پەرچەکردار بەرامبەری دروستبێت، جگەلەوەی تێکەڵی دەسەڵاتەکان گرفتێکی ترە، فەوزای ئیعلامیش لە بوونی سیاسییەکان لەناو کایەی ڕاگەیاندن گرفتێکی سەربارە، کە پێویستدەکات ئەوان واز لە ڕاگەیاندن بهێننو لەناو کایەکە بکرێنە دەرەوە، چونکە کایەی سیاسیی شتێکەو کایەی ئیعلامی شتێکی ترە، نابێت سیاسییەکان بە ئارەزووی خۆیان دەستوەردەنە کاروباری ڕۆژنامەوانیی».

لە بەردەوامیی هەژمارکردنی هۆکارەکاندا، مەم بورهان وتیشی: «لەناو ئەو فەوزایەی باسدەکرێت، میدیای سێبەریشی لێ هاتووەتە بوون، کۆی ئەو دۆخەی ڕۆژنامەگەریش لەڕێی تەلاقدانی ئێتیکو ڕەچاونەکردنی بەرپرسیارێتی ڕۆژنامەنووسیو دیقەتو بنەما زانستییەکانی کاری ڕۆژنامەگەرییەوە دروستبوون».

بەشێکی تر لە بۆچوونەکان بەو ئاقارەیە، بەریەککەوتنی دەسەڵاتو میدیای ئەهلیی لە ئەنجامی خراپ تێگەیشتنی نێوانیان هاتووەتە کایەوەو دەسەڵات گومانی لە نیازپاکی ئەو ڕۆژنامانە هەیە کە لە دەرەوەی خۆی ڕەخنەی لێدەگرن.

د.دلێر ئەحمەد، سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن لە پەیمانگەی تەکنیکیو کارگێڕیی هەولێر بۆ ڕۆژنامە وتی: «لە فەوزایەکی ئیعلامیداین کە جۆرەها دەزگای ڕاگەیاندنمان هەیە، بێئەوەی بزانرێت بۆچی کراوەتەوەو لەسەر چ بنەمایەک تەمویل دەکرێت، ڕۆژنامەی ئازادو کەناڵی ئازادمان هەیە هەر لە بنەڕەتدا لە پەیامی میدیای ئازادو بنەماکانی تێنەگەیشتووە، دەسەڵات واتێدەگات میدیای ئەهلیی بە غەرەزەوە شتێک دەورووژێنێتو لەدژی ئەو بەکاردەهێندرێت، هەموو ئەمانە گرژیی لەنێوان ڕاگەیاندنو دەسەڵاتەوە دروستکردووەو کۆی ئەم حاڵەتەش دەگەڕێتەوە بۆ حاڵینەبوون لە یەکتر».

د.دلێر ئەحمەد، ئاماژە بە کەلێنی زانستی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەکاتو پێیوایە: بەهۆی ئەوەی ڕاگەیاندنی ئێمە بەخۆڕسکی گەورە بووەو کەسی ئەکادیمی پرۆفیشناڵ تائێستاش ئامادەیی جدیی لەناویاندا نەبووە، تێگەیشتنیشیان بۆ کۆی ئەو مەسەلانە سەرەتاییە، هەر بۆیە لە بەرئەنجامی پابەندنەبوون بە چوارچێوەی زانستی ڕوومالکردنی کاری ڕۆژنامەوانی، زۆربەی دەزگاکان ڕووبەڕووی کێشەی یاساییو سیاسیی دەبنەوە.

زۆربەی بۆچوونەکان بەو ئاراستەیەن تێنەگەیشتنی دەسەڵات لە ڕۆڵی میدیاو میدیا لە ڕۆڵی دەسەڵات گرفتەکانی نێوانیانی زەقتر کردووەتەوە، هاوکاتیش دەرکەوتەکانی سەردەمی نوێی هەرێمی کوردستان لە پێکهاتەکانی ژیانی مەدەنیو میدیای ئازادو ئۆپۆزسیۆنی سیاسییو ڕۆڵبینی نوخبە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، فشارەکانی لەسەر دەسەڵات زیاترو زیاتر کردووە.

هەڤاڵ ئەبوبەکر، مامۆستای ڕۆژنامەگەریی لە زانکۆی سلێمانی ڕوونیکردەوە، پێشتر لە کوردستان، یان ئۆپۆزسیۆنێکی چەکدار هەبووە، یان دوو هێزی سیاسیی گەورە هەبوون، کە کانتۆنی سیاسییو ناوچەو یاساو سیستمی تایبەت بەخۆیان هەبووە، بەڵام ئێستا زۆر بنەمای سەرەکیی دروستبوونی ژیانی مەدەنیو دیموکراسیەتی ڕاستەقینە لەدایکبوون لەوانە، میدیایەکی ئازاد، ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیی ڕاستەقینەیە، ڕۆڵبینینی نوخبەی ڕۆشنبیرییو کۆمەڵایەتیو ئایینیو فەرهەنگیو دروستبوونی زەمینەیەکی ناوچەییو نێودەڵەتی بۆ ئەو دۆخە، هەموو ئەمانەش بەیەکەوە خەرجیو داهاتو چەک تەواو دەسەڵاتیان هێناوەتە ژێر پرسیارەوە.

مامۆستاکەی ڕۆژنامەگەریی لە زانکۆی سلێمانی ئاماژەی بەوەشکرد، هەموو ئەو لایەنانە کۆبوونەتەوەو دۆستایەتییان دروستکردووە بێئەوەی ڕێکەوتنێک لەنێواندا هەبێت، لایەنەکانی دەسەڵات لە دروستبوونی ئەمانە دەترسن، چونکە پێیانوایە، ئەگەر ئەمانە کۆببنەوە هەموو شتەکان دەخەنە ژێر پرسیارە، وتیشی: «دەسەڵاتی سیاسیی داواکاریی لەم لایەنانە ئەوەیە ڕەخنەو پێشنیازو سەرنجی پێبدەن، بۆئەوەی خۆی چاک بکاتو نەگۆڕێت، واتە دەسەڵات نەداتە دەست یەکێکی تر، لەکاتێکدا میدیا ئیشی ئەوە نییە هەتا ماوە کۆمەڵێ خەڵک حوکم بکەنو ئەو پێیان بڵێت چی بکەن!».

نەوتو دەستبردن بۆ نهێنییەکانی بەقاچاخبردنی بەرهەمە نەوتییەکانو پرسیارکردن لەداهاتی ئەو سامانە، گڕی لە پەیوەندییەکانی دەسەڵاتو بەشێک لە کەناڵەکانی میدیای سنووری پارێزگای سلێمانی بەردا.

بەهۆی بڵاوکردنەوەی داهاتی مانگانەی بەرهەمە نەوتییەکان، پارتی دیموکراتی کوردستان وەک قەرەبوو داوای یەک ملیار دینار لە ڕۆژنامەی «ڕۆژنامە» دەکاتو یەکێتیش بۆ ڕاستکردنەوەی هاوسەنگیی لەگەڵ پارتە هاوپەیمانەکەی بەنیازە بچێتە دادگا، بڵاوکردنەوەی بەشێک لە پەیوەندییەکانی مەلا مستەفای بارزانیو قازی محەمەد لە گۆڤاری (لڤین) ەوە، دیسانەوە پارتی بەرامبەر ئەو گۆڤارە تووڕە دەکات، هەرچەندە بەشێک لە بۆچوونەکان ئەم هەستیارییەی دەسەڵاتی سیاسیی بەرامبەر بەشێک لە ئامرازە میدیاییەکان وەک دروستبوونی دەسەڵاتو کاریگەریی ئەو میدیایانە دەخوێننەوە، بەڵام بۆچوونەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە ئاماژە بە نەمانی بەهای ڕەخنەگرتن لەناو میدیای کوردی دەکەن.

مەم بورهان قانع، بڕوای وایە تووڕەبوونی دەسەڵات بەرامبەر میدیا بۆ کاریگەرییو دەسەڵاتدارێتی ناگەڕێتەوە، بەڵکو نیگەرانییەکە ئەوەیە بەهایەک نەماوە بۆ ڕەخنەگرتن، ڕەخنەکانی ناوخۆ بەهەند وەرناگیرێت، تا لە ڕۆژنامەیەکی ئەمریکی هەواڵێک لەسەر نەوت بڵاونەکرێتەوە لە لوتکەی دەسەڵاتەوە ڕوونکردنەوە لەسەری نادرێت، لەکاتێکدا زۆربەی مانشێتەکانی ڕۆژنامە ناوخۆییەکان لەسەر هەمان بابەتەو دەڵێت: «میدیا نەبووەتە دەسەڵات، چونکە مەفهومی دەسەڵات ئەوەیە کاریگەریی بەسەر ئاراستەو هاوکێشە سیاسییەکانەوە هەبێت، تا دەسەڵاتەکان جیانەکرێنەوەو یاسایەک نەبێت بۆ پێدانی زانیاریی، تا عەقڵیەتی سیاسییو هەڵبژاردنی بێخەوش دروست نەبێتو تا قەزا سەربەخۆ نەبێت دەسەڵاتی چوارەمیش دروست نابێت».

هاوڕا لەگەڵ بۆچوونەکەی مەم بورهان، د.دلێر ئەحمەد، سەرۆکی بەشی ڕاگەیاندن پێیوایە: لە کوردستاندا ڕاگەیاندن ناتوانێت ببێتە دەسەڵاتی چوارەمو ڕای گشتی دروستبکاتو خەڵک بێنێتە سەر جادە، وتیشی: «ئەوە تائێستاش لە دەستی دەسەڵاتدا کۆبووەتەوە».

لەم گۆشەیەوە هەڤاڵ ئەبوبەکر، ئاماژە بە زیادبوونی ڕۆڵی میدیا دەکاتو بۆ ئەمەش نموونە لەسەر پرسی نەوت دەهێنێتەوەو دەڵێت: «میدیا توانی تانکەرە نەوتەکان نیشانبدات، دەسەڵات دەڵێت، هیچی تێدا نییەو ڕێگە پێدراوە! میدیا توانیویەتی بیسەلمێنێت شتی تێدایەو ڕێگەپێدراو نییە، ئەگەر ڕێگەپێدراویشە داهاتەکەی بۆ کوێ دەچێت؟ واتە شتەکانی خستووەتە ژێر پرسیارەوە، بەڵام ئەوەی خەمە گەورەکەیە ئەوەیە، میدیاش نەیتوانیوە وەڵامدەرەوەی شتەکان بێت، نەیتوانیوە ئەو پرسانە بکاتە کەمپەینو هەڵمەتی گەورە».

لەبارەی هەڵکشانی ژمارەی کەیسە ڕۆژنامەوانییەکان لە دادگاکاندا، هەڤاڵ وتی: «وەک چۆن ڕۆژنامەکان نهێنییەکان ئاشکرا دەکەن، دەبێت لە بەرامبەریشدا ڕێگە بەو لایانەنە بدرێت کە لەسەریان دەنووسرێت دادگا بکەن بە مەرجەع، بەڵام دادگایەکی بێلایەنو سەربەخۆ کە لەسەر بنەمای دۆکیۆمێنتەکان بڕیاری یەکلاییکەرەوە بدات، لەوەش گرنگتر ئەوەیە پەنابردن بۆ دادگاکان بۆ چاوسوورکردنەوەو ترساندنی ڕۆژنامەنووسان نەبێت، بەڵکو بۆ دەرکەوتنی ڕاستییەکان بێت».

لێرەوە پرسیار لەوە دەکرێت، چۆنو بە چ میکانیزمێک دەسەڵاتو میدیا لە ڕۆڵی هاوبەرپرسیارییانەی خۆیان نزیکبنەوەو هەر لایەک بە فۆرمێکی تەندروست مامەڵە لەگەڵ واقیع بکات؟

مەم بورهان قانع، دەڵێت: «پێویست دەکات پەیوەندییەکان ئاسایی بکرێنەوەو هەردوولا ڕۆڵی بەرپرسیارانەی خۆیان بگێڕن، بەشێوەیەک میدیایەک هەبێت گوێی لێبگیرێتو بتوانێت دەست بۆ قەدەغەکراوەکان بەرێت، لە بەرامبەریشدا ڕۆژنامەنووسان نەکەونە ئەو شەڕەی کە بەهۆی ئەوەی دەسەڵات بەچاوی دوژمنکارانە سەیری هەندێ میدیا دەکات، ئەوانیش لە بەرامبەردا دڵڕەقانە بابەتەکان بڵاوبکەنەوە، واتە ئەو پەیوەندییە بکرێتە پەیوەندییەکی دۆستانە لەپێناو فراوانکردنی فەزای ڕەخنەگرتنو دیموکراسی».

لای خۆشیەوە، د.دلێر ئەحمەد، ئاماژەی بەوەکرد؛ ئێمە هەموومان بەیەکەوە دەژین، دەسەڵات پێویستی بەمیدیا هەیەو میدیاش بەدەسەڵات، ئەمە لەسەرمان پێویست دەکات پەیوەندییەکان ئاسایی بکرێنەوە، ئاساییکردنەوەشی پەیوەستە بە تێپەڕاندنی قەیرانی زۆرییو بۆریی ڕاگەیاندنو کێبڕکێی سیاسییەکان لە کردنەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، پێویستە دەزگای ئەکادیمیو پرۆفیشناڵ دروستبێت، کە هۆشیاربێت بەرامبەر پەیامی کاری ڕاگەیاندنو چوارچێوەی یاساو ئێتیکی ڕۆژنامەگەریی.



«د. دلێر ئەحمەد:
لە فەوزایەکی ئیعلامیداین
کە جۆرەها دەزگای
ڕاگەیاندنمان هەیە،
بێئەوەی بزانرێت بۆچی
کراوەتەوەو لەسەر چ
بنەمایەک تەمویل دەکرێت»



«مەم بورهان قانع:
دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن
بەشێوەیەکی یەکسان مامەڵە
لەگەڵ ڕاگەیاندنەکان
ناکات، ئەم ناعەدالەتیەش
وایکردووە جۆرێک
لە میدیای پەرچەکردار
بەرامبەری دروستبێت»



«هەڤاڵ ئەبوبەکر:
گرنگ ئەوەیە،
پەنابردن بۆ دادگاکان
بۆ چاوسوورکردنەوەو
ترساندنی ڕۆژنامەنووسان
نەبێت، بەڵکو بۆ دەرکەوتنی
ڕاستییەکان بێت»



ئاگربەستی پەکەکە لەبەردەم مەترسی بەردەوامنەبووندایە 12

# کورد دەیەوێت ئەنجومەنی وەزیران لە فلتەر بدات

راپۆرتی: دلێر عەبدولخالق

ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان داوای زەمانەتی نووسراو لە پاڵێوراوانی سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق دەکەن، بەشێوەیەک جگە لە یەکلاییکردنەوەی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمو ناوەند، داوا دەکرێت پۆستی ئەمینداریێتی گشتیی ئەنجومەنی وەزیران «فلتەری کارەکانی حکومەت» بە کورد بدرێت.

هێزە براوە کوردییەکانی هەڵبژاردنی ئازاری ئەمساڵ، کە لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا کۆبوونەتەوە، بۆ یەکەمجارە لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق لە (٢٠٠٣)دا، داوای زەمانەتی نووسراو بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانی کورد لە سەرۆکی داهاتووی حکومەت بکەن.

هەرچەندە تائێستا دانوستانی جدیی لەنێوان کوردو لیستە براوەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەستی پێنەکردووە، لەگەڵ ئەوەشدا کوتلەی کوردی بە لیستێکی (١٩) خاڵییەوە رووبەڕووی ئەو لایەنە دەبێتەوە کە پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ماوەی (٤) ساڵی داهاتوو وەردەگرێت.

بەپێی لێدوانی ئەندامانی شاندی کورد، دوو لیستە بەهێزەکە (عێراقییەو دەوڵەتی یاسا) بەشێوەی زارەکی رەزامەندییان لەسەر داخوازییەکانی کورد دەربڕیوە، کە جگە لە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) لەماوەی دووساڵو چارەسەری کێشەی پێشمەرگەو پۆستی سەرۆک کۆمار، داوای پۆستی ئەمینداری گشتیی ئەنجومەنی وەزیرانیش دەکەن.

محەمەد شەریف، ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشووی عێراق، ئاماژەی بەوەکرد، کورد بە داواکردنی پۆستی ئەمینداری ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق هەنگاوێکی باشی ناوەو وتی: «ئێمە دەزانین بەپێی دەستووری عێراقی دەسەڵاتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران زۆر فراوانەو زۆربەی ئیشەکانی دەوڵەتی عێراقی دەگرێتەوە، ئەو پۆستەش ئەگەر بۆ کورد بێت دەبێتە شوێنی کۆنترۆڵکردنی بڕیارەکانو وەک فلتەری ئیشەکانی ئەنجومەنی وەزیران وایە».

لای خۆشیەوە خالید شوانی، ئەندامی شاندی دانوستکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، روونیکردەوە: سێ ئەمینداری گشتیی هەیە، ئەوانیش ئەمینداریێتی سەرۆکایەتی کۆمارو حکومەتو پەرلەمانە، کە پێویستە بەشێوەی تەوافوق دابەشبکرێت، ئێمە وەک کورد داوای ئەمینداریێتی ئەنجومەنی وەزیرانمان کردووەو بە مافی خۆمانی دەزانین.

شوانی، وتیشی: «ئەو پۆستە یەکێکە لەو پۆستە گرنگانەی دەکرێت کێشە ئیدارییو یاساییەکان لە رێگەیەوە چارەسەر بکەین، چونکە زۆربەی ئەو بڕیارو پرۆژەیاساییانەی لە ئەنجومەنی وەزیران دەردەچن، دەبێت لە ئەمینداریێتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە تەفعیل بکرێنو ئیشیان لەسەر بکرێت، هەروەک زۆرجار دەرچوونی بڕیارەکانی پەیوەست بە کورد لەو شوێنە تەگەرە خراوەتە بەردەمی، بۆیە شوێنی یەکلاییکردنەوەی زۆر لە کێشەکانە».

جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) لەماوەی دوو ساڵو تەمویلکردنی هێزەکانی پێشمەرگە یەکێک لە دوو داواکارییە گرنگەکانی کوردن، محەمەد حەکیم، ئەندامی شاندی دانوستکار، ئاماژە بەوە دەکات: سەرکردایەتی کورد فشاری رای گشتیی کوردی لەسەر جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) زۆر لەسەرەو ئەو خاڵە قابیلی گفتوگۆ نییە.

حەکیم بە رۆژنامەی راگەیاند: «هیچ بەدیلێکمان بۆ جێبەجێنەکردنی مادەی (١٤٠) نییە، بۆیە داوای واژووکردنی کاغەزی زەمانمان لەگەڵ بەرامبەرەکانمان کردووە، ئەوەی تائێستا بینیومانە عێراقیەو دەوڵەتی یاسا بە قسە لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەو مادەیەن، ئێمەش دەمانەوێت نووسراوی فەرمیمان لەنێواندا هەبێتو ماوەی دوو ساڵیش بۆ جێبەجێکردنی دیاریکراوە کە کاتێکی گونجاوە».

پەیوەند بە (١٤٠)، محەمەد شەریفی ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەران دەڵێت: «ئەو مادەیە سەرەتایەکی هەیە، کە لەناو دەستووری عێراقەوە دەستپێدەکات، بۆیە دەبێت کاتێک بۆ جێبەجێکردنیشی دابنرێت، بۆیە ئەو دوو ساڵەی بۆی دانراوە، ئەگەر ئەو لایەنەی حکومەت پێکدەهێنێت نیازی پاک بێتو ئیرادەی جێبەجێکردنی هەبێت، دەتوانێت جێبەجێی بکات، بەمەش خزمەتێکی گەورە بە سەقامگیریی عێراق دەکات».



لەبارەی داخوازییەکانی لایەنی بەرامبەریش لە کورد، محەمەد حەکیم وتی: «ئێمە دەزانین لایەنی بەرامبەریش کۆمەڵێک داخوازی لە کورد هەیە، بۆیە ئێمە لای خۆمانەوە پێداگیریی لەسەر چەند خاڵێک دەکەین، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەستن بە چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان هەرێمو حکومەتی ناوەند، کە دابینکردنی بودجەو پڕچەککردنی هێزەکانی پێشمەرگەش لەو چوارچێوەیەدان».

پێدانی پۆستە ئیدارییەکانی وەزارەتە جیاوازەکانی حکومەتی عێراقی لە خوار وەزیرو بریکاری وەزارەتەکان یەکێکی ترە لە داواکارییەکانی کورد، کە هەروەک ئەندامێکی شاندی کوردی دەڵێت: «کورد لەو رووەوە ناهەقی بەرامبەر کراوەو پۆستەکانیان پێنەداوە».

خالید شوانی بۆ رۆژنامە وتی: «پێشتر لە وەزارەتەکانی حکومەتی عێراقی تا بریکاری وەزارەتەکانیش مافی خۆمان وەرگرتووە، بەڵام کاتێک دێتە پۆستەکانی خوار ئەو پلانە، بەتایبەت لە بەڕێوەبەری گشتییو راوێژکارو خەبیرو پۆستەکانی دیکە، پێمانوایە کورد ئیستیحقاقی خۆی پێنەدراوەو بەردەوام تەهمیش کراوە».

# دەوڵەتی یاساو عێراقییە: تێبینیمان لەسەر داواکارییەکی کورد هەیە

## محەمەد عەلاوی: داواکاری کورد بۆ کشانەوەیان و هەڵوەشاندنەوەی حکومەت قبووڵ ناکەین







راپۆرتی: کارزان عومەر

بەرپرسانی هەردوو لیستی دەوڵەتی یاساو عێراقییە ئاماژە بەوە دەکەن: تێبینییان لەسەر هەندێک لە داواکارییەکانی کورد هەیە، بەرپرسێکی نزیکیش لە عەلاوییەوە ئاماژە بەوە دەکات: ناوبراو لەسەر بەشێک لە داواکارییەکانی کورد قایل بووەو لەسەر بەشێکیشیان دانوستان دەکات.

لەپاش ئەوەی دوو هەفتە لەمەوبەر ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان داواکارییەکی (١٩) خاڵییان تەسلیم بە پاڵێوراوانی پۆستی سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق کردو ماوەی (١٠) رۆژیان پێدان بۆ وەڵامدانەوەیان، تائێستا رای جیاواز لەنێو ئەو لیستانەدا هەیە سەبارەت بە ئاستی قبوولکردنی ئەو داواکارییانەی کورد، یان بوونی تێبینی لە سەریانو هەڵوێستی لیستەکان لەوبارەیەوە تەمومژاوییە، لیستی دەوڵەتی یاسا، کە نوری مالیکی سەرۆکایەتی دەکاتو تاکە پاڵێوراوێتی بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق، بە یەکێک لەو لیستانە دادەنرێت کە جۆرێک لە نەرمیی بەرامبەر بە داواکارییەکانی کورد پیشانداوە، بەڵام ئەندامێکی ئەو لیستە ئاماژە بەوە دەکات: هەندێک لە داواکارییەکانی کورد پێویستیان بە گۆڕینی دەستوورو یاسا هەیە.

عەبدولهادی حەسانی، ئەندامی لیستی دەوڵەتی یاسا، تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: هەندێک لەو خاڵانەی کە کورد ئاماژەی پێکردووە لە پێشنیازی فراکسیۆنی لیستە کوردستانییەکاندا، دەستوورییەو هیچ لارییەکمان نییە لە جێبەجێکردنی، بەڵام هەندێک خاڵی دیکە هەیە پێویستی بە ئەنجامدانی گۆڕانکاریی هەیە لە دەستوورو یاساکان».

عەبدولهادی حەسانی ئاماژەی بەوەشکرد: ئەوان پێشنیازەکانی کوردیان رەتنەکردووەتەوەو هەر پێشنیازێک بەپێی دەستوور بێت، ئەوا رەزامەندن لەسەریو هەر پێشنیازێکیش کە پێچەوانەی دەستوور بێت رەتیدەکەنەوە، وتیشی: «سەرجەم ئەو خاڵانەی کە تێبینییان لەسەرە لە رێگای دانوستانەوە چارەسەرو یەکلاییدەکرێنەوە».

هاوکات لیستی عێراقییەش کە چاوەڕواندەکرا بەهۆی بوونی چەند لایەنێکی سوننەی توند بەرامبەر بە سیاسەتی کورد هەڵوێستی توندیان بەرامبەر بە داواکارییەکانی کورد هەبوایە، لە سەرەتاوە نەرمیی نواند تا ئەو ئاستەی کە هەندێک لە سەرچاوەکانی هەواڵ ئاماژەیان بەوە کرد: ئەو داواکاریانەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەلایەن ئەیاد عەلاوی، سەرۆکی لیستی عێراقییەوە ئیمزاکراوە، بەڵام ئەو لیستە سێ تێبینی سەرەکیی لەسەر داواکارییە (١٩) خاڵییەکەی کورد هەیە.

ئینتسار عەلاوی، بەرپرسی نووسینگەی راگەیاندنی ئەیاد عەلاوی سەرۆکی لیستی عێراقییە، ئاماژەی بەوە دا: لیستەکەی رەزامەندیی نیشانداوە لەسەر سەرجەم پێشنیازەکانی کوردو تەنیا تێبینییان لەسەر سێ داوا هەیە، بێئەوەی ناوبراو ئاماژەیان پێ بدات.

بەرپرسی نووسینگەی راگەیاندنی ئەیاد عەلاوی تایبەت بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەو خاڵانەی کە تێبینیمان هەیە لەسەری، لەبارەیەوە دانوستان لەگەڵ لایەنی کوردی دەکرێت بەمەبەستی رێکەوتن لەسەری».

بەڵام سەرکردەیەکی لیستی عێراقییە وردتر دەچێتە نێو تێبینییەکانیان لەسەر داواکانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانو خاڵی هەڵوەشاندنەوەی حکومەت بە پاشەکشێی کورد بە خاڵێکی مەترسیدار لەقەڵەمدەدات.

محەمەد عەلاوی، سەرکردەی لیستی عێراقییە، ئاشکرایکرد: تەنیا تێبینییان لەسەر ژمارەیەک خاڵی ئەو داواکارییانە هەیە، کە بە وتەی ناوبراو پێچەوانەی دەستوورە، وەکو ئەو خاڵەی کە ئاماژە بەوە دەکات، ئەگەر کورد پاشەکشێ بکەن لەو حکومەتە، ئەوا ئەو حکومەتە هەڵدەوشێتەوەو بە رۆژنامەی راگەیاند: «ئەگەر ئەو مافە بدرێت بە سەرجەم لیستەکان، ئەوا شتێکی ئاساییە، بەڵام تەنیا پێدانی بە کورد، شتێکە کە جێگای قبووڵ نییە».

محەمەد عەلاوی ئەوەشی رەتکردەوە، کە هەندێک لە پێکهاتەکانی لیستی عێراقییە، بەتایبەتی نوێنەرانی ئەو لیستە لە پارێزگاکانی کەرکوکو نەینەواو دیالە رێگربن لە قبوولکردنی ئەو پێشنیازانە.

# لەنێوان ترسو هیوادا، ئەمریکا عێراق جێدەهێڵێت

ئا: شاڵاو فەتاح

چوارهەزار سەربازی ئەمریکی ئاهەنگی کۆتایی جەنگی عێراقیان گێڕاو کاتژمێر شەشی بەیانی لە کوەیتەوە بەرەو وڵاتی خۆیان گەڕانەوە، هێشتا پەنجا هەزار هێزی ئەمریکا لە عێراقدا ماونو بڕیارە ئەم هێزانەش لە کۆتایی (٢٠١١)دا بە یەکجاریی عێراق جێبهێڵن.

لەگەڵ جێهێشتنی هێزەکاندا، جۆرج دەبلیو بۆشی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، سوپاسی هێزەکانی وڵاتەکەی کرد لەسەر ئەو خزمەتەی لە عێراقدا پێشکەشیان کردووە، بۆش لەدوای جێهێشتنی ئۆفیسی سەرۆکایەتی، بە کەمیی باسی لە جەنگ دەکرد، بەڵام بەهۆی کشانەوەی هێزەکانەوە پێزانینی خۆی بۆ هەوڵی ئەو هێزانە دەربڕی.

کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا چەند هۆکارێکی هەیە، پێش هەموو شتێک باراک ئۆبامای سەرۆکی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، پێشتر پەیمانی کشانەوەی هێزەکانی دا، ئەگەر بێتو هاوڵاتییانی ئەمریکا دەنگی پێبدەن، هەربۆیە ئێستاش نایەوێت لە خولی داهاتوودا وەک ناڕاستگۆ دەربکەوێت، بەڵام هۆکاری واقیعیتر جگە لە فشاری خەڵکی ئەمریکا بۆ بینینەوەی منداڵەکانیان، کە ماوەیەکی درێژە لە عێراقن، پێویستیی ئەفغانستانە بە هێزی زیاتر.

ڕەخنەگران ڕەخنەی ئەوە دەگرن کە دیموکراسی عێراق جێگیر نییەو ئەمریکا ئامانجەکانی خۆی لە عێراقدا جێگیر نەکردووە، جەی بووکمانی گۆشەنووسو شارەزای سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، لە دوایین گۆشەی خۆیدا دەنووسێت: لەکاتێکدا کشانەوەی هێزەکان شایانی تێبینیکردنە، بەڵام باسکردنی سەرکەوتن زیادگۆییە، دوای حەوت ساڵو سەرفکردنی سەدان بلیۆن دۆلارو گیانلەدەستدانی (٤) هەزارو (٤٠٠) ئەمریکی، مەحاڵە متمانە بە بەردەوامیی هیچ یەکێک لە دەستکەوتەکانمان بکرێت. جەی بووکمان تەواوی جەنگەکە بە «هەڵە» لەقەڵەمدەداتو دەنووسێت: «ئەمە باشترین ئەنجامێکە لە هەڵە چاوەڕوانبکرێت».

پاتریک دیجینارۆ، پسپۆری بواری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو مامۆستا لە زانکۆی نیویۆرک، پێیوایە: هێشتا عێراقییەکان ئەرکی زۆریان لەپێشەو پێویستە زامنی ئاسایشی خۆیان بکەن.

| قوربانییانی جەنگی ئەمریکا-عێراق | |
| --- | --- |
| ژمارەی کوژراوانی ئەمریکا | ٤٤١٤ |
| ژمارەی بریندارانی ئەمریکا | ٣١٨٩٧ |
| ژمارەی ئیفلیجبووانی ئەمریکا | ١١٣٥ |
| ژ.کوژراوانی هاوڵاتییانی عێراقی | ١١٣١٦٦ |
| خەرجی جێبەجێکردنی جەنگ | ٧٤٧،٦ ملیار دۆلار |
| خەرجی گشتیی جەنگ (خەمڵێنراو) | ٣ ترلیۆن |

سەرچاوە: ڕۆژنامەی سوپای ئەمریکا

دیجینارۆ وتی: لە چاوپێکەوتنێکدا بە ئاژانسی شینخوای چینی وت، پێکنەهێنانی حکومەت زیان بە عێراق دەگەیەنێت، بەڵام پێموانییە ئەمە هیچ لە خشتەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتە بگۆڕێت، هەروەها دیجینارۆ پێیوابوو: کوتلەگەریی لەپاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا هەردەمێنێت، پێموایە تەحەدی داهاتووی عێراق ترسە لە ململانێی نێوان پێکهاتەو کوتلە جیاوازەکانی وەک کوردو عەرەب، شیعەو سوننە. دواتر دیجینارۆ هیوای خواست کە نەتەوەیەکگرتووەکان ڕۆڵێکی ئەکتیڤ لە عێراقدا بگێڕێت، وەک چۆن ڕۆڵێکی یەکلاییکەرەوەی هەیە لەو وڵاتانەی کە ناتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن.

یان بلاکی، نووسەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی، لە گۆشەیەکدا دەنووسێت: هاوکات لەگەڵ جێهێشتنی عێراق لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە، عێراقییەکان مەترسییان لەسەر ئاسایشی وڵاتەیەکان هەیە، عێراقییەکان ترسیان لە کشانەوە هەیەو بەهۆی دوایین تەقینەوەکان، بڵاوبوونەوەی گەندەڵییو تایبەتییەتەوە متمانەیان کەمبووەتەوەو نیگەرانن دەربارەی ئایندەی وڵاتەکەیان.

کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو هاوکات بە چەقبەستوویی سیاسییو بێتوانایی لە پێکهێنانی حکومەتدا ترسی لای عێراقییەکان دروستکردووە، بەڵام جەنەراڵ ستیڤن لانزا، وتەبێژی سوپای ئەمریکا لە عێراق، لەم ترسەی کەمکردەوەو لە لێدوانێکدا بە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ڕاگەیاند: لەدوای ئەم مانگەوەو بە کشانەوەی ئەو هێزانە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت، چونکە هێشتا (٥٠) هەزار سەربازی ئەمریکی لە (٩٤) بنکەی سەربازیدا ماونو مەشقو ڕاوێژ بە هێزەکانی عێراق دەکەن، ئەمە جگە لەوەی باس لە بوونێکی بەرچاوی دیبلۆماسیی ئەمریکییەکان لە عێراق دەکرێت، بەشێوەیەک ئەمریکا ئەم مانگە چەندین ئۆفیسی دیکەی لە شارە جیاوازەکانی عێراقدا کردەوە.

لەلایەکی دیکەوە پی.جەی. کرۆولی، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، ئەوەی ڕوونکردەوە کە وڵاتەکەی عێراق بەتەواوی جێناهێڵێتو تەنانەت لەڕووی ئاسایشەوە لەو وڵاتەدا دەمێنێتەوە.

لە لێدوانێکدا کرۆولی وتی: «ئێمە هێشتا هێزی خۆمان لە عێراقدا دەهێڵینەوە بۆ پاراستنی دیپلۆماتو شارەزاکانمان لەو وڵاتەدا». دواتر کرۆولی باسی لە پلانێکی تایبەت بە باشترکردنی ئاسایش لە عێراقدا کردو وتی: «ئێمە پلانی زۆر تایبەتمان هەیە بە زیادکردنی ئاسایش لە عێراقدا، ئەمەش گران دەکەوێت لەسەرمانو شتێکە هەروا دەستناکەوێت».

**زانیاری لە ناشناڵ پۆستە، یوپی ئای وەرگیراوە**

# ڕەنگە لە پڕێکدا پلانەکەی ئۆباما بۆ پاشەکشەی هێزەکانی لە عێراق ببێتە تراویلکە

ئیان مارتین *

چرکەی کاتژمێر بەرەو کۆتاییهاتنی ئەرکی جەنگی سوپای ئەمریکا لە عێراق لێدەدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەی دوو هەفتەی ماوە بۆ ئەو وادەیە، توندوتیژیی جارێکی تر لە هەڵکشاندایەو ڕۆژی سێشەممە تەقینەوەیەکی خۆکوژیی لانیکەم (٤٦) عێراقیی کوشتو پتر لە (٦٠) کەسی بریندارکرد، لەکاتی ڕیزبەستن لە دەرەوەی ناوەندێکی تۆمارکردنی ناونووسین بۆ ئەندامێتی سوپای عێراق، قاعیدە یان ئەو گرووپانەی سەرکردەکەی ئوسامە بن لادن بە ڕابەری خۆیان دەزانن بە بەرپرسیار دەزانرێن.

ئەم زیادبوونی ژمارەی تەقینەوانەو کوژراوەکان لەلایەن توندڕەوەکانەوە لە عێراق لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بایەخێکی ئەوتۆی پێنەدراوە کە شایەنی بێت، ئەمە کاریگەریی هەیە لەسەر ئەوەی بۆ ماوەیەکی فراوان ڕووداوەکان کە بەمشێوەیە ڕوودەدەن قبووڵکرا: پلانی «سێرج»ی بەناوبانگی سوپای ئەمریکا ڕێگای خۆشکرد بۆ باشبوونێکی گەورەی هەلومەرجەکە لەسەر زەمین (ئەوەش ڕوویدا)، ئێستا بەرپرسیارێتی دراوەتە دەست سوپای عێراقو دەزگا ئەمنییەکان، ئەم دەستاودەستکردنە بەبێ ئاستەنگ نابێت، ئاراستەی گواستنەوە ئاراستەی دروستە.

بەپێی ئەم شیکردنەوە باوە، ئەو بەڵێنەی باراک ئۆباما دای، کاتێک هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی بردەوە _خۆڕزگارکردنی تەواوبوو لە جەنگی جۆرج بوش لەعێراق_ بەدیدەهێنرێت، سەرەڕای هەندێک کێشە بەدرێژایی ڕێگاکە، ئەو ململانێیەی بۆ حەوت ساڵ گەرم دەبێت _درێژتر لە هەموو ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیی لەکۆتاییدا سارد دەبێتەوە.

لەجیاتی ئەوە، جەختکردنەوەی زیاتر لەسەر ئەفغانستانە، گریمانەی ئەوە لە ئارادایە پاشەکشەی ئەمریکا لێرە، ساڵی داهاتوو دەستپێبکات، ئەو دەمەی زیادبوونی کتوپڕی هێزەکانی ئەفغانستان کە خۆی لە زیادبوونی ژمارەی سەربازەکانو کردەوە سەربازییەکاندا دەبینێتەوە، بگاتە ئاستی باڵا.

لە بەریتانیا نیگەرانییەکە بەجێهێشتنی ئەفغانستانە، لەگەڵ عێراقدا یادەوەرییەکان تادێت کۆن دەبن، جگە لەوانەی خۆشەویستێکیان لە ململانێیەکەدا لەدەستداوە یان برینداربوون لەو جەنگەی هاونیشتمانەکانیان پێدەچێت زۆربەیان لەبیرچووبێت.

لەساتی هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆکایەتی ئەمریکا لە (٢٠١٢)، کردەوە جەنگییەکان دەبێت زۆر زوو کۆتایی هاتبێتو ڕێڕەوەی دەرچوون لە ئەفغانستان پێویستە دەستپێکردبێت، ئەمە بەهەرحاڵ شتێکی تیۆرییە.

وادەردەکەوێت هەندێک کێشە لەگەڵ هەموو ئەو شتانە دروستبووبێت، یەکەم، پێدەچێت واقیعی سیاسیی تادێت پێچەوانەی واقیعی سەربازیی بێت لەعێراق، گەورە جەنەراڵی عێراقی، بابەکر زێباری هەڵایەکی بچووکی دروستکرد کاتێک بەم دواییانە وتی: هێزەکانی عێراق ناتوانن بەبێ یارمەتی ئەمریکییەکان مامەڵەیەکی سەرکەوتووانە لەگەڵ هەلومەرجەکەدا هەتا ساڵی (٢٠٢٠) بکەن، ئاماژەی بەوە دا: پاشەکشەی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا باش بەڕێوەنەچووە «لەبەرئەوەی هێشتا لەوێن».

(٥٠) هەزار سەرباز بۆ هاوکاریکردن لە مەشقو ڕاهێنانو کاری لۆجستیدا دەمێننەوە، سەرەڕای ئەوەی لەتوانایاندا دەبێتو لە ئامادەباشیدا دەبن بۆ هاتنە گۆڕەپانەوە لەهەر بارێکی نائاساییدا، بەڵام پاشەکشەی یەکجارەکی هێزەکان لەساڵی داهاتوودا ئامادەکاریی بۆ دەکرێت، جەنەراڵ زێباری، کە پێدەچێت دیارییەکی پێبێت بۆ گفتوگۆی ڕاستەوخۆ، بەباشی گوزارشتی لێکردووە «کێشەکان لەدوای (٢٠١١)وە دەستپێدەکات_ پێویستە سیاسەتمەدارەکان ڕێگای دیکە بدۆزنەوە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی دروستدەبێت لەدوای (٢٠١١)».

هەروەها لەچەندین ڕۆژی ڕابردوودا جەنەراڵ دەیڤید پیترایۆس، فەرماندەی هێزەکانی ناتۆو ئەمریکا لە ئەفغانستان، ڕاشکاوانە هەندێک قسەی کردووە، ئەو ئاماژەی بەوە داوە: خۆی ناخاتە ژێرباری هیچ بەرپرسیارێتییەکەوە بەرامبەر سەرۆک ئۆباما، بەوەی گەڕانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەمانگی تەمموزی (٢٠١١) دەستپێبکات، لەبەرامبەر هەلومەرجی زیادبوونی ژمارەی قوربانییانی ئەمریکا، ئەو کاتی زۆرتری دەوێت بۆ بەدەستهێنانی متمانەی دانیشتووانی ناوخۆییو فشارخستنە سەر توندڕەوەکان.

لەواشنتۆنەوە لێدوانی جۆراوجۆر لەلایەن ئیدارەی ئەمریکاوە دەدرێتو سوورە لەسەر ئەوەی وا پیشانبدات هەموو ئەو شتانە بەشێوازی پێشوو ڕوودەدەن، عێراق لەسەر ڕێڕەوی ڕاست دەڕواتو لە ئەفغانستان جەنەراڵ دێڤید پیترایۆس لە هێڵی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی لای نەداوە.

ئەم دژبەیەکە مەترسیدارە پەیامی ناچوونییەکی داوەتە هاوپەیمانەکانو هەروەها دوژمنانی خۆرئاواش درکیان بەوە کردووە.

هەروەکو تەقینەوەکانی ئەم دواییانەی عێراق دەریدەخەن، قاعیدەو هاوپەیمانەکانی دروستبوونی بۆشاییان پێخۆشە، ئەو توندڕەوانەی بەشداریی لە جیهادی جیهانیدا دەکەن، پێناچێت پابەندبن بە هیچکام لەو خشتە زەمەنییانەی لەلایەن سەرۆکی ئەمریکاوە ڕاگەیاندراونو بە پەرۆشە بۆ دەرچوون لە دوو جەنگ، ئەوان سوورن لەسەر قۆستنەوەی ئەوە بە هەموو توانایانەوە.

ئەمە دەریدەخات هەموو کەسێک دەتوانێت خشتەیەکی زەمەنی گەڵاڵە بکات، بەڵام کاتێک دێتە سەر جەنگو شکستهێنان بە تیرۆریستان بەسانایی دەکرێت بەهۆی ڕووداوەکانەوە بێبایەخ بێت.

بێگومان مرۆڤ دەتوانێت تێبگات لە هەلومەرجی ڕای گشتیی ناوخۆیی ئەمریکاو هەوڵی دۆزینەوەی شێوازی دیکە لەلایەن زۆرینەی وڵاتانی ئەوروپاوە، بۆچی سەرۆک ئۆبامادەیەوێت ڕەوتی ڕووداوەکان بەگوێرەی سیاسەتی خۆی بێت، بەڵام ئەگەری کۆسپی گەورە لێرەدا بوونی ئینتیباعێکی ڕوونو ئاشکرایە، کە لەلایەن سەرۆکەوە دروستبووە بۆ کێشەکان، بەوەی بەرەو چارەسەر دەچن، لەجیاتی ئەوە، ئەم ئینتیباعە ڕاشکاوانە بەئاسانی دەکرێت بگۆڕێت بۆ تراویلکە.

* لە ئینگلیزییەوە: سبەی
سەرچاوە: وۆڵ ستریت جۆرناڵ



(١٢) ملیار دینار داهاتی سەرفترەی هەرێمی کوردستانە 14

# کورد کلیلی گۆڕانی دەستوورە لە تورکیا

ئا: شاڵاو فەتاح




فۆتۆ: شاڵاو فەتاح

لە سیەمین ساڵیادی کودەتای سەربازیی ساڵی (١٩٨٠)دا، ریفراندۆمی (١٢)ی ئەیلول پەسەندکردن، یان نەکردنی ریفۆرمە دەستوورییەکانی تورکیا یەکلایی دەکاتەوە. دەســتــووری ئێستای تورکیا لــەدوای کودەتای (١٢ی ئەیلولی ١٩٨٠) ئامادەکراو لە ریفراندۆمی ساڵی (١٩٨٢) پەسەندکرا، ئـەم دەســتــوورە لــەمــاوەی (٢٨) ساڵی رابردوودا (١٦) جار هەموارکراوە لەسەر داوای گشت پارتە سیاسییەکان‌و رێکخراوە ناحکومییەکان، ئەم هەموارە نوێیە چەند گۆڕانی سەرەکیی درووستدەکات، لەوانە:

## گۆڕانە بنەڕەتییەکانی دەستووری تورکیا

مادەی (١٥) لە دەستووردا کە تایبەت بوو بە پاراستنی سەرکردە کودەتاچییەکان دەســڕدرێــتــەوە، هەموارەکە سەرکردە کودەتاچییەکانی (١٢)ی ئەیلول ناچار دەکات بچنە بەردەم دادگا، گەر پێویست بکات، ئەو سەرکردە سەربازییانەش کە دەستدەخەنە کاری ناسوپاییەوەو پلانی کودەتا دادەڕێــژن، لە دادگـای مەدەنییدا دادگایی دەکرێن، ئەفسەرە سەربازییەکانی دیکەش کە لە سوپای تورکیا دەرکراون بە تۆمەتی «دواکەوتوویی»، دەتوانن سکاڵا پێشکەشی دادگــا بکەن، یەکێکی دیکە لە گۆڕانە هەرە بنەڕەتییەکان ئازادیی تاکەکەسی دەگـرێـتـەوە، بەجۆرێک کە هاوڵاتییان دەتوانن لە دادگای دەستووریی سکاڵا بکەن، کێشەی نێوان دەوڵــەت‌و هاوڵاتییان لەلایەن ناوبژیوانی یاساییەوە چارەسەر دەکرێت بەبێ بردنی هاوڵاتییان بۆ بەردەم دادگا، ئەگەر هاوڵاتییان لەگەڵ بڕیارە یاساییەکانیان پێ قبووڵنەکرا، دەتوانن ڕاستەوخۆ سکاڵا لە دادگای دەستووریی بکەن، یەکێکی دیکە لە هەموارەکان ئەوەیە، کە پارتەکان یاساغ ناکرێن‌و پەرلەمانتارەکان لەکار ناخرێن، بەهۆی گۆڕانی پەیکەری دادگای دەستوورییەوە، داخستنی پارتەکان هەروا ئاسان نابێت، تەنانەت لە حاڵەتی داخستنی پارتەکانیشدا پەرلەمانتارەکان لەکار ناخرێن‌و دەتوانن بــەردەوام بن لە کارەکانیان‌و سیاسەت بکەن، ئەمە جگە لەوەی کە کۆت‌و بەندی سەر یەکێتی‌و رێکخراوەکان نامێنێت. کــۆت‌و بــەنــدی ســەر خۆپیشاندانی رێکخراوو یەکێتییە سیاسییەکان نامێنێت، یەکێتییە پیشەییەکانیش زەرەرو زیانی خۆپیشاندانەکان (گــەر بــە ئەنقەست ئەنجامنەدرابن) لە ئەستۆ ناگرن، گشت جۆرەکانی کۆت‌و بەند لەسەر تەواوی خۆپیشاندان‌و مانگرتنە سیاسیی‌و ناسیاسییەکان دەسڕێنەوە.

## پاڵپشت‌و دژەکانی گۆڕانکاریی دەستووریی

گۆڕانکاریی دەستووریی‌و پاکێجی ئەو گۆڕانکارییە لەلایەن حیزبی دەسەڵات، واتە پارتی دادو گەشە (ئەکەپە)وە، ئامادەکراوە. هەربۆیە پشتیوانییەکی زۆری لێدەکەن‌و لە بانگەشەکانیاندا دەڵێن: ئەگەر هاوڵاتییان هەموارەکە پەسەند بکەن، ئەوە یارمەتی گەشەکردنی دیموکراسی دەدات‌و چانسی تورکیاش زیاتر دەبێت لە بوونە ئەندامی رێــکــخــراوی یەکێتیی ئــەوروپــا، بەڵام رەخنەگران دەڵێن؛ گۆڕانکارییەکە تەنیا یارمەتی ئەکەپە دەدات، کە کۆنترۆڵی دەسەڵاتی داد بکات.

پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی ناو پەرلەمان لــەدژی ریفراندۆمن‌و دەنــگ بە نەخێر دەدەن، یاخود هەر بایکۆتی ریفراندۆمەکە دەکــــەن، بــەپــێــچــەوانــەی پارتەکانی دەرەوەی پەرلەمانەوە، هەریەکە لە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی جەهەپەو مەهەپە کەمپەینی «نەخێر»یان دەستپێکردووە، ئــەوانــەی دژی گــۆڕانــکــاریــی، یان بەشداریکردنن لە ریفراندۆمدا دەتوانرێت بەمشێوەیە ریزبکرێن: جەهەپە، مەهەپە، بەدەپە، دەسەپە، دەپ‌و پارتی کرێکاران.

## پێگەی کوردەکان لە ریفراندۆمدا

پارتی ئاشتی‌و دیموکراسی پرۆکورد، کە نۆزدە کورسی پەرلەمانیان هەیە بڕیاری بایکۆتی ریفراندۆمیان داوەو بەڵێنیان داوە سندووقی ریفراندۆمەکە بە بەتاڵی بگێڕنەوە، بەڵام دوو پارتی کوردی دیکەی دەرەوەی پەرلەمان، هەریەکە لە حیزبەکانی هاکپارو کادەپ بڕیاریان داوە دەنگ بە بەڵێ بدەن، هاوڵاتییان دەنگ بە نەخێرو (٤٩,٢٪)ی دەنگ بە بەڵێ دەدەن، ئەم راپرسییە ئیختیاری بایکۆتی تێدا نەبوو، یەکێک لەو هۆکارانەی کە سەلاحەدین دەمیرتاشی هاوسەرۆکی بەدەپە ئاماژەی پێکرد، ئەو ئاژاوەچێتییانەیە کە لەلایەن ناسیۆنالیستەکانەوە دژی کوردەکان رێکدەخرێن، بەڵام هۆکاری سەرەکیتر ئـەوەیـە، کە پاکێجەکە هیچ شتێکی دەربارەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد تێدا دیاری نەکراوە، بەڵام تائێستاش مشتومڕی زۆر لەنێوان بەرپرسانی بەدەپەو حکومەتی ئەکەپە هەیە بۆ رێکەوتن‌و ئەردۆغان دەیەوێت هەرچۆنێک بێت دەنگی کوردەکان بە «بەڵێ» بەدەستبهێنێت.

## راپرسییەکان چی دەڵێن؟

ئەو راپرسییانەی پێش ئەم مانگە کران، ئەوەیان پیشاندەدا کە گۆڕانکارییەکان پەسەند دەکـرێـن. بـەڵام لــەدوای هاتنی مانگی ئابەوە، زۆرینەی راپرسییەکان دابەشبوونێکی زۆر یەکسان پیشان دەدەن لەنێوان ئەوانەی کە دەنگ بە بەڵێ‌و ئەوانەی کە دەنگ بە نەخێر دەدەن، بۆ نموونە ئەو راپرسییەی کە کۆمپانیای لێکۆڵینەوەی سۆنار کردی دەریدەخات، کە (٥٠,٨٪)ی بەشداربووان نەخێر بۆ گۆڕانکارییەکان هەڵدەبژێرن‌و (٤٩,٢٪)ی بەشداربووانیش بەپێچەوانەوە، لە دوایەمین راپرسییشدا کە پارتی دادو گەشەی دەسەڵاتدار ئەنجامیدا، (٥٨٪)ی هاوڵاتییان دەنگ بە گۆڕانکارییەکە دەدەن، بەڵام پەرلەمانتارانی ئەکەپە کار بۆ ئەوە دەکـەن، کە پشتگیریی (٦٥٪)ی هاوڵاتییان بەدەستبهێنن.

# ئاگربەستی پەکەکە لەبەردەم مەترسی بەردەوامنەبووندایە

ئا: ڕۆژنامە

دوای ئەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) ئاگربەستێکی یەکلایەنەو کاتیی راگەیاند، حکومەتی تورکیاو رێکخراوە مەدەنییەکان لە هــەوڵــی گۆڕینی ئەو ئاگربەستەدان بە ئاگربەستێکی هەمیشەیی.

ماوەی ئاگربەستەکە تا (٢٠)ی مانگی داهــاتــووەو ئەمەش مانای وایــە لەکاتی ریفراندۆمە جەماوەرییەکەی تورکیادا (٢٠١٠/٩/١٢)، پەکەکە چالاکی توندوتیژیی ئەنجامنادات لە ناوخۆی تورکیادا.

بۆزان تەکین، کە یەکێکە لە سەرکردەکانی پەکەکە لە لێدوانێکدا بۆ میدیاکان رایگەیاند: ئاگربەستەکە بەهۆی مانگی پیرۆزی رەمەزانەوەیەو وتی: «هەموو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانمان دەوەستێنین لە ناوخۆی تورکیادا» بەڵام ئەوەشی راگەیاند؛ بەرگریی لەخۆیان دەکەن ئەگەر هێرشیان بکرێتە سەر، ئەم هەنگاوە بووە هۆی دڵخۆشیی ئــەردۆغــان‌و حکومەتەکەی، بەتایبەت چونکە پێشتر مشتومڕو ترسێکی زۆر هەبوو لە هەوڵی چەکدارانەی پەکەکە بۆ شکستپێهێنانی ریفراندۆمەکە.

## مشتومڕی حکومەت‌و ئۆپۆزسیۆن

بــەڵام لەهەمان کـاتـدا بــووە هۆی کـاردانــەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتەو پارتەکەی ئەردۆغانیان بەوە تۆمەتبار کرد، کە مامەڵەیەکی نهێنیی لەگەڵ پەکەکەدا کردووە بۆ ئەو ئاگربەستە، ئەمەش بە مانای مامەڵەکردن لەگەڵ «تیرۆریستان» دێت. ئەوەی ئەو گومانەی زیاتر کرد وتەیەکی مـوراد قەرەیلان بوو، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی (میللیەت)ی تورکی.

موراد قەرەیلانی سەرۆکی کۆماجڤاکێن کوردستان وتــی: دوای چەند گفتوگۆو مامەڵەیەکی نهێنیی نێوان حکومەتی تورکیاو عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی زیندانیکراوی پەکەکەدا دێت. هەرچەندە چەند لێکۆڵیارێکی سیاسیی ئەو وتەیەی قەرەیلانیان بەناڕاست لە قەڵەمدا، بەڵام بـەڕای ئەمرە ئۆسلو، گۆشەنووسی وێبسایتی تودەیس زەمانی ئینگلیزی-تورکی: «لەڕاستیدا پێدەچێت وابێت، چونکە چیدیکە شــاراوە نییە، کە سووپاو میت بە شــاراوەیــی‌و لەماوەی دەیەی رابردوودا پەیوەندییان بە عەبدوڵڵا ئۆجەلانەوە کردووە لە زینداندا»، پارتی گەلی کۆماریخوازی ئۆپۆزسیۆنیش، جەهەپە، رایگەیاند؛ سەرۆکی ئاژانسی موخابەراتی تورکیی، میت، لە مانگی تەممووزدا لەگەڵ ئۆجەلان کۆبووەتەوە.

دوای گەرمبوونی مشتومڕ لەسەر ئەو پەیوەندییە، عەبدوڵڵا گولی سەرۆک وەزیرانی تورکیا ئاگربەست‌و کۆبوونەوەی رەتکردەوەو وتی: لەگەڵ تیرۆریستاندا گفتوگۆ ناکەین، ئەمە جگە لەوەی دامەزراوە دەوڵەتییەکانی تورکیا دووپاتیانکردەوە کە لە شەڕکردن دژی پەکەکە بەردەوامدەبن‌و سوپاش ئاگربەستەکەی فەرامۆشکردووە.

## مەرجەکانی پەکەکەو هەڵوێستی تورکیا

بۆ بەردەوامبوونی ئەو ئاگربەستە پەکەکە لەلایەن خۆیەوە چەند مەرجێکی داناوە، لەوانە: وەستاندنی تەواوی هێرشە سەربازییەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر پەکەکە، بەتایبەت بەمدواییانە شەڕەکانی نێوان هێزەکانی سوپای تورکیاو پەکەکە قوربانیی زۆریان لێکەوتەوەو حکومەتیش بڕیاریدا یەکەیەکی تایبەتی سوپایی رێکخراو بۆ شەڕکردن لەگەڵ پەکەکە دابمەزرێنێت.

دووەم مەرجیان، بریتییە: لە ئازادکردنی ژمارەیەکی زۆر لە زیندانیانی سیاسیی کە ئێستا لە گرتووخانەکانی تورکیادان، پەکەکە داوای ئازادکردنی (١٧٠٠) سیاسیی کورد دەکـات، کە ئێستا لە زیندانەکانی تــورکــیــادان، مەرجی سێیەمی پەکەکە بریتیبوو لە گفتوگۆو دانووستانی بێمەرج لەگەڵ تورکیادا، واتە تورکیا رازی بێت بەبێ هیچ مەرجێک دانووستان لەگەڵ پەکەکە ئەنجامبدات.

حکومەتی تورکیا لە رابردوودا تەواوی ئاگربەستەکانی پەکەکەی رەتکردووەتەوە لەبەرئەوەی بە رێکخراوێکی «تیرۆریستی» لە قەڵەمدەدات‌و لەلایەن ئەمریکاشەوە هەر بەوشێوەیە پۆلێن دەکرێت، عەبدوڵڵا گولی سەرۆک کۆماری تورکیا لەلایەن خۆیەوە دانوستانی رەتکردەوەو هیوای خواست، کە ئەندامانی پەکەکە شێوازی خۆیان بگۆڕن بەهۆی مانگی پیرۆزی رەمەزانەوە، یەکێک لە ژەنەراڵەکانی تورکیاش رایگەیاند: «ئەوان مەرج بۆ حکومەت دادەنێن، بەڵام تــەواوی مەرجەکانیان قبووڵنەکراوە»، دەستگیرکراوەکانیش لەلایەن حکومەتی تورکیاوە بە «سیاسیی» ناوزەد نەکراون، بەڵکو «تۆمەتبارن بە پاڵپشتیکردنی رێکخراوێکی تیرۆریستی».

ئەمە جگە لەوەی لە کاتی ئاگربەستەکەدا کــاری هێرشبەرانە کــراوە، کە لەلایەن سەرکردایەتی پەکەکەوە پشتڕاستکراوەتەوە، بۆ نموونە گەریلاکانی پەکەکە لەناو تورکیادا بۆرییە نەوتێکیان تەقاندەوەو دواتریش بەرپرسیارێتی خۆیان دەربارەی ئەو رووداوە راگەیاند، بەپاساوی ئەوەی ئەو بۆرییە نەوتە لەدژی ئەوان بەکاردێت، هەربۆیە هێرشکردنە سەری «بەشێکە لە بەرگریی لەخۆکردن».



گەریلاکانی پەکەکە

## چارەنووسی ئاگربەست

پێناچێت ئاگربەستەکەی پەکەکە ببێتە هەمیشەیی وەک زۆرێــک لە ناوخۆو دەرەوەی تورکیادا هیواخوازن، ئەوەش چەند هۆکارێکی هەیە، موهەمەد چەتینی گۆشەنووسی تودەیس زەمان دەنووسێت: ئاگربەست لەنێوان دوو لایەنی یاسایی دەکرێت، بەڵام تائێستاش حکومەتی تورکیا پەکەکە بە نایاسایی‌و «تیرۆریست» لە قەڵەمدەدات، دواتـر چەتین دەنووسێت، ئاگربەست پێویستی بە میکانیزمێک هەیە بۆ بەئاکامگەیشتن، وەک بوونی لایەنی سێیەم بۆ بنیادنانی متمانە لەنێوان دوو لایەنەکەداو بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ئاگربەستەکە، ئەمە جگە لـەوەی داوای زۆر کـراوە بۆ بەردەوامبوونی ئاگربەستەکەو بێ نەخشە ئەنجامدراوەو رێکەوتنێکی لاوازیشە.

## «پێویستە (٣٪)ی داهاتی کارگەکانی چیمەنتۆی سلێمانی، بۆ سلێمانی بێت»

# سلێمانی، ساڵانە (٦)ملیۆنو (٤٨٠)هەزار دۆلاری لەدەستدەچێت

راپۆرتی: ئەلەند مەحوی

**سێ کارگەی چیمەنتۆ (تاسڵوجە، ماس، بازیان) لە خۆرئاوای سلێمانیداو بە بەردو کارەبای شارەکە، ساڵانە (٦٤٨٠٠٠٠)تـــەن چیمەنتۆ بەرهەمدەهێننو دووکەڵ بەسەر سلێمانیدا دەکەن، بەبێ ئەوەی دۆلارێک بۆ ژینگەی شارەکە تەرخان بکەن.**

بزنسمانێکی سلێمانی، پێیوایە: دەبێت شـــارەوانـــی، یـــان پارێزگای سلێمانی، مانگانە بۆ هەر تەنێک چیمەنتۆ، (١) دۆلار لە کارگەکانی (تاسلوجە، ماس، بـــازیـــان) وەربــگــرێــت، بـــۆ ئـــەوەی لە خزمەتگوزارییەکانی سلێمانیدا سەرف بکرێتەوە، چونکە بە بڕوای ئەو بزنسمانە: «ئـەم کارگانە ژینگەی سلێمانی بە دووکـەڵو تەپوتۆزەکانیان پیس دەکـەنو رێگاوبانەکانیش بەهۆی بارهەڵگرەکانیانەوە زیاتر تێکدەچێت، جگە لەوەی کە کارەبای سلێمانی دەبەنو بەردی سلێمانی بەکاردەهێنن».

پێشنیازیئەمبزنسمانەلەپەسەندکردنی بودجەی (٢٠١٠)ی عێراقەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پەرلەمانی عێراق بڕیاریدا هەر بەرمیلێک نەوت لە هەر پارێزگایەکی عێراق دەربهێنرێتو بفرۆشرێت، دەبێت بڕی (١)دۆلاری بدرێت بە خزمەتکردنی ئەو پارێزگایە.

ئیسماعیل گـەڵاڵـەیـی، ئەندامی لیژنەی پیشەسازییو وزەو سەرچاوە سروشتییەکان، ئاشکرای دەکات: چیمەنتۆ لە هەرێمی کوردستاندا قازانجی زۆرەو «(٨٠٪)ی قازانجە»، بۆیە پێیوایە: «ئەو بـیـرۆکـەیـە گونجاوەو بەپێویستی دەزانێت کاری پێ بکرێت».

هەرسێ کارگەی چیمەنتۆی (تاسڵوجە، ماس، بازیان) لە خۆرئاوای سلێمانیدا، رۆژانە هەریەکەیان لانیکەم (٦)هەزار تەن چیمەنتۆ لە بەردو بە کارەبای سلێمانی بەرهەمدەهێنن، واتە لە ساڵێکدا، دەکاتە (٦) ملیۆنو (٤٨٠)هەزار تەن چیمەنتۆ.

بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، نزیکەی (١٠٠)مێگاواتی کارەبای خەڵکی شارەکە دەڕوات بۆ ئەو سێ کارگەی چیمەنتۆیە، کە دەکاتە (٤/١)ی پێویستیی شاری سلێمانیو بە گەڕانەوەی ئەو بڕە کارەبایە، نزیکەی (٤-٦)سـەعـات کارەبای سلێمانی زیاد دەکات، لە کاتێکدا هەموو شاری سلێمانی پێویستی بە (٤٠٠)مێگاوات کارەبایەو ئەو کارەبایەشی دەدرێتە ئەو کارگانە، لەژێر کۆنترۆڵی کارەبای سلێمانیدا نییە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کارەبای سـلـێـمـانـی، جـەخـتـی کردەوە کە کارگەکانی چیمەنتۆی ماس، راستەوخۆ لە هێڵی (١٣٢ کەیڤی)یەوە کارەبا وەردەگرنو لەئێستاشدا کۆمپانیای چیمەنتۆی بازیانیش، داوای کارەبا دەکات، راستەوخۆ لە هێڵی پاڵەپەستۆ بەرزی (١٣٢ کەیڤی)یەوە.

کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجومەنی پـاریـزگـای سلێمانی، پشتیوانی ئەو بیرۆکەیە دەکـاتو دەڵێت: «ئەگەر ئەو کارگانە ئەو بڕە پارەیە بدەنە سلێمانی، دەتوانرێت خزمەتی شارەکەی پێبکرێت، بەڵام پێویستە پەرلەمان پەسەندی بکات».

یەکێک لەو بەرهەمانەی کە شاری سلێمانی پێدەناسرێتەوە چیمەنتۆیە، کە پێشتر (٤)کارگە هەبوو، بەڵام کارگەی چیمەنتۆی سـەرچـنـار، لـەبـەرئـەوەی دووکەڵێکی زۆری بەسەر ناوچەکەدا دەکرد، لەلایەن حکومەتەوە داخرا.

ئەو بزنسمانە کە پێی باش نەبوو ناوی بهێنرێت، بڕوای وایە: «ئەرکی ئەو کارگەی چیمەنتۆیانە بوو کە تا ئێستا هەموو خۆرهەڵاتی سلێمانییان لەسەر حسابی خۆیان بکردایەتە ناوچەی سەوزاییو رێگەی کەرکوک سلێمانیشیان لـەسـەر بـودجـەی خـۆیـان بکردایەتە شەقامێکی فراوانی پێشکەوتوو».

بەڵام، ئەو پەرلەمانتارە کە نوێنەرایەتی پارێزگای سلێمانی دەکات لە پەرلەمان، ریـــژەی (١)دۆلار بۆ تەنێک چیمەنتۆ بە کەم دەزانێتو دەڵێت: «(١)دۆلار بۆ تەنێک چیمەنتۆ کەمەو پێویستە (٣٪)ی قازانجی چیمەنتۆی ئەو کارگانە، بۆ شارەوانیی سلێمانی بێت».

ئەو پەرلەمانتارە نایشارێتەوە کـە خـۆی لـە وڵاتـی ئـێـران کارگەی هەیەو جگە لە (١٢٪)ی زەریبە، لە هەمانکاتدا (٣٪)ی قازانجیش دەدات بە حکومەت بۆ باشکردنو سەوزکردنو پاککردنەوەی ژینگە.



سەرەڕای بوونی سێ کارگەی چیمەنتۆ لە پارێزگایەکدا، نرخەکەی هەر بەرەو گرانیی دەچێت

فۆتۆ: رۆژنامە

# رێنمایی نوێی پێشینەی خانووبەرە گرفت بۆ قەزاو ناحیەکان دروستدەکات

راپۆرتی: هەنگاو هاشم- هەولێر

**رێنماییەکانی تایبەت بە پێدانی پێشینەی خانووبەرە بۆ قەزاو ناحیەو گوندەکان، کێشەی تێدەکەوێتو قایمقامی قەزایەکیش باس لەوەدەکات، کە کارەکانیان بۆ رایی ناکرێت.**

دلاوەر عومەر، قایمقامی قەزای شەقڵاوە، بە رۆژنامەی راگەیاند: بەپێی رێنماییەکانی تایبەت بەپێدانی پێشینەی خانووبەرە، قەزاو ناحیەو گوندەکان دەگرێتەوە، بەڵام چەندین مامەڵە لە ناوچەکەمان رایی نەکراوەو کێشەو گرفتیان بۆ دروستکراوە، بەهۆی هەندێک رێنماییەوە کە قەزاو ناحیەکان ناگرێتەوە.

ناوبراو کێشەکەی زیاتر روونکردەوەو وتی: «چەندین ناحیە لە سنووری قەزای شەقڵاوە هەن کە تا ئێستا تاپۆیان نییە، وەک ناحیەی بالیسانو هیرانو هەریر، ئەمەش وادەکـات کە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بێبەش بنو نەتوانن سوودمەندبن لە وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە».

وەزارەتی داراییو ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە (٢٣)خـاڵ دەقی رێنماییەکانی پێدانی پێشینەی خانووبەرەی گوندو شارەدێو شارۆچکەکانی دەرکردو تێیدا مەرجی خێزانداریو رەهنو نەخشەی خانوو مووچەی بنەڕەتیو کەفیل بە مەرج دادەنێتو لەگەڵ پشتگیریی بۆ سەلماندنی نیشتەجێیی هاوڵاتییان لەو گوندو ناحیانە.

قایمقامی شەقڵاوە، وتیشی: «بەپێی رووە یاساییەکەی رێنمایی تایبەت بەپێشینەی خانووبەرە بۆ قەزاو ناحیەو گوندەکان، ئەو ناحیانەی کە تاپۆیان نییە، یان لەپێشدا گوند بـوونو ئێستا بوون بەناحیە، پێشینە دەیانگرێتەوە، بەڵام ئێستا ئاگادار کراوینەتەوە کە پێشینە، قەزاو ناحیەکان ناگرێتەوەو بانکەکانیش ئاگاداریان کردووینەتەوە کە قەزاو ناحیەکان ناتوانن لە پێشینەی خانووبەرە سوودمەندبن، ئەمەش کێشە بۆ ئێمە دروستدەکاتو بەشێکی زۆری هاوڵاتییانیش لێی بێبەش دەبن، تا ئێستا نازانین دامودەزگاکان کێشەمان بۆ دروست دەکەن، یان بڕیاری حکومەتە کە پێشینەی خانووبەرە قەزاو ناحیەکان ناگرێتەوە».

بە نووسراوی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیـران، ژمارە (٧٩٥٣) لە (٢٠١٠/٧/١٣) رەزامەندیی دراوە لەسەر پێدانی پێشینەی خانووبەرە بە دانیشتووانی شارۆچکەو شـــارەدێو گـونـدەکـان، ئـەوانـەی کە زەوییەکانیان تەسوییەیان بۆ نەکراوەو وێـنـەی تـۆمـاری سەربەخۆیان نییە بۆ دروستکردنی خانووی نیشتەجێبوون لەسەر زەوییەکانیان.

دلاوەر عومەر، داواشیکرد، کە مەرجی سوودمەندبوون بۆ ئەو کەسانە هەڵبگیرێت کە لەکۆمەڵگە زۆرە ملێکان نیشتەجێبوون، «پێمان باشە کە هەرکەسێک لە گوند دابنیشێت، بەبێ هیچ مەرجێک سوودمەند بێت لە وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە».

هەروەها برگەیەکی تری رێنماییەکان دەربارەی وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە، بـاس لـەوەدەکـات کە نابێت ئەوکەسەی پێشینە وەردەگـرێـت، خانووی بەناوەوە بێت، بەڕێوەبەری ناحیەی شەقڵاوە ئەو خاڵە بە زیاد دەزانێت، چونکە بە وتەی ئەو: «رەنگە ئەو خانووە خراپ بووبێتو هەوڵی دروستکردنی خانووی نوێ بدەن».

سەباحەت حەمەتاهیر، بەڕێوەبەری بانکی خانووبەرە لە هەولێر بە رۆژنامەی راگەیاند: «هەرشوێنێک تاپۆی نەبێت، دەتوانێت سوودمەند بێت لەپێشینەی خانووبەرە، بەڵام ئەگەر بێتو شوێنێک نیوەی تاپۆی هەبێتو نیوەی تاپۆی نەبێت، ئەوا سەرجەم شوێنەکە ناتوانێت سوودمەند بێت لەپێشینەی خانووبەرە، هەرشوێنێکیش تاپۆی هەبێت، ناتوانێت سوودمەند بێت لەم پێشینەیە، بەڵکو دەبێت بە عەقاری ناوشار سوودمەند بێت».

بەپێی رێنماییەکانی پێدانی پێشینەی خانووبەرە، بڕی قەرزەکە (١٥)ملیۆن دینارەو لـەدوو قۆناغی بادلۆو بنمیچدا دەدرێت، بە مەرجێک رووبەری بیناکەی لە (١٠٠م) کەمتر نەبێتو پێشتریش پێشینەی لە بانکەکانی هەرێم وەرنەگرتبێت، هەروەها دەبێت ئـەو کەسە کەفیلێکی هەبێت کە مووچەی بنەڕەتی لە (٣٦٢)هــەزار دینار کەمتر نەبێت، بۆ فەرمانبەریش کە پێشینە وەردەگـرێـت، نابێت خزمەتی لە ساڵێک کەمتر بێت، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەر هاتو خانووەکەی قۆناغی بنمیچی (سقف) تەواو بوو، بەڵام کەموکووڕیی سپیکارییو دەرگاو پەنجەرە، یان کاشیو دەرگاو پەنجەرەی هەبێت، بە یەکجار پێشینەکە وەردەگرێت، بۆ فەرمانبەرانیش کە مووچەی بنەڕەتییان (٦٥٠) هەزار بێت، بە پازدە ساڵ قەرزەکە دەدەنەوە، ئەوانەیش کە لەو بڕە کەمتر وەردەگـرن، بە (١٥)ساڵ لێیان وەردەگیرێتەوە، پێشینە وەرگـر، دوای مردنی لەلایەن کۆمپانیای دڵنیایی قەرەبوو دەکرێتەوە.



رێنماییەکانی پێشینەی خانووبەرە لە (٢٣) خاڵدا بڵاوکراوەتەوە

فۆتۆ: رۆژنامە

خوێندكارانی بناوەسووتە چەندین كیلۆمەتر بۆ خوێندن دەبڕن 16

# (١٢) ملیار دینار داهاتی سەرفترەی هەرێمی كوردستانە

راپۆرتی: شارا عەبدولڕەحمان



فۆتۆ: AFP –رۆژنامە

## وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف: خەڵك متمانە بە دەزگایەك ناكەن سەرفترەو زەكات كۆبكاتەوە

كوردستان پێویستی بەبوونی دەزگایەكی تایبەتمەند هەیە بۆ كۆكردنەوەی سەرفترەو زەكات، تا بەوشێوە هەڕەمەكییەی ئێستا هەیە دابەشنەكرێتو سوود بگەیەنێت بە هـــەژاران، بەڵام بە بـڕوای وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف «پێدەچێت خەڵك متمانە بە دەزگایەك بۆ كۆكردنەوەی سەرفترەو زەكات نەكەن».

لە دینی ئیسلامدا لەسەر هەر موسڵمانێك پێویستكراوە، لەمانگی رەمەزانداو پێش هاتنی جەژنی رەمــەزان بڕێك پارە یان قوت بدات بە هەژاران، هەروەها ئیسلام زەكاتی لەسەر ئەو موسڵمانانەش واجب كردووە كە ساڵێك بەسەر سامانەكەیاندا تێپەڕ دەكات، بێ ئەوەی پێویستیان پێی بێتو دەستاودەستی پێوە بكەن.

لە كوردستاندا هەر خێزانێك كۆی پارەی سەرفترەو فیدیەی رۆژوو و زەكاتی خۆی كۆدەكاتەوەو دەیداتە كەسێك كە شایەنی بێت، كە رەنگە پارەكە ئەوەندە نەبێت تا ئەو كەسەی كە وەریدەگرێت سوودێكی ئەوتۆی لێ ببینێت، هەر بە پێویست دەزانرێت شوێنێكی گشتیی هەبێت بۆ وەرگرتنی پارەی سەرفترەو زەكاتو دابەشكردنی بەسەر هەژاراندا.

زیاتر لە دوو ساڵە وەزارەتی ئەوقاف پرۆژەیەكی بۆ ئەو مەبەستە ئامادەكردووە، چەندینجاریش ئاڵوگۆڕی پێكراوە لەنێوان وەزارەتی ئەوقافو ئەنجومەنی وەزیرانداو لــەلایــەن چەندین پسپۆڕی دارایـــیو كۆمەڵایەتیو ئاینییەوە بۆچوونی لەبارەوە وەرگیراوە، كە بەپێی تەخمیناتی، ئەگەر دەزگایەك بۆئەو مەبەستە دابمەزرێتو خەڵك هاوكاریی بكات، لە توانایدا دەبێت، ساڵانە داهاتی لە (٢٠-٣٠) ملیۆن دۆلار بێت، بەوپێیەش ئەگەر بە رێكوپێكی دابەشبكرێت «رەنگە بە رێژەیەكی بەرچاو هەژاریی كەمبكاتەوە».

مــەریــوان نەقشبەندی، وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف، بە رۆژنامەی راگەیاند: بەپێی پرۆژەكە ئەو دەزگایە پێویستی بە ژمارەیەكی زۆر لە فەرمانبەرو توانای زانستیو ئاینییو دارایی زۆر دەبێت، كە لە توانای وەزارەتی ئەوقافدا نابێت، هەر بۆیە دەكرێت ئەو دەزگایە سەربەخۆ بێت، بەڵام نوێنەری وەزارەتەكانی ئەوقافو داراییو كۆمەڵایەتیو چاودێری دارایی تێدابێت.

وەزارەتـــی ئەوقاف بۆ ئەمساڵ بڕی ٢,٥٠٠ دینـــاری بۆ هــەر موسڵمانێك دیاریكردووە كە وەك سەرفترە بیدات بە هـــەژاران، بەپێی ئاماری وەزارەتـــی بازرگانیش ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی كوردستان نزیكەی (٥) ملیۆن كەسە كە كۆی سەرفترەی هەرێم دەكاتە(١٢) ملیارو (٥٠٠) ملیۆن دینار، بەپێی وتەی بەرپرسانیش هـــەزاران كـــەس هـــەن كە زەكات لە سامانەكانیان دەردەچێت.

سەبارەت بە بەگەڕخستنی پرۆژەكە، مەریوان وتیشی: «ئێمە پرۆژەكەمان تـــەواوكـــردووە، بـــەڵام ئیتر لە ئەستۆی حكومەتە كە بینێرێتە پەرلەمان بۆ گفتوگۆكردن لەبارەیەوە، بەڵام پێدەچێت كاری پێنەكرێت، چونكە رەنگە حكومەت بزانێت كە زۆربەی خەڵك متمانەی دانانی ئەو پارەیەی لای ئەو دەزگایە نابێتو رەنگە هاوكاریی نەكەن، ئەمە جگەلەوەی كە جێبەجێكردنی زۆر ئاڵۆزەو ئیمكانیەتێكی باشی دەوێت».

### چۆن سەرفترە دیاریی كرا؟

لیژنەی باڵای فەتوای كوردستان بڕی سەرفترەو فیدیەی رۆژوو و زەكاتی دیاریكرد، كە بەپێی راگەیەنراوێكی لیژنەكە بەمشێوەیەیە: سەرفترە (٢٥٠٠) دینار بۆ هەر كەسێك، فیدیەی رۆژوو (٢٥٠٠) دینار بۆ هەر كەسێك، ئەندازەی ئەو پارەیەی كە زەكاتی تێدا واجبە بریتییە لە (٤,٠٠٠,٠٠٠) دینار.

بەپێی شەریعەتی ئیسلام، لە مانگی رەمەزاندا جگە لەوەی بەڕۆژووبوون فەرزە لەسەر هەر موسڵمانێكی باڵغی عاقڵ، بەهەمانشێوە سەرفترەش فەرزەو پێویستە سەرۆكی هەر خێزانێك بەپێی ئـــەو بـــڕەی ساڵانە دیاریدەكرێت بۆ هەر تاكێك بیدات لە منداڵێكی تازە لەدایكبووەوە تا گەورەترین تەمەنی منداڵەكانی كە لە ماڵەكەدا ماون، هاوكات سەرفترەی خۆیو ژنەكەشی ئەگەر لە ژیاندا مابوو.

لەوبارەیەوە م. ئەحمەدی شەریعە، ئەندامی لیژنەی باڵای فەتوای كوردستان بەرۆژنامەی راگەیاند: بەپێی مەزهەبی ئیمامی شافعی، ئەو كەسەی كە قووتی هەبوو وەك گەنمو برنج، دەبێت بۆ هەر كەسێك (٦٠٠)غرام لەو قووتە بدات بە هەژار یان هەتیوێك، ئەگەر قووتیشی نەبوو دەتوانێت بەپارە بیدات، «كە بەهۆی ئـــەوەی گەنمی پاك ئێستا لە بازاڕدا لەنێوان (٧٥٠-١٠٠٠) دیناردایە، كەواتە ئەو كەسە دەبێت (٢٥٠٠) دینار وەك سەرفترە ببەخشێت.

بەپێی خەمڵاندنێكی نارەسمیی، ئەگەر لە كۆی دانیشتووانی هەرێمی كوردستان (٥) ملیۆن كەس سەرفترە بداتو هەر یەكێكیشیان (٢٥٠٠) دینار بدات، ئەوا كۆی سەرفترەی دانیشتووانی هەرێم دەكاتە (١٢) ملیارو (٥٠٠) ملیۆن دینار.

سەبارەت بە فیدیەی رۆژووش، وەك م. ئەحمەدی شەریعە روونیكردەوە: بۆ ئەو كەسانەی كە نەخۆشیی درێژخایەنیان هـــەیـــە یـــان پـــەككـــەوتـــەنو تـــوانـــای رۆژووگرتنیان نەماوە، بەهەمانشێوە دەبێت بۆ هەر كەسێك (٢٥٠٠) دینار بۆ هەر رۆژێك بدات، واتە بۆ مانگە كە (٧٥) هەزار دینار دەدات.

سەبارەت بە زەكاتیش، ئەندامەكەی لیژنەی بـــاڵای فەتوا رایگەیاند: ئەو پارەیەی كە مرۆڤ هەیەتی جا بە پارە بێت یان بە ئاڵتون، زەكاتی دەچێتە سەر بەو مەرجەی كە ئەو پارەیە نوستووبێت، واتە كارو كاسبی پێوەنەكرێت، بەوپێیەش كە هەر (٢٠) مسقاڵ ئاڵتوونی عەیارە (٢٤) ئێستا بە (٤,٠٠٠,٠٠٠) دینارە، بۆیە زەكاتی ئەو بڕە پارەیە لە هەر ملیۆنێك (٢٥) هـــەزار دینارمان دیاریكردووە، ئەگەر پارەكەشی لـــەوە كەمتر بوو، زەكاتی لێنەداتو واجب نییەو كەسەكە گوناهبار نابێت».

## (١٠٠٠) كارمەندی ئەوقاف «مووچەی حەرام» وەردەگرن

رۆژنامە

زیـــاتـــر لـــە (١٠٠٠) كـــارمـــەنـــد (كـــە خزمەتگوزارن) بێئەوەی دەوام بكەن مانگانە مووچە لە وەزارەتـــی ئەوقافو كاروباری ئاینیی وەردەگرن، ئەندامێكی لیژنەی باڵای فەتوای كوردستانیش وەرگرتنی مووچە بێ دەوامكردن، بە «حەرام» لەقەڵەم دەدات.

بەپێی ئامارێك كە لە وەزارەتی ئەوقافو كـــاروبـــاری ئاینیی حكومەتی هەرێمەوە دەســـت رۆژنـــامـــە كـــەوتـــووە، (١٤٥٠٠) فەرمانبەرو خزمەتگوزاری هەیە، لە كۆی ئەو ژمارەیە (٨٠٠٠) كەسیان خزمەتگوزارنو (١٠٠٠) كەسیان دەوام ناكەنو مووچە وەردەگـــرن، كە دەكاتە ٦,٨٩٪ی سەرجەم كارمەندان، لەكاتێكدا «بە هێندەی ژمارەی خزمەتگوزارەكان مـــزگـــەوت هەیە، كە پێویستیان بە خزمەتگوزار هەیە، بەڵام كەسی لێ نییە».

مەریوان نەقشبەندی، وتەبێژی وەزارەتی ئەوقاف بە رۆژنامەی راگەیاند: «زۆربەی ئەو خزمەتگوزارانە لە سەردەمی دوو ئیدارەییدا دامەزراون بەشێوەیەكی هەڕەمەكیو بە ناڕێكیش دابەشكراون، بەجۆرێك كە مزگەوتی وا هەیە زیاتر لە (١٠) خزمەتگوزاری هەیە دەوام ناكەن، (١٠٦٠) مزگەوتیش هیچ خزمەتگوزارێكی نییە».

ســـەبـــارەت بـــە پرسی چـــارەســـەركـــردنـــی ئەو ناڕێك دابەشكردنەو لێپێچینەوە لەو خزمەتگوزارانە كە مووچە وەردەگـــرنو دەوام ناكەن.

مـــەریـــوان وتـــی: «ئەو كەسانە دەبێت بەپێی یـــاســـای مـــەدەنـــیـــی مامەڵەیان لەگەڵدا بـــكـــرێـــت، بـــەڵام كێشەكەی ئێمە ئەوەیە كە چۆن بـــتـــوانـــیـــن ئـــەو كەسانە بدۆزینەوە، چونكە زۆرجار روویداوە كە ســـەردانـــی مزگەوتەكانمان كـــردووە مامۆستای مزگەوتەكە پێی وتووین كە خۆی رێی پێداون هەر رۆژەی یەكێك یان دووانیان دەوام بكەن، بەو هۆیەشەوە ناتوانین بیاندۆزینەوە، هەر بۆیە پێویستمان بە هاوكاریی خەڵكە بۆ دۆزینەوەی ئەو خزمەتگوزارانە».

لـــە ئـێـــســـتـــاشـــدا وەزارەتـــــی ئەوقاف لیژنەیەكی تایبەتمەندی پێكهێناوە كە بەنهێنیی سەردانی مزگەوتەكان دەكـــەنو دڵنیا دەبـــنـــەوە لـــە دەوامـــكـــردن یان نەكردنی ئەو خزمەتگوزارانە كە مووچەی مانگانەشیان پێدەدرێت، تا لەڕێی یاساوە مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێت.

لەڕووی لایەنەشەرعییەكەوە،م.ئەحمەدی شەریعە، ئەندامی لیژنەی باڵای فەتوای كوردستان، ئەوەی بۆ رۆژنامە روونكردەوە، هەر كارمەندێك لە هەر وەزارەتێكدا بێت دەوام نەكاتو مووچە وەربگرێت، ئەوا لە رووی شەرعەوە «مووچەكەی حەرامە»، وتیشی: «هەرچەندە كارمەند هەر كارمەندەو پێویستە ئەركو فەرمانی خۆی جێبەجێبكات، بـــەڵام كارمەندانی وەزارەتـــی ئەوقاف لەبەرئەوەی كە وەزارەتێكی ئاینییە، پێویستە زیاتر ئیلتیزام بە دەوامەكەیانەوە بكەن».

وەزارەتـــی ئەوقافی حكومەتی هەرێم خاوەنی (٤) ئوتێلو (١٢٧١) دوكانی بازرگانیو (٣٦٦) خانووی كرێو (١٤٥) شوقەیە، ئەمە جگە لە (٤٥٦٣) مـــزگـــەوتو (١٤٩) تەكیەو (٥٦) حوجرەی فەقێیانو (١٢٦) مەزارو (٣١٤) هۆڵی بۆنە ئاینییەكان، هـــەروەك ئـــەو وەزارەتـــە خاوەنی (٢٢) ئۆتۆمبێلو (٤٣) موەلیدەو (١٠٨) كۆمپیوتەرو (٢٦٣٧) پارچە زەویو (١٨) باڵەخانەی موساتەحەو (١ ١) باڵەخانەو (١٧٩) بێستانو (٧) گەراجە.



فۆتۆ: AFP –رۆژنامە

### لە ماوەی ساڵێکدا لە (٤٨) هەزار تەنیا (٣٣٨٣) کەس کاریان بۆ دۆزراوەتەوە

# ڕووپێوییەک: (٧٣٪)ی گەنجان بێکارن. وتەبێژی حکومەت: ئەو ڕووپێوییە دروست نییە.

هەنگاو هاشم- هەولێر

بەپێی ئەو داتاو زانیاریانەی کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەیخەنەڕوو، لە هەرێمی کوردستان بەشێکی زۆری گەنجان بێکارن یان لە دۆخی هەژاریدا دەژین.

بەپێی ڕاپۆرتی چوارەمی ڕێکخراوی تواناسازیی لاوان، کە بۆ ساڵی (٢٠٠٩) ئامادەکراوەو تایبەتە بە گەنجان، دەریخستووە گەنجانی هەرێمی کوردستان لە دۆخی هەژاریدا دەژین، هەروەها ڕێژەی بێکاریی گەنجان گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە بە بەراورد لەگەڵ ساڵەکانی دیکەدا، کە لە ڕاپۆرتەکانی پێشووی ڕێکخراوەدا ئاماژەی پێکراوە.

شاد محەمەد، بەرپرسی ڕێکخراوی تواناسازیی لاوان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئەم ڕێژە زۆرەی بێکاریی گەنجان بەهۆی نەبوونی ڕێکخستنی کارەوەیە، ئەمەش وایکردووە لە دۆخێکی هەژاریدا بژین».

ڕوونیشیکردەوە، ڕێژەی بەشداریی گەنجان لە پۆستە باڵاکانی حکومەتدا پاشەکشەی کردووە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕەوشی گەنجان لە ئاستێکی باشدا نەبێت، هەروەها سستبوونی گەنجان لە ئاستە باڵاکانی دەزگا حکومییەکان، لەگەڵ ئەمانەشدا گەنج فەرامۆشکراوە لە کارنامەی حکومەتدا.

پاش کۆتاییهاتنی شەڕی ناوخۆ، بەهۆی گرانیو بێکارییەوە گەنجێکی زۆری هەرێمی کوردستان ڕوویان لە هەندەران کرد، بەڵام لە ئێستادا ئەو ڕێگەیەشیان نەماوەو لە ناوخۆشدا ئەگەر خوێندنیش تەواوبکەن، دانامەزرێنو بێکار دەمێننەوە.

نەزمی موسا عوسمان، جێگری بەڕێوبەری گشتیی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لە ساڵی (٢٠٠٤)ەوە زیاتر لە (٤٨) هەزار کەس لە سەرجەم هەرێمی کوردستان سەردانی بەڕێوەبەرێتییەکەمانیان کردووە بۆ ئەوەی کاریان بۆ بدۆزینەوە، لەم ڕێژەیەش لەساڵی (٢٠٠٩) کارمان بۆ (٣٣٨٣) کەس دۆزیوەتەوە.

ئاماژەی بەوەش دا: لەو ڕێژەیەی کە سەردانیان کردووین، بەشی هەرە زۆریان گەنجن، هەروەها بۆ زیاتر زانیاری ڕێژەی بێکاریی گەنجان چاوەڕوانی سەرژمێریی گشتیی عێراق دەکەین، کە بڕیارە لە مانگی (١٠)ی ئەمساڵ بەڕێوەبچێت.

ڕووپێویی لاوان بۆ ساڵی (٢٠٠٩) دەریخستووە ڕێژەی لە (٧٣٪)ی گەنجانی هەرێمی کوردستان بێکارن، هەروەها بەشێک لەوانەی کاردەکەن لە کارەکانی خۆیان نارازین.

کاوە مەحمود، وەزیری ڕۆشنبیریو وەرزشو لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ڕۆژنامە وتی: ڕێژەیەکی بێکاریی هەیە لەلای وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتییە، لەگەڵ ئەمەشدا ڕووپێوییەک کراوە باس لەوەدەکات ڕێژەی بێکاریی زیاتر لە (٧٠٪) یە، ئەم ڕێژەیەش لەئەنجامی ڕووپێویی لاوان بوو، ئەم ئامارەش دروست نییە، چونکە چەند هەزار خێزانێکی گرتووەتەوە.

وتیشی: یەکێک لە چارەسەرەکانمان بۆ نەهێشتنی بێکاریی گەنجان، وەرگرتنیانە لە دامودەزگا حکومییەکان، بەڵام ئەمەش بەپێی پێوەر دەبێت، لایەنی دووەمیش سیاسەتی بەکارخستنە بۆ کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی لەکەرتی تایبەتدا کاربکەن، هەروەها پێدانی قەرزی بچووکە بۆ ئەوەی بتوانن پرۆژە بنیادبنێن لە کەرتی تایبەت.

لەوبارەیەوە، عەزیمە نەجمەدین، ئەندامی لیژنەی ڕۆشنبیریی وەرزشو لاوان لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژەی بەوە دا: کۆمەڵێک پرۆژەمان لەبەردەستدایە بۆ گەنجان، بەڵام پێویستە وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی وەکو وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیو وەزارەتی ڕۆشنبیرییو لاوانو وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکومەتی هەرێمی کوردستان لێمان بێنە پێشەوە، هەروەها لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستانیش پێویستە بە کۆ دەنگ بۆ ئەم پرۆژانە بدرێت، کە خزمەت بە گەنج دەگەیەنێت، نەک ئەم پرۆژانە دوابخرێن، چونکە دواخستنیان سوود بە گەنجان ناگەیەنێت.

عەزیمە نەجمەدین، کە ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕانە لە پەرلەمانی کوردستان، باسی ئەو پرۆژانەی کرد کە لە بەردەستیانە تایبەتە بە گەنجانو وتی: سێ پرۆژەمان لەبەردەستدایە لە لیژنەی وەرزشو لاوان گفتوگۆمان لەسەر کردوون، یەکێکیان گرنگیدانە بە گەنجان، یەکێکی دیکەش لە پرۆژەکان پێدانی قەرزی بچووکە بۆ گەنجان، هەروەها لەگەڵ پرۆژەی سندوقی هاوکاریی گەنجان.

نیگەرانیی خۆی نیشاندا لەوەی لە کۆبوونەوەی لیژنە پەیوەندیدارەکان تایبەت بەم پرۆژانە، درێژەی پێدەدرێتو بیانووی بۆ دەدۆزرێتەوە، هەوڵی یەکخستنی هەرسێ پرۆژەکە دەدرێت، لەکاتێکدا هەر سێ پرۆژەکە پرۆژەی تەواو گونجاون.

بەڵام ئومێدی ئەو پەرلەمانتارە سەرینەگرتو پرۆژەی هاوکاریی گەنجان کە لە پەرلەمانی کوردستانو لە لیژنەی ڕۆشنبیریی وەرزشو لاوان ڕەتکرایەوە.

لە سەروبەندی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، لە ناحیەی بەحرکە ژنێکی گەنجی تەمەن (٢٨) ساڵ بە ناوی (ن.ت) خاوەنی (٥) منداڵ بەهۆی نەبوونییەوە خۆی دەسووتێنێت، سووتانی ئەم ژنە گەنجە بەم هۆیەوە بووە، کە داوای لە مێردەکەی کردووە ماڵی جیای بۆ بکات، بەڵام بەهۆی نەبوونییەوە مێردەکەی نەیتوانیوە ماڵی جیا بکات، لە ئەنجامدا ژنەکەی خۆی دەسووتێنێت.



ژمارەیەک لە گەنجان لە خۆپیشاندانێکدا داوای کار دەکەن

فۆتۆ: ئەرشیف

## ئاماری کێشەو خزمەتگوزاریی گوندەکانی دەربەندیخان دەکرێت

هێمن مەحمود

لە کۆی (٥٠) گوندی سەر بە قەزای دەربەندیخان (٧) گوند چۆڵیانکردووەو (٣) گوندیش تەنیا یەک ماڵیان تێدایەو (١٦) گوندیش (٢-٥) ماڵی تیادایە.

بەپێی ڕووپێوییەک کە لیژنەیەک لە بەڕێوەبەرێتی کشتوکاڵی دەربەندیخان ئامادەیکردووەو وێنەیەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووە، لەو (٤٣) گوندەی ماڵی تێدایە (٢٩) گوند خوێندنگەی سەرەتایی تێدایەو (١٢) گوندیش خوێندنگەی سەرەتاییو ناوەندی تێدایە، (١٤) گوندیشیان هیچ خوێندنگەیەکی تێدا نییە.

ڕووپێوییەکە، کە هەشت بڕگەی گرتووەتەوە ئەوانیش: (خوێندنگەی سەرەتایی، ناوەندی، پەرستگا، سەرچاوەی کارەبا، بنکەی تەندروستی، ڕێگا، ژمارەی دانیشتوان، ژمارەی خێزان)، چەندین زانیاری وردی تێدایە کە واقیعی دۆخی خزمەتگوزارییوکۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریی ئەو گوندانە دەخاتەڕوو.

لەڕووی شوێنی خواپەرستییەوە هەستدەکرێت گرنگییەکی ئەوتۆ بەو گوندانە نەدراوە، چ لەلایەن حکومەتەوە بێت یاخود لەلایەن ڕێکخراوە خێرخوازە ئیسلامییەکانەوە، تەنیا (٢٠) گوند مزگەوتی تێدایەو (٢٧) گوندیش هیچ مزگەوتێکی تێدا نییە.

لەڕووی خزمەتگوزاریی کارەباوە ئەم گوندانە کێشەیان هەیە، بەجۆرێک کە (١٠) گوند هیچ کارەبایەکی تێدا نییەو (١١) گوند کارەبای مولیدەو نیشتمانیی هەیەو (١٠) گوندیش بەتەنیا کارەبای نیشتمانیی هەیەو (١٤) گوندیش بەتەنیا کارەبای مولیدەی هەیە.

لەڕووی تەندروستییەوە، لەکۆی (٤٧) گوند تەنیا (١٢) گوند بنکەی تەندروستییان تێدایە، کە چەند گوندێکی بە دەیان کیلۆمەتر لە شارەوە دوورنو لە ناوچەیەکی سەختی شاخاویدان، کە ئەمەش گرفتی بۆ هاوڵاتییانی ئەو گوندانە دروستکردووە.

لەڕووی ڕێگاوبانیشەوە، تەنیا (١١) گوند ڕێگای قیری بۆ براوەو (٢) گوندیش ڕێگاکەی چەوڕێژەو ئەوانی دیکە هەموویان ڕێگاکەیان خۆڵە.

قەزای دەربەندیخان تا ساڵی (٢٠٠٩) سەر بە ئیدارەی گەرمیان بووە، دواتر خراوەتە سەر پارێزگای سلێمانیو (٦٦)کم لە باشووری خۆرهەڵاتی ئەو پارێزگایەوە دوورەو ژمارەی دانیشتوانەکەی بەپێی کۆبونی خۆراک نزیکەی (٤٠) هەزار کەسە.

## نەبوونی یاسای بەدەستهێنانی زانیاری چەندین گرفت دروستدەکات

ئاوارە حەمید- هەولێر

بەهۆی نەبوونی یاسایەک بۆ پێدانی زانیاریی، ڕۆژنامەنووسان تووشی بەربەست دەبن لە وەرگرتنی زانیاریو بوونی ئەو یاسایەش بەپێویستی ئەم قۆناغە دەزانن.

بەپێی یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی ڕۆژنامەگەریی، ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە هەر زانیارییەک کە بایەخی بۆ هاوڵاتییان هەبێتو پەیوەندییان بە بەرژەوەندیی گشتییەوە هەبێت بەدەستبێنێت بەپێی یاسا، بەڵام نەبوونی یاسایەک بۆ پێدانی زانیاری بووەتە لەمپەر بۆ ڕۆژنامەنووسان.

لەم نێوەندەش فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان ڕەشنووسی پرۆژەیاسای مافی بەدەستهێنانی زانیارییەکان، کە بە (یاسای ڕووناکی) ناسراوە داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کردووە، بەڵام تائێستا نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە بۆ پەسەندکردنی.

ڕۆژنامەنووس، مەحمود یاسین کوردی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: نەبوونی ئەو یاسایە گرفتی بۆ دروستکردووین لە وەرگرتنی زانیاری، بۆیە پێویستە پەرلەمان پەلە بکات لە پەسەندکردنی ئەم پرۆژەیاسایە، لە هەموو وڵاتانی پێشکەوتوو یاسایەکی لەمجۆرە هەیە بۆ پێدانی زانیاری، بەڵام لە کوردستان پێدانی زانیاری پەیوەندیی بەیاساوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە عەقڵی سیاسییو جێبەجێکردنی یاساکانەوە هەیە».

ئەو ڕۆژنامەنووسە پێیوایە: «پلانێک هەیە بۆ پێنەدانی زانیاری بە میدیاو نموونەش بەوە دەهێنێتەوە، کە هەردوو حیزبی دەسەڵات لەبەر ڕێکەوتنی ستراتیژیی زانیاری بە ڕۆژنامەنووسان نادەنو ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی هاوڵاتییان کەمترین زانیارییان هەبێت».

هەر لەوبارەیەوە، د.زانا ڕەئوف، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند: لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستانو یاسای ڕۆژنامەگەریی باس لەوەکراوە، کە پێدانی زانیاری بە یاسا ڕێکدەخرێت، بۆیە ئێمە ئەم پرۆژەیاسایەمان داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.

بە وتەی ئەو پەرلەمانتارە بوونی یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری وادەکات شەفافیەت هەبێت لە دامەزراوە فەرمییەکان بەهۆی ئەوەی زانیاری بەردەوام دەدەن بە هاوڵاتییان، ئەگەر ئەمەش بکرێت، ئەو کات ڕۆڵێکی زۆر بەرچاوی دەبێت لە لێپێچینەوە لەو کەسانەی کە کەمتەرخەمییان نواندووە لە کارەکەیان، یان لە یاسا لایانداوە، یان سوود لە دەسەڵات وەرگیراوە بۆ بەرژەوەندیی تایبەتو دەسەڵات، لە کۆی گشتیی خاڵێکی زۆر گرنگی دەبێت لەسەر مەودای ئازادیی لە هەرێمی کوردستانو دیموکراسی لە کوردستان ئەمە ئەو بەریەککەوتنەی لەنێوان دەسەڵاتو ڕۆژنامەنووس، یان هاوڵاتی دروستنابێت».

ئەوەشی نەشاردەوە: «ئەوەی ئێستا لە کوردستان هەیە نەک نارۆشنییە، بەڵکو قەیرانە، پەرلەمانتاریش تووشی گرفت دەبێت لە وەرگرتنی زانیاری».



لیژنەیەکی باڵا بۆ لێکۆڵینەوە لە کۆمپانیای بـەرێز پێکدەهێنرێت 18



# یەکێتیو پارتی، میکانیزمەکانی هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایان لە بەرژەوەندیی خۆیاندا یەکلایی دەکەنەوە

ڕاپۆرتی: پشتیوان سەعدوڵڵا



خەلیل ئیبراهیم

ئەندامێکی مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان ئەوە دەخاتەڕوو، میکانیزمەکانی هەڵبژاردن بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزیی لە بەرژەوەندیی یەکێتیو پارتیدا یەکلایی کراوەتەوە.

م.خەلیل ئیبراهیم، کە ماوەی دە ساڵە ئەندامی مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستانە لە لیستی مامۆستایانی پیشەیی (شیوعی) دەڵێت: «ئەگەر سکرتاریەت وەڵامی ئیجابیمان نەداتەوە، پێدەچێت ئێمە لەو (٨) لیستەی مامۆستایان ببینە ئۆپۆزسیۆن».

(٨) لیستی مامۆستایانی (کۆمەڵ، یەکگرتوو، پارێزگاران، سەردەم، زەحمەتکێشان، سۆسیالیست، دەستەی داکۆکیکردن لە مامۆستایان، مامۆستایانی پیشەیی) نارەزایەتی خۆیان لە میکانیزمەکانی هەڵبژاردنی یەکێتیی مامۆستایان پیشانداوەو هەفتەی رابردوو جارێکی تر یاداشتێکی (١٢) خاڵییان پێشکەش بە سکرتاریەتی یەکێتییەکە کردووەو مەرجی بەشداریکردنیان بەستووەتەوە بە جێبەجێکردنی داواکارییەکانیان، کە خۆی لە دەستکاریکردنی میکانیزمەکانی هەڵبژاردندا دەبینێتەوە، هاوکات هەفتەیەکیان بۆ وەڵامدانەوەی یاداشتەکەیان داناوە.

ئەنجومەنی تەنفیزیی یەکێتیی مامۆستایان لە (٤٠) ئەندام پێکدێت، (٢٨) ئەندامیان یەکێتیو پارتینو (١٢) ئەندامیان لایەنەکانی دیکە، بە بڕوای خەلیل ئبراهیم، یەکێتیو پارتی بە دەنگدان میکانیزمەکانی هەڵبژاردنی ڕێکخراوەکەیان لە بەرژەوەندیی خۆیاندا یەکلایی کردووەتەوە.

هەروەک وتی: «بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی پرۆسەکە، لیژنەیەکی باڵای هەڵبژاردن لە (٧) ئەندام، (٢) یەکێتی، (٢) پارتی، (١) کۆمەڵو یەکگرتوو، (١) چەپەکان، (١) ئاشووری پێکهێنراوە، ئێمە زۆر هەوڵماندا هەموو لیستەکان نوێنەریان لەو لیژنە باڵایەدا هەبێت، بۆئەوەی یەکێتیو پارتی زۆرینە نەبنو قۆرغی هەڵبژاردن نەکەن، بەڵام یەکێتیو پارتی قبووڵیان نەکردو خستیانە دەنگدانەوەو داواکارییەکەیان ڕەتکردەوە، دوای پێکهێنانی لیژنەکە، ئەنجومەنی تەنفیزیی چەند کۆبوونەوەیەکی بۆ دانانی بنەماکانی هەڵبژاردن ڕێکخست، بەوپێیەی کە لە (٤٠) ئەندامی ئەنجومەنی تەنفیزیی نزیکەی (٣٠) ئەندامیان یەکێتیو پارتین، بۆیە بنەماکانی هەڵبژاردن بە دەنگدان یەکلایی کرانەوەو لە بەرژەوەندیی یەکێتیو پارتیدا دانرانو ئێمەش هیچمان بۆ نەدەکرا، هەرچەند بەرامبەر بە زۆربەی بنەماکان ناڕازی بووین، هەروەها پێش پەسەندکردنی بنەماکانی هەڵبژاردن لە ڕێگەی یاداشتێکەوە بنەماکانمان ڕەتکردووەتەوە».

لیستەکانی دەرەوەی یەکێتیو پارتی لە ئێستادا مەترسی ئەوەیان هەیە یەکێتیو پارتی کۆنترۆڵی کۆنگرەی داهاتووی ڕێکخراوەکە بکەن، بەشێوەیەک جارێکی تر پۆستە باڵاکانی ڕێکخراوەکە بگرنەوەدەستو شکست بە ڕکابەرەکانیان بهێنن.

ئەو بەرپرسەی یەکێتی مامۆستایان ئاماژە بەوە دەکات: هەفتەی ڕابردوو یاداشتێکی دیکەمان پێشکەش بە سکرتاریەتی یەکێتییەکە کردو مۆڵەتی هەفتەیەکمان بۆ داناون، چاوەڕوانی وەڵامی یەکێتی مامۆستیانین، ئەگەر وەڵامی ئیجابیی درایەوەو بنەماکانی هەڵبژاردن بگۆڕدرێت، ئەوا بەشداریی پرۆسەکە دەکەین، بەڵام ئەگەر وەڵام نەدرایەوە، ئەو کاتە ئێمە قسەی ترمان دەبێتو شێوازی مەدەنیی دیکە دەگرینەبەر.

وتیشی: «یەکێتیو پارتی، یەکێتیی مامۆستایان لە بەرژەوەندیی دەسەڵات بەکاردەهێننو دەیانەوێت کۆنترۆڵی هەڵبژاردنەکە بکەنو ڕێکخراوەکە قۆرغبکەن، لەکاتێکدا یەکێتی مامۆستایان ڕێکخراوی هەموو مامۆستایانی کوردستانەو هیچ لایەنێک بۆی نییە قۆرغی بکاتو تەنانەت ئەگەر تەنیا یەکێتیو پارتی بەشداریی پرۆسەکە بکەن، ناتوانن ببنە خاوەنی ڕێکخراوەکە، چونکە ئەوکاتە (٨) لیستی مامۆستایان دەبنە ئۆپۆزسیۆنو بەوەش ڕێکخراوەکە دەبێت بە دوو بەشەوە، ئەوەش زیان بە مامۆستاو پرۆسەی پەروەردەو خوێندن دەگەیەنێتو تەنانەت هەڵبژاردنو کۆنگرەش بەوشێوەیە سەرکەوتوونابێت».

سەبارەت بەو تۆمەتانەی کە سکرتاریەتی ڕێکخراوەکە دەیداتە پاڵ لیستەکانی دەرەوەی یەکێتیو پارتی، ناوبراو ئاشکرایدەکات:

ئێمە هەموو تۆمەتەکانی یەکێتیو پارتی ڕەتدەکەینەوە، کە دەیانەوێت بچووکمان بکەنەوەو لە داهاتووشدا دەردەکەوێت کە ئێمە چەند لایەنگرمان زۆرە.

---

## زیاتر لە (٢٠) خوێندکاری کچ لە خوێندن دابڕاون

# خوێندکارانی بناوەسووتە چەندین کیلۆمەتر بۆ خوێندن دەبڕن

ڕاپۆرتی: خالید مەحمود

خوێندکارانی گوندی بناوەسووتە چەندین کیلۆمەتر بەپێ دەبڕن بۆ درێژەدان بە خوێندن لە پێنجوێن، ئەمە لەکاتێکدایە کە گوندەکەیان لە پۆلی حەوت بێبەشەو چەندین خوێندکاریشیان دووساڵی خوێندنیان فەوتاوە.

«پۆلی شەشی بنەڕەتی تەواودەکەین دەبێت وازبهێنین لە خوێندن، بەتایبەت کچەکانمان یان لە داخلیو ماڵی خزممان بمێنینەوە، کە ئەوە زۆر قورسە، یاخود ئەوەتا دەبێت کرێیەکی زۆر بە ئۆتۆمبێل بدەین، جگە لە مەترسی ڕێگەی گوندەکەمان کە دەکەوێتە سەر ئەو شەقامەی مەرزی باشماخ کە قافڵەی تانکەرە نەوتەکانی لەسەرە، بەڵام زۆربەی ڕۆژ دوو تا سێ وانەمان دەفەوتا تادەگەیشتینە قوتابخانەکەمان لە پێنجوێن».

ئەمە وتەی پشتیوان ئەحمەد بوو، کە خەڵکی بناوەسووتەیەو دەرچووە بۆ پۆلی (١٠)ی بنەڕەتی، ئەو دەڵێت: «هەموو مانگێک (٤٠) هەزار دینار دەدەینە کرێ سەیارەو ڕۆژی بایی سێ چوار هەزار دینارمان دەدا بە لەفە، چونکە کاتێک لەماڵەوە دەردەچووین هەموو لە خەودابوون، کاتێکیش دەگەڕاینەوە نانی نیوەڕۆیان دەمێک بوو خواردبوو».

گوندی بناوەسووتە (٥٢) ماڵی تێدایەو خەڵکەکەی سەرقاڵی کشتوکاڵو حەماڵیکردنی سووتەمەنین، نزیکەی کیلۆمەترێک لە ئێرانو (٣) کیلۆمەتر لە مەرزی باشماخو (١٠) کیلۆمەتر لە پێنجوێنەوە دوورە.

بەپێی ئەو زانیاریەی دەست ڕۆژنامە کەوتووە، زۆربەی قوتابیانی گوندی بناوەسووتە دووساڵی خوێندنیان فەوتاوە، لەبەرئەوەی کە پۆلی شەشی تێدا نەبووە دواتر کراوەتەوە.

خەسرەو حەمە ساڵح یەکێکی دیکەیە لەو کەسانەی کە وەک خۆی باسی کرد بەهۆی نەبوونی قوتابخانە لە گوندەکەیان بە ئاستەنگی زۆر تا شەشەمی زانستیی خوێندووە چەندساڵ لەمەوبەر، دواتر لەبەر نەبوونیی وازیهێناوە، وتی: «دووساڵ بە شاخدا بەپێ دەڕۆیشتم بۆ قوتابخانە بۆ پێنجوێن، پارەی کرێ سەیارەم نەبوو بیدەمو زۆرجار لە ترسی بەرازو گورگی ئەو شاخانە تفەنگم لەگەڵ خۆم دەبردو بەرلەوەی بڕۆمە پۆلەوە لەلای خزمێکم دامدەناو لە وانە تەواودەبووم لێم وەردەگرتەوە».

خەسرەو ئاماژەی بەوەش دا: لەدوای ئەوەی دووساڵی بە «نەهامەتی» بڕیو ڕۆژانە (١٨) کیلۆمەتر هاتنو چوون بۆ قوتابخانە بەپێ بۆ خوێندن، کە دەرچووە بۆ پۆلی شەشەمی زانستی لە پێنجوێن نەبوو، ماوەیەک ڕۆیشتووە بۆ سلێمانیو لەبەر هەژاریی بە ناچاریی وازی لە خوێندن هێناوە».

ڕێژەی ئەو خوێندکارانەی لە گوندی بناوەسووتەو هەندێک لە گوندەکانی دیکەشەوە بۆ خوێندن دەچنە پێنجوێن زۆرنو ئەو خوێندکارانەی ساڵی پار بۆ خوێندن لە گوندی بناوەسووتەوە چوونەتە پێنجوێن (٢٦) خوێندکاربوون.

بەهارکەریم(١٨)ساڵ،کچەخوێندکارێکی ئەو گوندەیەو یەکەمی قوتابخانەی (کەژان) بووە لە پێنجوێن، خەمی کچە خوێنکارەکانی گوندەکەی باسکرد لە وازهێنان لە خوێندن، وتی: «لەم گوندەماندا زۆرن واز لە خوێندن دەهێنن، بەتایبەت کچان کە زیاتر لە (٢٠) کچ وازیانهێناوە».

بەهار وتیشی: «لەبەر قەرەباڵغیی ڕێگاو زۆریی تانکەرو لۆری وانەمان دەفەوتاو لێی تێنەدەگەیشتین، دەبوایە خۆمان دوایی بمانخوێندایەتەوە، زۆرجاریش لەبەر زۆریی قوڕو بەفری ڕێگا، کە سەیارە دەرنەدەچوو ناچار بەپێ دەگەڕاینەوە بۆ ماڵەوە».

کەسوکاری ئەو خوێندکارانەی گوندی بناوەسووتەش زیاتر ئاگاداری کێشەی منداڵەکانیانن لە درێژەدان بە خوێندن بەو ڕێگە سەختە.

شەمسە ساڵح (٤٨) ساڵ، دایکی دوو خوێندکارە کە هاتوچۆ دەکەن بۆ پێنجوێن، وەک خۆی باسی کرد چەندین کیلۆمەتر ڕێگەی پڕ مەترسی دەبڕن، وتی: «زیاتر لە پۆلی حەوت مەکتەب نییە لەم گوندەماندا، دڵمان نایەت بیانبەین بۆ ماڵی خزمو داخلی، چونکە تەمەنیان لەوەدا نییە کە سیقەیان پێبکەین، کە دەشڕۆن بۆ پێنجوێن دڵمان لەمشتماندایە».

شەمسە ساڵح ئاماژەی بەوەش دا: (٨٠) هەزار دینار دەدەنە کرێ سەیارە بۆ مانگێکی دوو منداڵە خوێندکارەکەی.

بەکر محەمەدی تەمەن (٣١) ساڵ، کە باوکی یەکێک لە خوێندکارەکانەو بۆ ڕۆژنامەی ئاشکراکرد: ئەرکێکی قورسە لەسەر دایکو باوک کە لە تەمەنێکی بچووکەوە منداڵەکەی لێی دووربکەوێتەوەو هەموو ڕۆژێک نزیکەی (٢٠) کیلۆمەتر ڕێگا ببڕێت.

بەکر جگە لەوەی باسی تێچوونی خوێندنو مەسروفاتو کرێ سەیارەی کرد، وتیشی: «من منداڵەکەم لە ماڵی خۆمدایە هەر خەممە، چۆن دڵم دێت لە ماڵی خەڵکو لە داخلی داینێم».

ئەو باوکە ئاماژەی دا بەوەی کە سەردانی لایەنی بەرپرسیان کردووە، بەڵام نائومێدبوون، وتیشی: «سەردانی پەروەردەی پێنجوێنمان کرد، بەڵام هیچ هیوایەکو بەڵێنێکی وایان نەداینێ دڵخۆشمان بکەن، بۆیە پێیان وتین بەداخەوە ناتوانین هیچتان بۆ بکەین».

مامۆستا عەزیز، بەڕێوەبەری قوتابخانەی (بناوەسووتە)ش گلەیی ئەوە دەکات، کە قوتابخانەکەیان دوو کابینەو ژوورێکی بچووکەو مێرووی تێدایەو چەندجار دەرمانرێژیان کردووە، ژوورێکی داریشی هەیە کە دڵۆپە دەکاتو ئاوی پێدا دێتە خوارەوە، بە ئاستەم جێگەی تا پۆلی حەوتی تێدا دەبێتەوە، وتیشی: «مامۆستاکانم کە بەخۆشمەوە حەوت مامۆستاین ئامادەنین کە پۆلەکانی (٧-٨-٩)بلێینەوە، داوا دەکەین مامۆستای بەکالۆریۆسو پسپۆڕ بهێنن بەتایبەت وانەکانی فیزیاو کیمیاو زیندەوەرزانی».

ئەو بەڕێوەبەرە وتیشی: «لەگەڵ ئەنجومەنی گوند سەردانی بەڕێوەبەری پەروەردەمان کردو پێیوتین خراوەتە بەرنامەوە بۆتان، ئیتر نازانم بۆ کەی دەبێت؟»

هاوکات ئیسماعیل عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری پەروەردەی پێنجوێن، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەگەڵ کردنەوەی ئەمساڵی خوێندن کە دێت، ژمارەی خوێندکاران وەردەگرین کە هاوچۆدەکەن، ئەگەر زانیمان هەر پۆلێک بۆ ئاستێکی خوێندن (١٠) خوێندکارو کەمتر لەوەش بێت، ئەوا ئەو ئاستەیان بۆ دەکەینەوەو بڕیاریشە کە قوتابخانەیەکیان بۆ بکرێتەوە لەبری ئەو قوتابخانەیەی گوندی (ناوکەلان)ی مەرزی باشماخ، کە لەبەر فراوانکردنی مەرزەکە تێکدەدرێت، بەڵام تا ئەنجامدانی ئەو قوتابخانەیە ئەگەر قۆناغی دیکەمان کردەوە، هەوڵدەدەین کە کابینەیان بۆ بنێرین».

> سەردانی پەروەردەی پێنجوێنمان کرد، بەڵام هیچ هیوایەکو بەڵێنێکی وایان نەداینێ دڵخۆشمان بکەن، بۆیە پێیان وتین بەداخەوە ناتوانین هیچتان بۆ بکەین

# ـــــه کۆمپانیای بـەڕێز پێکدەهێنرێت


بەڕێز کردوویانە، ئەم یاساو بڕیارەیان پێشێلکردووە، ئەمەش لە نووسراوێکی دیکەی بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنان جەختی لەسەر کراوەتەوە، بەوەی کە داوا دەکات ئەو بڕیارەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران/ئیدارەی سلێمانی کە بەپێی گرێبەستی نێوان دەزگای پێشووی وەبەرهێنەر ئەرکی جێبەجێکردنی ئەو خزمەتگوزارییانە خراوەتەسەر وەزارەتو فەرمانگەکانی حکومەتو تا ئێستاش هیچ تەعدیلێکو گۆڕانکاریی بەوناوەڕۆکە نەکراوە.

لەگەڵ ئەمانەدا، بەڕێوەبەری کۆمپانیای بەڕێز دەڵێت: «لە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندا سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانو وەزیری ئاوەدانکردنەوە دەستخۆشیان لە کۆمپانیای بەڕێز کردووە».

هەربۆیە نازانرێت چۆن لیژنە پێکدەهێنرێت بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان لە کوێوە کۆبوونەوە بۆ دەستخۆشیی لە کۆمپانیاکە پێکدەهێنرێت....!

## پرسیاری کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەری کۆمپانیای بەڕێز دەڵێت: «یەکە نیشتەجێکانی بە باشترین کوالێتیو کەمترین کات تەواو دەبنو هاوڵاتییان زۆر لێیان ڕازین، لەبەرامبەردا ئەوەدەخاتە ڕوو کە یەکەکانی کۆمپانیاکانی دیکە کەمترین خزمەتگوزارییان تێدایەو بەپێی ستانداردی جیهانی دروستنەکراونو کەموکوڕییان هەیە.



لەبەرامبەریشدا، ئەو ئیستیسنایەی بۆ کۆمپانیای بەڕێز دەکرێت لەلایەن حکومەتو دەستەی وەبەرهێناوە، جێگای پرسیاری ئەو کۆمپانیایانەی دیکەیە کە لە ئێستادا لە بواری وەبەرهێنانو نیشتەجێکرندا کاردەکەن، لەگەڵ ئەوەش کە هێرش موحەڕەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لە کوردستان، لە لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامە، ئەوەی خستەڕوو کە ئەو ئیستیسنایەی لە گرێبەستەکە کراوە بۆ کۆمپانیای بەڕێزو پرۆژەی ئاسوودە، کە خزمەتگوزارییەکانی نێو پرۆژەکەش لەلایەن حکومەتەوە ئەنجام

**هێرش موحەڕەم، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لە کوردستان: ئەو ئیستیسنایەی لە گرێبەستەکەدا کراوە بۆ کۆمپانیای بەڕێزو پرۆژەی ئاسوودە کە خزمەتگوزارییەکانی نێو پرۆژەکەش لەلایەن حکومەتەوە ئەنجام دەدرێت.**

دەدرێن، بۆ ئەوە بووە کە نرخو تێچوونی ئەو خزمەتگوزارییانە نەچێتە سەر یەکەکانو هاوڵاتییان بە کەمترین نرخو باشترین کوالێتی یەکەکان وەربگرن.

بە وتەی هێرش موحەڕەم، لە ئێستادا ئەو کۆمپانیایانەی کە خزمەتگوزارییەکانی نێو پرۆژەکە ئەنجام دەدەن، تێچوونەکەی دەخەنە سەر نرخی یەکەکانو بەمەش هاوڵاتییان زەرەرمەند دەبن، بەڵام ئەوەی لە بەراوردی نرخی یەکەکانی کۆمپانیاکانی دیکەو کۆمپانیای بەڕێزدا دەردەکەوێت، ئەم بۆچوونەی حکومەت ڕەتدەکاتەوە، چونکە نرخی فرۆشتنی یەک مەتر دووجا بینا لە ئێستادا، لە کۆمپانیای هێرۆن بیابان (٣٥٢$) و لە ڕۆژی نوێ (٤٣٥$)و لە نالیا (٤٢٥$)ە کە خۆیان خزمەتگوزارییەکانی نێو پرۆژەکەش ئەنجام دەدەن، لە کاتێکدا نرخی یەک مەتر دووجا بینا لە کۆمپانیای بەڕێز کە حکومەت خزمەتگوزارییەکانی نێو پرۆژەکەشی بۆ ئەنجام دەدات (٤٥٢$)ە.

دوای ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاستییانە، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان، جەختی لەوەکردەوە کە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا، لیژنەکە بە شێوەیەکی فراوانو بەجدیی کار لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکات، بەشێوەیەک ئەگەر سەلمێنرا کە هاوڵاتییان سوودمەندبوونو نرخی یەکەکان گونجاو بووە، ئەوا حکومەت دەستخۆشی دەبێت بۆ کۆمپانیاکە، بەڵام ئەگەر ئەو ڕاستییە سەلمێنرا کە کۆمپانیاکە بە نرخێکی زیاتر، یان هاوشێوەی کۆمپانیاکانی دیکە کە خۆیان خزمەتگوزاریی نێو پرۆژەکە ئەنجام دەدەن، یەکەکان بە هاوڵاتییان دەفرۆشێت، ئەوا ئەو پارەیەی چەند ساڵی ڕابردووی لێوەردەگیرێتەوە کە حکومەت بۆی سەرفکردووە.

دەربارەی ئەم مامەڵەیەی حکومەت لەگەڵ کۆمپانیای بەڕێزیش، شاسوار عەبدولواحیدی بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای نالیا، جگە لەوەی کە پێیوابوو، ئەو ئیستیسنایەی بۆ کۆمپانیایەک دەکرێت، پێویستە لەسەر پێوەرو بنەمایەک بێت کە کۆمپانیاکانی دیکە نەتوانن پێشکەشی بکەن، ئەوەشی خستەڕوو کە ئەوان وەک کۆمانیای نالیا تا ئێستا هیچ ئیستیسنایەکیان بەدەر لە یاسا بۆ نەکراوە.

بە وتەی شاسوار، نەک حکومەت، خزمەتگوزارییەکانی نێو پرۆژەکانیان بۆ جێبەجێناکرێت، بەڵکو گەیاندنی خزمەتگوزارییەکانی سنووری پرۆژەکەش هەر لەلایەن خۆمانەوە جێبەجێکراوەو لەسەر بودجەی خۆمان بووە.

کۆمپانیای ڕۆژی نوێش کە یەکێکە لەو کۆمپانیایانەی پرۆژەی نیشتەجێبوون ئەنجام دەدات، ئەو ئیستیسنایەی حکومەت بۆ تاکە کۆمپانیایەک بە ناهەق دەزانێو والی عوسمانی بەڕێوەبەری کۆمپانیای ڕۆژی نوێ، پێیوایە، ئەو کۆمپانیایەی کە حکومەت ئیستیسنای بۆ کردووە، ئاستی کوالێتی پرۆژەکانی لە ئاستێکی نزمتردایەو پرۆژەکانی بە کاتێکی زۆرترو کوالیتی نزمتر ئەنجامدەدرێن، بەڵام نازانرێت بۆ ئیستیسنای، بۆکراوە؟

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی دیکە، بە پێویستی دەزانن کە حکومەت وەڵامی هەبێت، لەبەرامبەر ئەو ئیستیسنایەی بۆ تەنیا کۆمپانیایەک دەکرێت، حاجی هونەری بەڕێوەبەری کۆمپانیای هێرۆن بیابان، لەگەڵ ئەوەی جەختی لەسەر ئەوەکردەوە

**بەڕێوەبەری کۆمپانیای هێرۆن بیابان: بۆ بەدەر لە کۆمپانیاکانی دیکە، ئیستیسنا بۆ تەنیا کۆمپانیایەک دەکرێت؟**

کە کۆمپانیاکەیان هیچ ئیستیسنایەکی بۆ نەکراوە لەلایەن دەستەو حکومەتەوە، پێشیوابوو کە ئەو پرسیارەی پێویستە ڕووبەڕووی بەرپرسانی کۆمپانیاکەو حکومەت بکرێتەوە، کە بۆ بەدەر لە کۆمپانیاکانی دیکە، ئیستیسنا بۆ تەنیا کۆمپانیایەک دەکرێت؟

## گرێبەستی کڕینو فرۆش

لەو گرێبەستەدا کە کۆمپانیای بەڕێزو دەستەی پێشووی وەبەرهێنان ئیمزایان کردووە، لە خاڵی یانزەیەمیدا ئاماژە بەوەدراوە کە ئەو گرێبەستە بۆ سەرەتای جێبەجێکردنی پرۆژەکەیەو کاتێکی گونجاو دیاریی دەکرێت بۆ ئامادەکردنی گرێبەستی کۆتایی پرۆژەکە، بەڵام لە نووسراوە نهێنییەکەی بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی سلێمانی کە ئاراستەی فەرمانگەی یاسایی دەستەی وەبەرهێنانی کردووە، ئەوە خراوەتەڕوو کە زۆرێک لە پرۆژەکان مامەڵەی ساغکردنەوەی زەوییان تەواو بووەو تا ئێستا گرێبەستی کۆتاییان بۆ نەکراوە.

لەلایەکی دیکەوە، ئەو ئیستیسنایەی بۆ کۆمپانیای بەڕێز لەلایەن حکومەتەوە کراوە، زیادەڕۆیی تێدایە، چونکە گرێبەستەکە بۆ یەک پرۆژە کراوە کە مۆڵەتی ژمارە (١)ی بۆ سەرجەم پرۆژەکانی ئاسوودە کراوە کە لە ئێستادا لە نۆ ناوچەی جیاواز بەنزیکەی (٥٧٠٠)یەکەی نیشتەجێبوون لە قۆناغەکانی جێبەجێکردنو تەواوبووندان، بەڵام بە وتەی بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنان لە سلێمانی، پێویستە ئەو مۆڵەتە بەشبەش بکرێت بەم جۆرە، چونکە ناکرێت بەیەک مۆڵەت، چەندین پرۆژە ئەنجام بدرێن:

١. بەخشینی مۆڵەتی (١- ا) بە پرۆژەی (گۆران ستی) کە لە شارۆچکەی هەڵەبجە ئەنجام دەدرێت.

٢. بەخشینی مۆڵەتی (١- ب)بە پرۆژەی (گرین ستی) کە لە ناوچەی قەرەتۆغان ئەنجام دەدرێت.

٣. بەخشینی مۆڵەتی (١- ج) بە پرۆژەی (لبنان ستی) کە لە ناوچەی وڵوبە ئەنجام دەدرێت.

٤. بەخشینی مۆڵەتی (١-د) بە پرۆژەی (بڕوا ستی) کە لەناوچەی ڕاپەڕین ئەنجام دەدرێت.

٥. بەخشینی مۆڵەتی (١- هـ) بە پرۆژەی (چەرموو ستی) کە لە قەزای چەمچەماڵ ئەنجام دەدرێت.

## بەڕێز، ئیستیسنا ڕەتدەکاتەوە

لەگەڵ بوونی ئەو بەڵگانەدا کە ئیستسناکەی حکومەت بۆ کۆمپانیای بەڕێز جەختدەکەنەوە، بەڵام یاسین مەحمود بەڕێوەبەری کۆمپانیای بەڕێز ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو، کە ئەو ئیستسنایەی حکومەت بۆ کۆمپانیاکەیانی کردووە بەسوودی هاوڵاتییان شکاوەتەوە، بەوەی ئەو خزمەتگوزارییانەی نێو پرۆژەکە کە حکومەت ئەنجامی دەدات بووەتە هۆی کەمبوونەوەی نرخی یەکە نیشتەجێکانو بە نرخێکی کەمتر لە کۆمپانیاکانی دیکە بە هاوڵاتییان دەفرۆشرێت.

ئەم وتانەی بەڕێوەبەری کۆمپانیای بەڕێز یەکناگرێتەوە لەگەڵ ئەو نرخانەی بۆ یەکەکان دیاریی کردووە، چونکە بەپێی ئەو بەراوردە بێت کە لە نێوان کۆمپانیاکاندا کراوە، نرخی یەک مەتر دووجا بینا بێ خزمەتگوزاریی لە کۆمپانیای هێرۆن بیابان (٢٧٢$)و لە ڕۆژی نوێ (٣٤١$)و لە نالیا (٢٩٤$)و لە بەڕێز (٤٥٢$)، واتە بێ خزمەتگوزارییو بە خزمەتگوزارییەوە هەمان نرخی هەیە.

بەڕێوەبەری کۆمپانیای بەڕێز لە لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامە ئەوەی خستەڕوو کە ئەوان خزمەتگوزاریی جێبەجێناکەنو حکومەت دەیکات، بەڵام هۆکاری بەرزی نرخی یەکەکانیان ئەوەیە کە بە کەلوپەلەوەیە.

هەرچەندە بەرپرسانی کۆمپانیای

**بەڕێوەبەری کۆمپانیای ڕۆژی نوێ: ئەو کۆمپانیایەی کە حکومەت ئیستیسنای بۆ کردووە، ئاستی کوالێتیی پرۆژەکانی لە ئاستێکی نزمتردایە.**

بەڕێز، بوونی ئەو ئیستیسنایەیان ڕەتدەکردووەتەوە، پێیان وایە کە ئەو پرۆژانەی ئەوان تاکە پرۆژەی ستراتیجیە کە بە کوالێتی بەرز جێبەجێدەکرێتو هاوڵاتییان سوودمەندبوون لەو ئیستسنایەی حکومەت بۆی کردوون، بەڵام ئەو نووسراوانەی سەرەوە کە ئیمزای یاسین فەقێ سەعید، بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی‌–سلێمانییان لەسەرەو لێدوانەکانی هێرش موحەڕەمی سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان،و وەستاندنی کارکرن لە پرۆژەکانی ئەو کۆمپانیایە، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، هەربۆیە پێویستە حکومەت چاوێک بەو ئیستسنایەدا بخشێنێتەوە و بۆ ئەم مەبەستەش ئەمرۆ کۆبونەوەیەکی فراوان لە نوێنەرانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و دەستەی وەبەرهێنان و ئەنجومەنی وەزیران ئەنجام دەدرێت.

بە وتەی هێرش موحەڕەمیش، ئەوەی تا ئێستا وای کردووە کە حکومەت هەڵوێستی نەبێت، تەواونەبوونی پرۆژەکان بووە، «بەڵام لە ئێستادا دەستەی وەبەرهێنو لیژنە تایبەتەکە کە پێکهێنراوە، کار بۆ لابردنی ئەو ئیستیسنایەو لێکۆڵینەوە لە کاری کۆمپانیاکە دەکرێت کە تا چەند لە خزمەتی هاوڵاتییاندا بووە، یان ئەو ئیستیسنایەی حکومەتی بۆ سوودی کۆمپانیاکەی بەکارهێناوە».

سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان، وتیشی: «لەکاتی سەلماندنی ئەو ڕاستییانەشدا، باوەڕناکەم کە دەستەی باڵای وەبەرهێنان کار بە پێشنیازەکانمان نەکات».

**بەڕێوەبەری کۆمپانیای بەڕێز: ئەنجامی لیژنەکە بەسوودی کۆمپانیاکەمان بووەو دەرکەوتووە کارەکانمان لەڕووی کوالێتییەوە لە هەموو کۆمپانیاکان باشترە**

«پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لە خزمەتی خەڵکی هەژاردا نەبوونو سوودمەندی یەکەم کۆمپانیاکانن» 20

## پارەی چەند ساڵی ڕابردووی لێوەردەگیرێتەوە

# لـیژنـەیەکـی بـاڵا بۆ لێکۆڵینەوە لـ



دیزاینی پرۆژە ٢٥ هەزار یەکە نیشتەجێبوونەکەی کۆمپانیای بەڕێز

بەدواداچوونی: چاوان عەلی

جارێکی دیکە، جەخت لەسەر ئەو لوتفو مەرحەمەتە زیادە دەکرێتەوە کە حکومەتو دەستەی باڵای وەبەرهێنان بەرامبەر کۆمپانیایەک دەیکەن، سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستانیش، جەخت دەکاتەوە کە لیژنەیەک بۆ ئەو مەبەستە پێکهێنراوە.

دوای ئەوەی لە ڕاپۆرتێکی ژمارە (٥٩٢)ی ڕۆژنامەدا، ئەو بەڵگانە خرانەڕوو کە دەیسەلمێنن، حکومەت ئیستیسنا بۆ کۆمپانیای بەڕێز دەکاتو مامەڵەیەکی جیای بەرامبەر دەکات، بەوەی بۆ هەر پرۆژەیەک کە لە (٢٠٠٦)ەوە تا ئێستا ئەنجامی دەدات، دەگەڕێنەوە بۆ نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران، ژمارە (٨١٦١) کە لە (١٠/٧/٢٠٠٦) دەرچووە، تایبەتە بە تۆمارکردنی زەوییە تەرخانکراوەکان بۆ پرۆژەی ئاسوودە کە لەلایەن کۆمپانیای بەڕێزەوە ئەنجام دەدرێت، لەکاتێکدا کە تەنیا یەک پرۆژەی ئەو کۆمپانیایە ناوی ئاسوودە بووەو پرۆژەکانی دیکە بەناوو لە شوێنی جیاجیا ئەنجامدەدرێن.

هێرش موحەڕەم، سەرۆکی دەستەی گشتیی وەبەرهێنان، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە، ئەو ڕاستییەی دووپاتکردەوەو ئەوەی خستەڕوو کە لە ساڵـی (٢٠٠٦) دا، دەستەی وەبەرهێنانی پێشوو و سەرۆکایەتیی حکومەت، لەبەرئەوەی ئەو پرۆژەیەی ئاسوودە کە پێشکەشکراوە بۆ ئەوکاتە، ستراتیژیی بووەو (٢٥)هەزار یەکەی نیشتەجێکردن بووە بە کوالیتی بەرز، ئەو ئیستیسنایەیان بۆ کردووە کە ژمارەیەک مافی پێبەخشیوە کە لە بڕیاری وەبەرهێنانی ژمارە (٨٩)ی ساڵی (٢٠٠٤)دا نەبووە، بەڵام ئێستا ئەو یەکانە کەمکراونەتەوە بۆ (٥٧٠٠)یەکەو بە کوالیتی ئاسایىو یاسای ژمارە (٤)ی وەبەرهێنانیش دەرچووە، هەربۆیە پێویستە چاوێک بەو بڕیارەدا بخشێنرێتەوە.

لێرەدا، ئەوە سەلمێنراوە کە حکومەت، هەموو پرۆژەکانی کۆمپانیای بەڕێز بە ئیستیسناکەی پرۆژەی ئاسوودەوە دەبەستێتەوە، لە کاتێکدا پرۆژەکە خۆی گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووەو کەمکراوەتەوە بۆ ¼.

ئەم ئیستیسنایەی حکومەت بۆ تەنیا کۆمپانیایەک، جێگەی نارەزایی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی وەبەرهێنان/ سلێمانیشە کە لە نووسراوێکی نهێنیدا دەستەکە لە (٢٤/٤/٢٠٠٩)دا ئاراستەی دەستەی وەبەرهێنان- فەرمانگەی یاسایىو کارگێڕییو دارایی کراوە، ئیمزای یاسین فەقێ سەعیدی بەڕێوەبەری گشتیی کە ئەوکاتە بە(وەکالەت) بووە، لەسەرە.

ئەو نووسراوە بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی ئەو مادەو بڕگانەی گرێبەستی ژمارە (٧٥) بووە کە لە بەرواری (١١/٧/٢٠٠٦) لەنێوان (دەزگای هاندانی وەبەرهێنانی پێشوو) و (کۆمپانیای بەڕێز) دا ئەنجام دراوە، لەلایەن حکومەتەوە ئیستیسنای بۆ کراوە بە نووسراوێک کە زەوی بۆ پرۆژەکە بەشێوەی تەملیکو بێبەرامبەر تەرخانبکرێت.

### دان بە ئیستیسنادا دەنرێت

بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی سلێمانی، لە نووسراوەکەدا دان بەو ئیستیسنایەدا دەنێت کە حکومەتو دەستەی وەبەرهێنان بۆ کۆمپانیای بەڕێزیان کردووە، بەوەی نووسراوەکە بەوە دەستپێدەکات کە پرۆژەی نیشتەجێی ئاسوودە، یەکێکە لەو پرۆژە وەبەرهێنانەی کە لەلایەن دەستەکەمانەوە مۆڵەتی پرۆژەی وەبەرهێنانی پێبەخشراوە بە ژمارە (١) لە(١٥/١١/٢٠٠٧)، بەڵام پرۆژەکەی سەرەوە پێش ئەوەی مۆڵەتی دەستەی پێببەخشرێت، لەلایەن دەزگای هاندانی وەبەرهێنانەوە مۆڵەتی کاتیی پرۆژەی وەبەرهێنانی پێبەخشرابوو بە ژمارە (٥٤)لە(٩/٧/٢٠٠٦).

نووسراوەکەی بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنان لە سلێمانی، ئاماژە بە بڕیاری سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران، ژمارە (٨١٦١)لە (١٠/٧/٢٠٠٦) دەکات کە ڕەزامەندیی حکومەتە لەسەر دروستکردنی (٢٥)هەزار یەکەی نیشتەجێبوون، بەپێی بڕیاری دەزگای هاندانی وەبەرهێنانی پێشوو بە ژمارە(٩٢) لە (٣/٧/٢٠٠٦)و تیایدا جەختکراوەتەوە لەسەر تەرخانکردنی زەویی پێویست بۆ پرۆژەکە بەشێوەی تەملیکو بێبەرامبەر.

کەئەم پرۆژەیە وەک بڕیار جێبەجێکراوەو بەپێی گرێبەستەکەش واهاتووە لە نێوان کۆمپانیای ئەنگلۆکوردستان کە کۆمپانیایەکی بەریتانی بەناوبانگە لەگەڵ کۆمپانیای بەڕێز، بە هاوبەشی ئەنجامبدرێت، بەڵام دوای تێپەڕبوونی چەند مانگێک لە هاوبەشیکردنەکە، کۆمپانیای بەڕێز لە ڕۆژی (٢٨/٢/٢٠٠٧) بە نووسراوی ژمارە (٥٠٨) ئاگاداری (ب.گ.وەبەرهێنانی سلێمانی) کردووەتەوە کە کۆمپانیای ئەنگلۆکوردستان کە ڕێژەی (٣٠٪)ی پرۆژەکەی هەبوو، پاشەکشێ لە جێبەجێکردنی پرۆژەکە دەکات.

هاوکات، لە ڕاپۆرتی بەڕێوەبەری گشتیی مۆڵەتو ڕاییکردنی مامەڵەکانی سەر بە دەزگای وەبەرهێنانی پێشوو، ئەوە بۆ دەزگا ڕوونکراوەتەوە کە کۆمپانیا بەریتانییەکە زۆر لێهاتوو و بە توانایە، بەڵام کۆمپانیای بەڕێز ئەو توانایەی نییەو ناتوانێت بەبێ ئەم کۆمپانیایە پرۆژەکە جێبەجێبکات، کە ڕەنگە ئەمە هۆکاربووبێت بۆئەوەی ژمارەی یەکەکانی لە (٢٥)هەزار یەکەوە کەمکراوەتەوە بۆ (٥)هەزارو (٧٠٠)یەکە.

حکومەت هەر لە ئیستیسنای ئەم پرۆژەیە بەردەوام بووە، لە نووسراوەکەی بەڕێوەبەرێتیی گشتیی وەبەرهێنانی سلێمانیدا ئاماژە بۆ ئەوەکراوە کە زەوییەکانی (هەڵەبجە، ڕاپەڕین، وڵوبە١، قەرەتۆغانو چەمچەماڵ) لەبەر ڕۆشنایی نووسراوی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران-سەرۆکایەتیی دیوان، ژمارە (٨١٦١)لـە(١٠/٧/٢٠٠٦) لەگەڵ دانانی هێمای مامەڵە نەکردن لەسەر ئەو زەوییانە بۆئەوەی ڕێگە بگیرێت لە هەر تەسەروفێکی نایاسایی نەگونجاو لەگەڵ پرۆژەکەدا، زەویی ناوچەکانی تر کە بریتین لە (ڕانیە، دەربەندیخان، وڵوبە٢، کۆیەو قولەڕەیسی) هیچی نەکراوە بەناوی کۆمپانیاکەوە.

لەم نووسراوەدا بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنانی سلێمانی پێشنیاز دەکات، پاش ساغبوونەوەی زەوییەکان کە (ڕەنگە ئێستا تۆمارکرابن، چونکە نووسراوەکەی هی ٢٠٠٩-یە) کارنەکرێت بە نووسراوەکەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی سەرەوەو مامەڵە لەگەڵ ئەم پرۆژەیە بکرێت وەک سەرجەم پرۆژە نیشتەجێکانی تری دەستەمان، ئەمەش پێویستی بە ئاگادارکردنەوەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران هەیە بۆئەوەی بە نووسراوێکی دیکە کارکردن بە نووسراوەکەی پێشتر ڕابگرێت.

### پێکهێنانی لیژنە

ئەندازیار یاسین فەقێ سەعید، لەم نووسراوەدا، داوا لە حکومەت دەکات کە سنوورێک بۆ پرۆژەی ئاسوودە دابنرێتو بڕیارێکی مەرکەزیی بدرێت کە دەستەکەیان ڕۆڵی ڕێکخستنەوەو بەرنامەڕێژیی نوێ ببینێتو لەبەردەم مێژوو و گەلدا بە کەمتەرخەم نەبینرێت لە ڕوودانی هەر کەمتەرخەمیو لادانێک لە پرۆژەکە، بەڵام تا ئێستا حکومەت وەڵامی ئەو پێشنیازانەی نەداوەتەوەو لەگەڵ ئەوەی لە نووسراوەکەدا هەموو کەموکوڕییو پێشێلکارییەکان خراونەتەڕوو، بەڵام لەبری ئەوەی حکومەت بەدواداچوونی هەبێت، حکومەت لە بڕیاری ژمارە (٧٠) کە لە ڕۆژی (١٠/٥/٢٠١٠)دا دەرچووەو ئیمزای د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح، سەرۆکی حکومەتو سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنانی لەسەرەو هاوکات، مۆری دەستەی وەبەرهێنانی پێوەیە، کە نهێنییەو ژمارە (٤٣)ی ڕۆژی (١٠/٥/٢٠١٠)ی لەسەرەو تایبەتە بە تۆمارکردنی زەویی وڵوبە، بە ناوی کۆمپانیای بەڕێز بۆ بەڵێندەرایەتیو بازرگانیی سنووردار بە هەمان ئەو ئیستیسنایەو پاڵپشت بە نووسراوی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٨١٦١)لـە(١٠/٧/٢٠٠٦)، کە لە ڕۆژی(٢٥/٤/٢٠١٠)دا دەرچووە.

لەمبارەیەوە، هێرش موحەڕەم جەختی کردەوە کە لە دوای ڕاپۆرتەکەی (ڕۆژنامە) لیژنەیەک لە پارێزگای سلێمانیو سەرۆکایەتیی شارەوانیی سلێمانیو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنو نوێنەری (ب. گشتیی وەبەرهێنان- سلێمانی)و بەڕێوەبەری یەکەی سەرپەرشتیاری پرۆژەکانی وەبەرهێنانو نوێنەری کۆمپانیای بەڕێز پێکهاتووە، بۆ پێداچوونەوە بە گرێبەستەکەدا، بەڵام لەبەرئەوەی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری سەرۆکایەتیی حکومەت ئاسان نییە، هەربۆیە لە (٢٠١٠)شدا بە پاڵپشت بەو بڕیارە ئیستیسنایە کارکراوە.

هەرچەندە یاسین مەحمود، بەڕێوەبەری کۆمپانیای بەڕێز ئاماژەی بەوەکرد، کە دوابەدوای ڕاپۆرتەکەی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە لەسەر ئەو ئیستسنایەی بۆ کۆمپانیاکەیان کراوە، لیژنەیەک لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی سەرەوە پێکهێنراوە، جەختیشی کردەوە کە ئەو لیژنەیە نزیکەی دوو هەفتەیە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیان تەواو کردووەو بە سوودی کۆمپانیای بەڕێزیش بووە کە بۆیان دەرکەوتووە کۆمپانیاکە لە ڕووی کوالێتی کارکردنەوە لە هەموو کۆمپانیاکانی دیکە باشترە، هەربۆیە ئەو ئیستسنایەی بۆی کراوە بۆ سوودی هاوڵاتییان بووە نەک کۆمپانیاکە.

ئەو لێدوانەی یاسین مەحمود یەکناگرێتەوە لەگەڵ لێدوانێکی سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان کە دەڵێت لە ماوەی داهاتوودا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ئاشکرا دەکرێت؟

لەلایەکی دیکەوە، بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان ژمارە (٤٥)کە لە (٢١/٨/٢٠٠٨) دەرچووە، کە لە بڕگەی (٤)ەمیدا باس لە خزمەتگوزاریی نێو پرۆژە نیشتەجێیەکان کراوە کە سندووقی نیشتەجێکردن دەیانگرێتەوە.

لە بڕیارەکەدا بە ئاشکرا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە هەموو خزمەتگوزارییەکانی ناو پرۆژەکە، لە شەقامو شۆستەو ڕاکێشانی ئاوو ئاوەڕۆو هێڵی کارەبا لەسەر وەبەرهێنەر دەبێت، ئەمەش هەمان ئەو خاڵەیە کە لە یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)ی وەبەرهێنانە، بەڵام حکومەتو دەستەی وەبەرهێنان لەو ئیستیسنایەی بۆ کۆمپانیای

> **بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای نالیا: ئەو ئیستیسنایەی بۆ کۆمپانیایەک دەکرێت، پێویستە لەسەر پێوەرو بنەمایەک بێت کە کۆمپانیاکانی دیکە نەتوانن پێشکەشی بکەن.**

> **لە ڕاپۆرتی بەڕێوەبەری گشتییدا، ئەوە بۆ دەزگا ڕوونکراوەتەوە کە کۆمپانیا بەریتانییەکە زۆر لێهاتوو و بە توانایە، بەڵام کۆمپانیای بەڕێز ئەو توانایەی نییەو ناتوانێت بەبێ ئەم کۆمپانیایە پرۆژەکە جێبەجێ بکات.**

# ترۆزیو حوکمەتی هەرێم



**مەحمود ڕەزا ئەمین**

## ترۆزی لەنێوان جوتیارو دوکاندارەدا:

ئێوارەی ١٢ی ئابی ٢٠١٠ لە گەڕەکی زەرگەتە کیلۆیەک ترۆزیم کڕی بە (١٠٠٠) دینار، ئێوارەی دواتر چوومەوە هەمان دوکان برێک ترۆزی مابوو، بەڵام سیس سیس ببوو، برێکم لێ جیاکردەوەو بۆی کێشام.

– کیلۆی بە چەندە؟
– ٧٥٠ دینار!
– بە ٥٠٠ نابێ؟
– خاڵە، خۆم ٦٠٠ دینارم پێداوە، چۆن بیدەم بە ٥٠٠؟
– ئاخر دوێنێ کیلۆیت فرۆشت بە ١٠٠٠ دینار، ئەرێ بەڕاست چۆن (٤٠٪) قازانج دەخرێتە سەر نرخی کڕین؟
– ئەی چەند، ٣٥ باشە؟
– کە زانیم کابرا لاقرتی دەکاتو (٤٠٪) قازانج بە کەم دەزانێت، وازمهێنا.

جوتیارێکی قوڕبەسەر شەش مانگ خۆیو ماڵو منداڵی دەهەڕەتێنێ، کیلۆی ترۆزییەکەی دەفرۆشێ بە (٢٥٠–٣٠٠) دینار (تەبعەن بڕوا بە کابرای دوکاندار ناکەم کە وتی کیلۆی ٦٠٠ دینارم پێداوە)، کەچی دوکاندار بەبێ ئەوەی پارەی جوت، تۆو، ئاودان، بژار، ڕنینو گواستنەوە لە کێڵگەوە بۆ بازاڕ بدات، بە چەقەنەیەک، ئەگەر بە قسەی دوکاندارەکەش بێت لانیکەم لە کیلۆیەک (٤٠٠) دینار قازانج دەکات. یانی، ئەگەر دوکاندارێک لە ڕۆژێکدا (١٠) کیلۆ ترۆزی بفرۆشێت، بەتەنیا لە ترۆزی (٤٠٠٠) دینار قازانجی دەستدەکەوێت، کەچی جوتیارەکە لە فرۆشتنی (١٠) کیلۆ ترۆزی تەنیا (٢٥٠٠–٣٠٠٠) دینار دەچێتە گیرفانی، کە مەعلوم نییە پێشتر چەند لەو پارەیەی لە بەرهەمهێنانی ئەو (١٠) کیلۆیەدا خەرجکردووە.

ترۆزیی ناو ئەم وتارە نموونەیە بۆ باقی بەرهەمەکانی دیکەی جوتیاری کوردستان. ئەمە ئەگەر نیشانەبێت بۆ شتێک، نیشانەیە بۆ بێبەرنامەیی حوکمەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە بووژاندنەوەی ئابووریی کشتوکاڵییو ئاوەدانکردنەوەی ئاواییەکانی کوردستان.

ئەگەر جوتیار سەرەڕای ئەو هەموو هیلاکبوونە، نیو ئەوەندەی دوکانداری وردەفرۆشی دەستنەکەوێت، چ دڵێکی بە پیشەکەی خۆشبێتو چ پاڵنەرو هاندەرێک هەیە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی؟

ئاخۆ گوندو ئاواییەکانی کوردستان بە سلفەی عەقار ئاوەدان دەبنەوە یان بە ماستەرپلانو دابینکردنی هەلومەرجی شایستەو پێویستو لەبار بۆ ژیانو بۆ بەرهەمهێنانو دۆزینەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمەکانی جوتیارو دیاریکردنی نرخ بۆ بەرهەمەکانیو دیاریکردنی لانی زۆری قازانج بۆ کۆفرۆشو وردەفرۆشانی بەروبوومی کشتوکاڵیی؟

## ترۆزیو بازاڕی ئازاد:

ڕەنگە مەسئولێکی حوکمەت یان حیزب لێم ڕاستبێتەوەو بڵێ: بازاڕ ئازادە، دوکاندار کەیفی خۆیەتی بە چەندی دەفرۆشێو چەند قازانج دەخاتە سەری!

ئەو دووانە هیچیان ڕاست نین، نە بازاڕی کوردستان ئازادەو نە لە بازاڕی ئازاددا فرۆشیار ئازادە بەئارەزوی خۆی قازانج لەسەر کاڵاکەی دابنێ.

بازاڕی کوردستان هیچ پرەنسیپێک لە پرەنسیپەکانی بازاڕی ئازادی تێدا بەدیناکرێت. بازاڕی ئازاد خاوەنی کۆمەڵێک پرەنسیپە، کە هیچکامیان لە بازاڕی کوردستاندا دەستناکەوێت:

* بازاڕ بە بی بەرهەم نابێ. کوردستان بەرهەمی ناوخۆی نییە، یان ئەوەندە کەمە لە جێی نەبووانە. ناکرێت وردو درشت لە دەرەوەی وڵات بهێنرێن، وەکو ئەوەی زەمانێکە لە کوردستان باوە.

* حوکمەتو حیزب ناتوانن دەستی تێوەربدەن.

* حوکمەت یاسای قەدەغەکردنی مۆنۆپۆڵ (قانون منع الاحتکار)ی بۆ دادەنێتو چاودێریی جێبەجێکردنیشی دەکات.

* حوکمەت لە ڕێگەی کوالیتی کۆنترۆڵەوە بازاڕ لە کاڵای بەسەرچوو و ناتەندروستو بەفیڕۆچوونی سامانی بازرگانان دەپارێزێت.

* نرخی کاڵاو شمەک بەگوێرەی ململانێی ئازادی نێوان کۆمپانیاو سەرمایەداران، لە بواری کوالیتیو توانای بەرهەمهێناندا دیاریدەکرێت.

* دەوڵەت هەلومەرجی گونجاوو یەکسان بۆ سەرمایەدارانو وەبەرهێنەرانو بازرگانەکان دابیندەکات.

* دەوڵەت چاودێریی چالاکیی ئابووریو کردەی بەرهەمهێنانو بازرگانیی دەکات بەمەبەستی پاراستنی بەرهەمهێنو بەکاربەرو بازرگانەکانو ڕێگەگرتن لە مۆنۆپۆڵکردنی بازاڕو بەرزکردنەوەی عەشوائی نرخو قازانجی فاحش.

* لە بازاڕی ئازاددا کەرتی تایبەت زاڵ و حاکمە، لە هەرێمی کوردستاندا ئەرکی سەرشانی حوکمەتی هەرێمە زەمینەی پەرەسەندنی کەرتی تایبەت لە بواری پیشەسازییو کشتوکاڵدا خۆش بکات، کە نەیکردووەو نایکات.

* پەیوەندی توندوتۆڵ لەنێوان بازاڕو ناوەندەکانی خوێندن: زانکۆو پەیمانگاو قوتابخانە پیشەییەکان، هەیە. بە واتا: بازاڕ پێویستی بە چ پسپۆڕییەک هەبێت ناوەندەکانی خوێندنو فێرکردن بایەخ بەوە دەدەنو کادیری بۆ پێدەگەیەنن.

ڕەنجەڕۆیی جوتیارو قازانجی فاحیشی وردەفرۆشانو بێپلانیی حوکمەت بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانو بووژاندنەوەی ئابووریی کشتوکاڵ، هۆن بۆ نەبوونی، یاخود کەمیی بەروبوومی ناوخۆ لە بازاڕەکانی هەرێمدا، هەروەک هاندەریشن بۆ نارەزایی بەردەوامی هاوڵاتییان لە دەسەڵات.




# بزووتنەوەی گۆڕانو پەیوەندییەکانی



**مەجید ساڵح**

قسەوباسێکی زۆر دەکرێت سەبارەت بە نزیکبوونەوەی یەکێتیو بزووتنەوەی گۆڕان، هەرچەندە لە ئاستی ڕەسمیدا نییە، جۆرێک لە ئاڵۆزیش دەبینرێت لە پەیوەندییەکانی نێوان پارتیو بزووتنەوەی گۆڕان. بۆ وەبیرهێنانەوەش، پێش سێ مانگێک، ئەو هاوکێشەیەی سەرەوە پێچەوانە بوو، واتە لە نێوان بزووتنەوەی گۆڕانو پارتی جۆرێک لە نزیکبوونەوە هەبوو، کەچی پەیوەندیی نێوان بزووتنەوەی گۆڕانو یەکێتی تا دەهات گرژی زیاتری بە خۆیەوە دەبینیو یەکێتی بەشێوەیەکی توند، کەوتبووە سزادانی ئەو کادیرە حیزبییانەی چووبوونە ڕیزی گۆڕانەوە.

حەقیقەت ئەوەیە کە ئەو دیاردەیەی سەرەوە، پەیوەندییەکی زۆر نزیکی هەیە بە پەیوەندییەکانی یەکێتیو پارتییەوە کە لە زاهیردا لە چوارچێوەی پەیمانە ستراتیژییەکەیاندا ڕێکخراوەو لە باتنیشدا بە هەر لێدوانو سوکە ئاڵۆزییەک دەگەڕێتەوە بۆ خاڵی سفر، بە واتایەکی دیکە، کاتێک یەکێتی گلەییەکی دەبێت لە پارتی، هەندێگ گلۆپی سەوز بۆ گۆڕان هەڵدەکات بۆ ئەوەی پارتی پێ بترسێنێتو کاتێکیش پارتی گلەیی لە یەکێتی دەبێت، وا پیشاندەدات کە لە گۆڕان نزیک دەبێتەوە، ڕوونتر بڵێین، لەم نێوەندەدا، بە هەردووکیانەوە دەیانەوێت کە گۆڕان وەک «داهۆڵ»ێک بۆ یەکتر ترساندن بەکاربهێنن، بەبێ ئەوەی ئەو نزیکبوونەوانەی هەردوولا، بنەمایەکی ستراتیژییان هەبێت.

هەر لە سەرەتاوە، ئەم گەمەیە بە لای سەرکردایەتیی بزووتنەوەی گۆڕانەوە، گەمەیەکی ئاشکراو قێزەون بوو، چونکە مەبەست لێی ئەوە بووە کە بزووتنەوەکە لەو ئامانجانەی کە لەپێناویاندا دروست بووە، دوربخاتەوەو بەلاڕێیدا بەرێت، ئەوان دەیانویست کە هەمان ئەو مامەڵەیە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕاندا بکەن کە لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا لەگەڵ حیزبەکانی دیکەی کوردستاندا کردیان، واتە بۆ هاوسەنگیی هێز، بزووتنەوەی گۆڕانیش بخەنە گێژاوی ململانێ دێرینەکانی خۆیانەوە.

بزووتنەوەی گۆڕان، هەر لەسەرەتای دروستبوونییەوە تا ئەم ساتەوەختە، نەیویستووەو نایەوێت کە لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا بەشێک بێت لە کێشەکان، بەڵکو بەردەوام لە ڕوانگەی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستانەوە بە دوای چارەسەردا گەڕاوە. گۆڕان، بۆ ئەوە دروستبووە کە حکومەتو پەرلەمانو دەزگای دادوەرییو زانکۆو ئابوورییو هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، لە موڵکدارێتی حیزبە سیاسییەکان دەربکاتو بیانکاتەوە بە موڵکی گەلو بیانخاتە سەر ڕاستەڕێی خۆیان.

بزووتنەوەی گۆڕان، لەگەڵ هیچ حیزبو لایەنێکی کوردستانی کێشەی ڕیشەییو لایەنحەلی نییە، بە یەک چاو تەماشای پارتیو یەکێتیو ....هتد دەکات، تا ئەو کاتەی کە ئەوان لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان دوور ناکەونەوەو لە کاتی مەترسی بۆ سەر هەرێمی کوردستان هیچ سەنگەرێک جگە لە سەرنگەری نەتەوەیی هەڵنابژێرێت.

ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە حیزبەکانی کوردستان جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە لە پێگەی خۆیەوە کار بۆ سەرخستنی پرۆسەی سیاسیی لە کوردستان دەکات، پێگەی ئێستای بزووتنەوەی گۆڕانیش لە هەرێمی کوردستان «ئۆپۆزسیۆن»بوونە، بۆیە بە هەموو توانا مادییو مەعنەوییو میدیاییەکانیەوە کاردەکات بۆ ئەوەی لە خولی داهاتووی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا، زۆرینەی دەنگ بەدەستبهێنێتو حکومەت دروست بکات، بۆ ئەمەش بە شەرمەوە ئەو ئامانجەی ناخاتەڕوو، بەڵکو بە جورئەتەوە ڕەخنەی جدییو حەقیقی لە ئەدائی دەسەڵاتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان دەگرێتو کەموکووڕییو ناتەواوییەکانی بۆ ڕای گشتیی کوردستان ئاشکرا دەکات، لە وڵاتێکی دیموکراتدا، ئەوە کاری ئۆپۆزسیۆنە.

بۆیە بزووتنەوەی گۆڕان، پێیوایە کە دەبێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیو پارتیو هەر حیزبێکی دیکەی کوردستان، لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی گەلی کوردستان بونیاد بنرێتو هەوڵدەدات کە ئەو پەیوەندییانەی لە ڕابردوودا لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی تەسکی حیزبییو شەخسی دروست دەبوون، تێکبشکێنێت.

# گۆڕان لەگەڵ پارتیو یەکێتی، ململانێ یان ڕێکەوتن



**ڕەزا جەبار**

ماوەیەکە لە هەندێک دەزگای ڕاگەیاندنی نووسراوەوە بابەتی نزیکبوونەوەو ڕێکەوتنی بزووتنەوەی گۆڕانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بووەتە یەکێک لەو بابەتانەی قسەو باسی لەسەر دەکرێتو بە گرنگییەوە شرۆڤەی جیاوازی بۆ دەکرێت. مەبەستی ئەم نووسینە بە تەنیا هەڵوەستە نییە لەسەر پەیوەندیی نێوان ئەو دوو لایەنە، بەڵکو خستنەڕووی ئەو ئیشکالیەتەیە کە بۆ تێگەیشتن لە دروستبوونی پەیوەندییو گفتوگۆی سیاسیی لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا بەگشتییو بزووتنەوەی گۆڕان وەک هێزێکی ئۆپۆزسیۆنو یەکێتیو پارتی وەک دوو هێزی دەسەڵاتدار بەتایبەتی دەکرێت.

بە حوکمی پەیڕەونەکردنی سیستمی دیموکراسی لە بەڕێوەبردنی دەسەڵاتو نەبوونی فەزای ئازاد بۆ بوونی فرەیی سیاسیی لە کوردستاندا، هەم تێگەشتنی هێزە سیاسییەکان بۆ ململانێو ڕێکەوتنو هەم تێگەشتنی خەڵک بۆ هەردووکیان لە ئاستی پێویستی خواستە دیموکراسییەکاندا نەبووە، بۆیە هێزە سیاسییەکان بەجۆرێک لە مانای ڕێکەوتن تێدەگەن کە لەگەڵ بەرژەوەندییە سیاسییەکانیاندا یەکبگرێتەوەو خواستە حیزبیو تایبەتییەکان بنەمای سەرەکی ڕێککەوتنەکان بێت، ئەگەرنا مانایەکی تر بۆ تێگەشتن لەڕێکەوتن بوونی نییە.

لەهەمانکاتدا هاوڵاتییانی کوردستان بە حوکمی ئەو واقیعە سیاسییەی تیایدا ژیاون، لەحزەی بەرکەوتنیان لەگەڵ ڕێکەوتندا، لەحزەی تێگەیشتنیان بووە بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتو سامانی گشتیی بەسەر ئەو دوو لایەنەدا، هەروەک لەحزەی بەرکەوتنیان لەگەڵ ململانێی سیاسیدا، لەحزەی هەستکردن بووە بە دەستپێکردنی شەڕو دەستبردن بۆ تفەنگەکان، بێگومان هەموو ئەم تێگەیشتنانە بەرهەمی ئەزموونی سیاسیی‌هەرێمی‌کوردستانەلەسەردەمی حوکمڕانیو بەر لە حوکمڕانیدا، ئەمجۆرە تێگەیشتنەش بۆ هەریەک لە ڕێکەوتنو ململانێ لە هەر شوێنێکی دنیادا جێگەی بێتەوە، لەو شوێنەدا جێگەی نابێتەوە کە دیموکراسی تەحەکوم بە سیستمی حوکمڕانیی وڵاتەوە بکات، خۆ ئەگەر بڕیارە هێزە سیاسییەکانی کوردستان ئەزموونی حوکمڕانیی بەرەو چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی ببەن، بەر لە هەر شتێک دەبێت تێگەیشتنیان بۆ ململانێو ڕێکەوتنی سیاسیی بگۆڕن، پێویستە بە عەمەلی بیسەلمێنن ململانێ بە دوژمنکردنو خائینکردنی ئەوی دیکە نییە، ململانێ نانبڕینو برسیکردنی ئەوی دیکە نییە، ململانێ کارکردن نییە بۆ سڕینەوەو لەناوبردنی ئەوی دیکە، بەڵکو ململانێ واتە پێشبڕکێ بۆ هەرچی زیاتر خزمەتی کۆمەڵگەو چاودێریکردنی یەکتر لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیی هاوڵاتییاندا، بە مانایەکی دیکە ململانێ واتە لەناوبردنی ئەو عەقڵیەتەی کار لەسەر لەناوبردنی ئەوانی دیکە دەکات، لەهەمانکاتدا ڕێکەوتن یەکسان نییە بە چرپەچرپی نێو ژوورە داخراوەکان، ڕێکەوتن دابەشکردنی نهێنیی سامانی گشتیی نییە لەنێو لایەنەکاندا، ڕێکەوتن تەریب نییە بە مۆنۆپۆڵکردنی تەواوی کایەکانی ژیان، بەڵکو ڕێکەوتن واتە بەئاشکرا قبووڵکردنی بەرنامەی سیاسی یەکتر بۆ بەرژەوەندیی گشتییو خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی، کەواتە هەر جۆرە ڕێکەوتنێک لە خانەی نهێنیدا مایەوەو لە ژووری کۆبوونەوەکان نەترازا، ئەوا دەبێت بەگومانەوە لەو ڕێکەوتنە بڕوانین.

ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاماژەی پێ بدەین، هەڵوێستو مامەڵەی «بزووتنەوەی گۆڕان»ە لەگەڵ ململانێو ڕێکەوتنی سیاسیدا، ئەگەر بڕیارە بزووتنەوەی گۆڕان درێژە بە خەباتی ئۆپۆزسیۆنیی خۆی بدات، پێویستە ململانێ نەکات بۆ ئەوەی ڕێکەوتن بکات، نەچێتە ڕێکەوتنێکەوە ململانێی لەبیربباتەوە، واتە بزووتنەوەی گۆڕان هەڵەیەکی گەورەی مێژوویی دەکات ئەگەر وەرگرتنەوەی هەر مافێکی ڕەوای ئەوانەی باجیان بۆ خەڵک دا، ببەستێتەوە بە پاشەکشەکردن لە بەرنامەو داخوازییە گشتییەکان، بەمانایەکی تر دەبێت گۆڕان ئەو تێگەیشتنە باوە بگۆڕێت کە هێزە سیاسییەکان بەخشیویانە بە ململانێو ڕێکەوتن، بەجۆرێک قبووڵی هیچ جۆرە ڕێکەوتنێک نەکات، ئەگەر کەمترین پاشەکشە لە هەڵوێستی ڕاستەقینەی ئۆپۆزسیۆنبوونی بکات، ئیدی ئەو ڕێکەوتنەلەگەڵ‌هەرهێزێکدابێت.لەلایەکی دیکەشەوە گرنگە گۆڕان لای خۆیەوە ئەو زەمینەیە نەڕەخسێنێت وەک هێزێکی ئۆپۆزسیۆن بکەوێتە نێو بەرداشی ئەو هێزانەی لەپێناو بەرژەوەندییە حیزبیو تایبەتییەکانیاندا پەنای بۆ ببەنو درێژە بە مانەوەی خۆیان بدەن!، ئەگەرنا گرنگە بزووتنەوەی گۆڕان وابکات بچێتە هەر ڕێکەوتنو ململانێیەکەوە، کە ئامانجی بە تەنیا خزمەتکردنی هاوڵاتییان بێتو ئەوەش بکاتە سەرەتایەک بۆ گۆڕینی ئەو تێگەیشتنەی بۆ ململانێو ڕێکەوتن هەیە، هەم لەلای هێزە سیاسییەکانی کوردستانو هەم لەلای هاوڵاتییانی کوردستان.

دابەشکردن، یان گەڕانەوەی دیکتاتۆریی لە عێراق 22

# تانکەرەکانی نەوت دەربەندیخان دەخەنە مەترسییەوە

هێمن مەحمود/ دەربەندیخان

هاتوچۆکردنی ئەو تانکەرانەی کە نـەوت دەگـوازنـەوە بۆ مەرزی پەرویزخانو بە قەزای دەربەنـدیـخـانـدا تێپەڕدەبن، ژیانی هاوڵاتییانی ئەم شارەیان خستووەتە مەترسییەوە.

شەوی (٧/٢٧) تانکەرێکی نەوت لە دەروازەی قەزاکە وەرگـەڕا، سەرەڕای زیانێکی زۆر، شۆفێری تانکەرەکەش، کە کەسێکی تەمەن (٤٥) ساڵی بە ڕەگەز تورکمان بوو گیانی لەدەستدا.

مـولازم ڕێـژەن بـورهـان، لێپرسراوی بنکەی پۆلیسی هاتوچۆی دەربەندیخان، هۆکاری وەرگـەڕانـی ئـەو تانکەرانە دەگەڕێنێتەوە بۆ زۆر خێراییو گوێنەدان بە یاساکانی هاتوچۆ.

لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا (٥) تانکەر وەرگەڕاون، کە سێ کەس بەو هۆیەوە گیانیان لەدەستداوەو (٤) کەسی دیکەش بریندار بوون.

محەمەد ئەحمەد، هاوڵاتییەکی خەڵکی دەربەندیخانە، مامەڵەی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل دەکـات، سوپاسی خوادەکات کە ئەو ڕۆژەی تانکەرێک نەوت خۆیکردووە بە پێشانگایەکی ئۆتۆمبێلدا ئێوارە نەبووە، ئەگینا ژمارەیەکی زۆر هاوڵاتی دەکوشت.

مولازم ڕێژەن بورهان جەخت لەوە دەکاتەوە، کە هێما دانراوە بۆ ئەوەی ئەو تانکەرانە نەیەنە ناو شارەوە، بەڵام ئەو تانکەرەی کە خۆی کردبوو بە پێشانگاکەدا ڕێنمایی پێشێلکردبوو.

کاتژمێر (١٢:٣٠)ی نیوەڕۆی ڕۆژی (٨/١٠) بـوو، کاتێک تانکەرێکی نەوت، کە «نەوت»ی دەگـواسـتـەوە بـۆ ئـێـران لە ناوجەرگەی دەربەندیخان بەهۆی نەمانی ئستۆپەوە خۆیکرد بە پێشانگایەکی ئۆتۆمبێلداو بەوهۆیەوە شۆفێری تانکەرەکە گیانی لـەدەسـتـداو (٣) کەسی دیکەشی بریندارکرد، ئەمە جگە لە تێکشانی (٥) ئۆتۆمبێل.

هەروەها نەوتێکی زۆر بەسەر شەقامەکەدا بڵاوبووەوەو بووە هۆی پچڕانی کارەبای گەڕەکێک.

شۆفێری تانکەرەکە ناوی (سـەلاح حسێن) بـوو خەڵکی قەزای شێخانی سەر بە پارێزگای موسڵو تەمەنی (٢٤) ساڵ بوو، بریندارەکانیش خەڵکی قەزای دەربەندیخان بوون.

# فراوانکردنی نەخۆشخانەی پیرەمەگروون پشتگوێدەخرێت

فاخیر تەلانی/ پیرەمەگروون

ماوەی چەندین ساڵە دانیشتووانی پیرەمەگروون داوای فراوانکردنی مەڵبەندی تەندروستی شارۆچکەکەیان دەکـەن، بەڵام کەس بۆیان جێبەجێ ناکات.

لە ئێستادا زیاتر لە (٣٠) هەزار کەس لە قەزای پیرەمەگروون دەژین، جگە لە (٤٢) گوند کە ڕۆژانە بۆ چارەسەرکردن ڕوو لەم مەڵبەندە تەندروستییە دەکەن.

فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی بە نووسراوی ژمارە (٢١١٨) لە بەرواری ٢٠١٠/٢/٣ ئاگاداریی بڵاوکردووەتەوەو داوا لـە سـەرجـەم کۆمپانیاو بەڵێندەرەکان دەکات بەشداری بکەن لە کەمکردنەوەیەکی نهێنی بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی فراوانکردنی نەخۆشخانەی پیرەمەگروون، بۆ ئەم پڕۆژەیەش بڕی (٤٠٠) ملیۆن دینار تەرخانکراوە، بـەڵام مـاوەی شـەش مانگ بەسەر ئەو نووسراوەدا تێپەڕیوەو پڕۆژەکە نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

هـەڵـکـەوت عـیـزەت ڕەسـوڵ، دانیشتووی پیرەمەگروون دەڵێت: لەبەر نەبوونی دکتۆری پێویستو بچووکیی ئەو مەڵبەندە تەندروستییە، ناچاربوون بۆ چـارەسـەرکردن ڕوو لە شاری سلێمانی بکەن، وتیشی: «کاتێک ئەو هەواڵە بڵاوبووەوە کە نەخۆشخانەکە فراواندەکرێت زۆر دڵخۆش بووین، بەڵام شەش مانگە پڕۆژەکە پشتگوێخراوە».


نەسرین مەحمود، دانیشتوویەکی دیکەی پیرەمەگروونەو بە نەخۆشیی لە سەرەی مەڵبەندە تەندروستییەکەیاندا وەستابوو تا چارەسەری بۆ بکرێت، نەسرین وتی: «لەبەر قەرەباڵغیی دەبێت ماوەی زیاتر لە یەک سەعات بەپێوە بوەستیت».

لەبەرامبەردا د. ڕێکەوت حەمە ڕەشـیـد، بـەڕێـوەبـەری گشتیی تەندروستی سلێمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەڵێ پڕۆژەی فراوانکردنی نەخۆشخانەی پیرەمەگروون لەکاتی خۆی دواکەوتووە بە هۆکاری ئەوەی لەلایەن ئەندازیارانی سەرپەرشتی پڕۆژەکە چەند گۆڕانکارییەکیان لە پڕۆژەکەدا کردووە، کە لە دەرخستەی یەکەمدا نـەبـووە، وەک موەلیدەو محاویلەی کارەباو چەند شتێکی دیکە».

د. ڕێکەوت ئاماژەی بەوەشکرد: لە سەرەتادا بۆ ئەو پڕۆژەیە بڕی (٤٠٠) ملیۆن دینار تەرخانکراوە، بەڵام دوای ئەوە داوا لە وەزارەتـی تەندروستی حکومەتی هەرێم کراوە بڕی پارەی پڕۆژەکە بکرێتە (٦٠٠) ملیۆن دینار، حکومەت ڕەزامەندیی لەسەر ئەو گۆڕانکارییە دەرنەبڕی، هەرئەمەش هۆکاربوو بۆ دواکەوتنی پڕۆژەکە.

# پەرلەمانتار کاروان ساڵح: پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون لە خزمەتی خەڵکی هەژاردا نەبوونو سوودمەندی یەکەم کۆمپانیاکانن





سازدانی: سەنگەر جەمال

**کاروان ساڵح، ئەندامی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنو هاوچەرخکردنی لادێ لە پەرلەمانی کوردستان، لە دیدارێکی ڕۆژنامەدا ئاماژە بە کەمتەرخەمییەکانو هۆکارەکانی قەیرانی نیشتەجێبوونو چۆڵبوونی گوندەکان دەکاتو حکومەت بە بەرپرسیار دەزانێت، هەروەک لەو بڕوایەدایە کە کۆمپانیاکانو کەسانی دەوڵەمەند لەو یەکەی نیشتەجێیانە سوودمەندبوون کە تائێستا لە شارەکانی کوردستان ئەنجامدراون.**

**ڕۆژنامە: دوای (١٨) ساڵ حکومڕانیی کوردی، ئاوەدانکردنەوەی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا حکومەت بەو بودجە زۆرەی لەبەردەستیدایە توانیویەتی وەک پێویست کوردستان ئاوەدان بکاتەوە؟**

* دەتوانین (١٨) ساڵ حکومڕانیی کوردی بۆ سێ قۆناغ پۆلێن بکەین، قۆناغی دوای ڕاپەڕین، قۆناغی بەتاڵانبردنو هەرچی کەلوپەلی ئاوادانکردنەوەی باش بۆ دروستکردنی بەنداوو تونێلو ڕێگاوبانو بیناسازیی هەبوون ئاودیوی سنوور کران.

قـۆنـاغـی دووەم، شـەڕی نـاوخـۆو دووئیدارەییە، کە لێرەشدا ئاوەدانکردنەوە لەژێر سفرەوە بوو، ئەوەی مابوو وێڕای تاڵانکردن، بە سەدان هەزار کەس ئاوارە بوون لەنێوان هـەردوولادا، جگە لە تەختکردنی باڵەخانەو وێرانکردنی خانوو چۆڵکردنی گوندەکانی لێکەوتەوە.

لە قۆناغی دوای ڕووخانی ڕژێم لە ساڵی (٢٠٠٣) تائێستا، حکومەتی هەرێم پلانێکی تۆکمەو دیاری نەبووە بۆ ئاوەدانکردنەوەو ئەوەی کراوە تەنیا وەبەرهێنانی دوو لایەنی دەسەڵاتدار بووە، ئیرادەیەک لە سەرەوەی حکومەت هەیە حکومەت هەڵدەسوڕێنێو کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هاوسەنگیی ئەنجامدانی پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە هەیە لە هەرێمدا.

**ڕۆژنامە: هۆکارەکان چییە بۆ ئەوەی وەک پێویست پڕۆژەی ستراتیژیی کەمە یان نییە؟**

* هۆکاری یەکەم دەسەڵاتە، کە خۆی بووە بە بەڵێندەرو وەبەرهێن، مەبەستم کۆمپانیاکانی سەر بە دەسەڵاتە، کە بەشێوەیەک قۆرخی بازاڕیان کردووە، هەرچی کۆمپانیا هەیە دەبێت بە شەراکەتی بەرپرسانو دەسەڵاتداران بێت یان بەشێکیان بۆ دابینبکەن، هەروەها ڕێگا نادرێت بە کۆمپانیا کوردستانییەکان پڕۆژەی ستراتیژیی گەورە ئەنجام بدەن.

**ڕۆژنامە: ئایا لیژنەکەتان توانیویەتی بەدواداچوون بۆ کەموکوڕییەکانی حکومەت بکاتو لێپێچینەوەیان لەبارەوە بکات؟، هۆکار چییە ئەکتیڤ دەرناکەون؟**

* تاڕادەیەک لیژنەکەمان بە دواداچوونی بـاشـی کـردووە، سـەبـارەت بـەوەی کە لێپێچینەوە نەکراوە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، کە چەندین ڕۆتینیاتی دروستکردووەو دەبێت تەواوی کاروباری لیژنەکان لە ڕێگای سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە ئەنجامبدرێت، کە ئەمەیان کارێکی سەختەو کاتێکی زۆرو مەزاجی سەرۆکایەتی حوکم دەدەن چەند بەدواداچوونەکانمان لێپێچینەوەیان بۆ دەکرێت یان نا.

**ڕۆژنامە: نیشتەجێکردن یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی هاوڵاتییان، هۆکارەکان بۆ دروستبوونی قەیرانی نیشتەجێبوون چین؟ کێ بەرپرسە؟**

* زیادبوونی ژمـارەی دانیشتووان لە هەرێمدا بەهۆی نەبوونی پلانێکی تۆکمەی ستراتیژییو نەبوونی ئامارێک لەسەر قەیرانی نیشتەجێبوون، کۆچی گوندنیشینە بێ خزمەتگوزارییەکان بۆ شارو دەیان هۆکاری دیکە وایانکردووە قەیرانەکە دروستبێتو ئەوانەش حکومەتی هەرێمو کابینە یەک لەدوای یەکەکان لێی بەرپرسیارنو ئۆباڵی سەرەکیی لە ئەستۆی حکومەتدایە.

**ڕۆژنامە: لەماوەی ڕابـردوودا حکومەت ڕێگەی نوێی گرتەبەر بۆ چارەسەری کێشەکە، کە دروستکردنی شوقەو خانووە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بە هاوکاریی سندوقی نیشتەجێبوونو دابینکردنی زەوی، ئەو ڕێگەیە تاچەند کاریگەریی هەبووە؟**

* بە ڕای من کاریگەرییەکانی ئەم شێوازە لە دروستکردنی شوقەو خانوو زۆر کەم بووە لەسەر چارەسەری ڕاستەقینەی قەیرانی نیشتەجێبوون، ئەویش هۆکاری ئەوەیە حکومەت تەنیا لە شارە گەورەکان هەوڵی دروستکردنی شوقەو خانووی داوە، دەبوایە پلانێکی سەرتاسەریی بۆ شارو شارۆچکەو دێهاتەکان ئەنجامبدایە بۆ ئەوەی هاوسەنگیی دروست ببوایە لەنێوان شـارو دەرەوەی شار، هەروەها جۆرێک لە بێ سەروبەری لە فراوانبوونی شاردا دروستبووە، کە هێندە ئاسان نییە خزمەتگوزارییەکان وا بەئاسانیی بگەنە هەموو ئەو شوێنانە.

**ڕۆژنامە: بەشێکی زۆری پسپۆڕان پێیانوایە ئەو پڕۆژانە لە خزمەت خەڵکی هـەژاردا نین ئەوەندەی لە خزمەت کۆمپانیاکاندان، بەوەی نرخیان گرانە، لەگەڵ ئەوەی سەرجەم پارەکە لە هاوڵاتییانو سندوقەکە وەردەگرنو زەوییەکەشیان پێدەدرێت، تا چەند وایە؟**

* زۆر ڕاستە، ئەم پڕۆژانە لە خزمەتی خەڵکی هـەژاردا نـەبـوونو سوودمەندی یەکەم لەم بـوارەدا کۆمپانیاکانو زۆربەی کۆمپانیاکان لەو مەرجانە لایانداوە کە بۆیان دانراوە، زۆربەی ئەو شوقانەی کە دروستکراوە ئەوەندەی دراوەتە کادیرو ئەندامانی حیزبەکان، ئەوەندە پێوانەی هەژاریی بۆ دانەنراوە.

لیژنەی ئێمە پێشنیازی ئـەوەمـان کـردووە کە حکومەت هـەر کۆمپانیایەک وابەستە بکات بـەوەی (٣٠٪) خانوو یان شوقەکان بۆ فەرمانبەرە هەژارەکان دابنێتو حکومەت بچووبایە ژێر باری بڕێک پارەی دیاریکراو بۆ ئەوەی ئەم فەرمانبەرانەی کە سوودمەندنەبوون لە زەویو خانوو بۆ ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونیان بۆ دابینبکرایە، بۆ هەمان مەبەست هەندێک کۆمپانیا پەیوەست بکرانایە، بۆ نموونە لە (١٠٪)ی ئەم خانوو شوقانەی بە نرخێکی گونجاو بۆ کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوەکانو کەمئەندامان مسۆگەر بکردایە، بۆیە زیاتر لە ئێستادا تەنیا خەڵکی دەوڵەمەند سوود لەم پڕۆژانە دەبینن، نەک خەڵکی هەژارو کەمدەرامەت، ئەمانەش هۆکاری چارەسەرنەکردنی قەیرانی نیشتەجێبوونن.

**ڕۆژنامە: ڕەخنەی زۆر لە سستیو کەمیی کوالێتی ئەو یەکە نیشتەجێیانە دەگیرێت کە کۆمپانیاکان دروستی دەکـەن؟ ئایا بەو شێوەیەیە؟ پەرلەمان بەتایبەت لیژنەکەتان چ بـەدواداچـوونو لێپێچینەوەیەک بۆ ئەو مەسەلەیە دەکات؟**

* لیژنەکەمان بـەدواداچـوونـی زۆری کردووە لەسەر پرسی یەکەکانی نیشتەجێبوون، بەڵام کۆمپانیاکان یان ڕاستەخۆ هی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارن یان پشکی بەرپرسانو حیزبەکانی تێدایە، بۆیە کۆنترۆڵی جۆری چاودێریی پێویست ناکرێنو ئەوەی تێبینیمان کردووە یەکەی نیشتەجێبوونی هەندێک لەو کۆمپانیانە درزو ڕووخسارێکی خراپی پێوە دیارە.

لەلایەکی دیکەوە تائێستا ئەم کۆمپانیانە لەلایەن تاقیگە ئەهلییەکانی بیناسازیی کۆنترۆڵ دەکرێن، کە ئەوەش شوێنی گومانو تێڕوانینە، جگە لەوەی وەک تەواوی دامودەزگاکانی دیکەی حکومەت، لە سلێمانی بە جۆرێکو لە هەولێرو دهۆک بە جۆرێکی تر بەڕێوەبەرێتی تاقیگەی بیناسازیی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێت، بۆ نموونە لە سلێمانی بەڕێوەبەرێتی تاقیگەی بیناسازیی سلێمانی سەر بە بەڕێوەبەرێتی ڕێگاوبانی سلێمانییە، بەڵام لە شاری هەولێرو دهۆک بەڕێوەبەرێتی تاقیگەی بیناسازیی سەر بە ئەنجومەنی وەزیرانە، کە ئەمەش جۆرێک لەو پاشماوەی دوو ئیدارەییەیە کە تائێستا حکومەتی هەرێمی بەدەستییەوە دەناڵێنێو کۆمەڵانی خەڵکی بەشمەینەتیش باجەکەی دەدەن.

**ڕۆژنامە: دەبێت حکومەت چ پلانێکی هەبێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستانو نەهێشتنی قەیرانی نیشتەجێبوون؟**

* لە بودجەی ساڵی (٢٠١٠) گوژمەی (٢٠٠) ملیار دینار بۆ چارەسەری قەیرانی نیشتەجێبوون دانـراوە، کە تەنیا بۆ ساڵی (٢٠١٠) دەبێت (٧) هەزار یەکەی نیشتەجێبوون دروستبکرێت، بەڵام وەک باسمان کرد نەبوونی پلانێکی زانستیو تۆکمە وایکردووە لەم پڕۆژانە بە پلەی یەکەم کۆمپانیاکان سوودمەندی سەرەکینو لە دوای ئەوان خەڵکە دەوڵەمەندو پارەدارەکان سوودمەندی دووەمنو خەڵکی هەژارو کەمدەرامەتیش کەمترین سوودمەندی ئـەو پـڕۆژانـەن کـە تائێستا لـە بـواری جێبەجێکردندان، بۆیە حکومەت بەرپرسیارە لە هاوسەنگیی ڕاگرتنو بە عەدالەت دابەشکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوونو نەهێشتنی قەیرانی نیشتەجێبوون لە کوردستاندا.

**ڕۆژنامە: دێهاتەکانی کوردستان ئاوەدان نەکراونەتەوەو زۆربەیان بەرەو چۆڵبوون دەچن؟ کێ لەوە بەرپرسە؟**

* بەرپرسارێتی ئاوەداننەکردنەوەی گوندەکان دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمو وەزارەتـە پەیوندیدارەکان، کە هیچ پلانێکی سەرتاسەریی درێژخایەنی ستراتیژییان دانەڕشتووە، تائێستا بۆ هاوسەنگڕاگرتنی ئـاوەدانـکـردنـەوەی شـارو لادێ بەتایبەت شارۆچکەو دێهاتەکان زەرەرمەندبوون لەسەر دەستی ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمو وەزارەتە پەیوندیدارەکان پلانی تۆکمە دابڕێژن بۆ ئاوەدانکردنەوەی دێهاتەکانو گەیاندنی تەواوی خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەو شوێنانەی کە زیانلێکەوتوون.

> ❞ * هەرچی کۆمپانیا هەیە دەبێت بە شەراکەتی بەرپرسانو دەسەڵاتداران بێت
> * حکومەت تەنیا لە شارە گەورەکان هەوڵی دروستکردنی شوقەو خانووی داوە ❝

# بەڕێز، وەزیری تەندروستی.. ڕاستە زۆربەمان نەخۆشیی دەروونیمان هەیە، بەڵام...



**ئاسۆ ئەمین**

لە چاوپێکەوتنێکی ژمارەی پێشووی ڕۆژنامەی ڕۆژنامەدا، بەڕێز وەزیری تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تاهیر هەورامی، وتی «زۆربەی خەڵکی کوردستان نەخۆشیی دەروونییان هەیەو پێویستیان بەچارەسەرە»، تا ئێرە لەگەڵ بۆچوونەکەی جەنابی وەزیردام، هەرچەندە ئەو دەبوو بە ئامارێک، یان بە داتایەکی باوەڕپێکراو ئەو لێدوانەی خۆی بسەلماندایە، بەڵام سەبارەت بە توشبوونی خەڵکی کوردستان بە نەخۆشییە دەروونییەکان، پێموایە وەزیری بەڕێز، نەیتوانیوە هۆکارەکانی ئەو جۆرە نەخۆشیی و پەتاسایکۆلۆژییانە دەستنیشان بکات، کە بوونەتە هۆی نەخۆشخستنمان و وایانکردووە کە پێویستبکات بمانبەنە نەخۆشخانەی دەروونیی.

بەڕێز وەزیری تەندروستی دەڵێت، «بەهۆی ئەوەی کە کورد هەموو جۆرە زەبرێکی بەرامبەرکراوە، بۆیە زۆربەی خەڵکی کوردستان توشی نەخۆشیی دەروونیی هاتوون».

جەنابی وەزیر.. تۆ ڕەنگە بەسەر مەسەلەکەدا بازبدەیت و نەتەوێت بەئاشکرا پێمانبڵێیت، هۆکاری نەخۆشییە دەروونییەکان چین، ڕەنگە بیریشت چووبێت کە ئێستا نەوەیەک هاتووەتەکایەوە کە ئەو زەبروزەنگەی بەڕێزت باسیدەکەیت، نەیاندیوە، کەچی زۆرترین نەخۆشیی دەروونیی لای ئەوانەوە دەردەکەوێت و بەداخەوە، ڕۆژانە دەبینین کە هەندێکیان بەخۆکوشتن تەعبیر لەو دۆخە ناهەموارەی ناخیان دەکەن و ماڵئاوایی لەژیان دەکەن.

بێگومان، نەخۆشیی دەروونیی، هۆکارەکانی لەدەرەوەن و دەکەونە ئەو چواردەورەی کە نەخۆشەکەی تێکەوتووە، ڕەوانتر بڵێم، هۆکارەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان کۆمەڵناسین و چواردەورو کۆمەڵگە هۆکاری سەرەکین بۆ دەرکەوتنی ئەو نەخۆشییانە لای تاک.

ئەوەی وایکردووە کە هەموومان نەخۆشیی دەروونیمان هەبێت، بەو منداڵ و لاوانەشەوە کە یەک تۆز هەستیان لادروستبووە، ئەوەیە کە لەم کۆمەڵگەو سیستمی حوکمڕانییەدا دەگوزەرێت و ئەو جیاوازییە ئابوورییەیە کە تا دێت قوڵترو قوڵتر دەبێتەوە.

بەڕێز، وەزیری تەندروستی..! ئەوەی وایکردووە کە ئێمە نەخۆشیی دەروونیمان هەبێت و تۆش نەخۆشخانەمان بۆبکەیتەوە، ئەو هەموو گەندەڵی و فەوزایەیە کە لێرە ئامادەیە، ئەو ناعەدالەتییەیە کە هەندێکمان بەرەو مەرگو ماڵئاوایی لە ژیان دەبات و نوخبە دەسەڵاتدارو بازرگانەکانیش، تا بێت نوقمی نازو نیعمەتی ژیان دەکات و ئاگایان لەخوارەوە نەماوە.

ئەوەی خۆی دەکوژێت و خۆی دەسوتێنێت لەم هەرێمی کوردستانەدا، یان کێشەی دارایی هەیەو سەرچاوەی بژێویی نییە، یان دەرچووی زانکۆو پەیمانگایەو بێ واسیتەیەو دانامەزرێت، یان گیرۆدەی ئەو کلتورەیە کە ناهێڵێت بە ئازادانە بڕیاری چۆنێتیی ڕێکخستنی ژیانی بدات.

جەنابی وەزیر.. من لەگەڵ ئەو تەفسیرەی جەنابتام، بەو مەرجەی کە ئەو تەفسیرە دوو ساڵ دوای ڕاپەڕین بتکردایە، بەڵام دوای نۆزدە ساڵ لە ڕاپەڕین و لە دروستکردنی حکومەت بە سیستمێکی کوردییانە، وەک ئەوەی هەموومان دەزانین کە چۆن و بەچ شێوەیەک دەگوزەرێت، تەفسیرێکی وەها بۆ دەستنیشانکردنی ئەو نەخۆشییانە، ڕەنگە ئەنجامی زانستی بۆ تۆو وەزارەتەکەی بەڕێزشت نەدات بەدەستەوەو دواجار بەهەڵەشماندا ببات لە چارەسەرکردنیان.

asoamin@gmail.com

# تونێلی دەربەندیخان و کارەساتێکی پێشبینیکراو




**ئاراز عەبدولڕەحمان**

لە ناوەڕاستی هەشتاکانداو ڕۆژێک وەک هەموو ڕۆژەکانی تری، کە سوتەمەنی دەبرد بۆ وێستگەکانی دەربەندیخان و گەرمیان، تانکەرێکی پڕ لە بەنزین، لە هەورازی سەروو تونێلەکەوە بەرەو خواربووەوە. لە ڕۆژگاری جەنگی هەشتساڵەی نێوان عێراق و ئێرانداو ئەو ڕێگەیەی کە لەژێر ڕەحمەتی تۆپبارانی ئێراندا بوو، بتوانێت لە کەمترین کاتدا بارەکەی دەرباز بکات، چونکە دەیزانی کە بە بچوکترین هەڵەو بە بەرکەوتنی باروتێک، یان پارچەی گولەتۆپێک، ئەو جەهەنمەی بۆ تاودەدرێت کە بەردەوام لە زهنیدا بوو، بەڵام ئەوەی لە زهنی ئەودا نەبوو ڕوویدا. پێش ئەوەی ئۆتۆمبێلەکە بگاتە دەروازەی تونێلەکە، شۆفێرەکە کۆنترۆڵی لەدەستداو تانکەری پڕ لە بەنزین، لەبەردەم تونێلەکەدا بەلادا هات. تا ئێرە بارودۆخ تا ڕادەیەک ئاسایی بوو، وەک دەگێڕنەوە شۆفێرەکە تەنها قاچێکی گیریخواردبوو، نەیدەتوانی بە ئاسانی بێتە دەرەوە، بۆیە هێشتا لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیدا مابووەوە، بەڵام ئەو بەنزینەی کە لەنێو تانکەرەکەدا بوو، وردەوردە بەتاڵ دەبووەوەو هەمووشی بەنێو تونێلەکەدا جۆگەلەی بەستبوو بەرەو دەروازەی ئەودیو، واتە بەرەو دەروازەی دەربەندیخان. کاتێک هەواڵ دەگاتە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی دەربەندیخان، شۆفێری دڵسۆزو بەئەمەکی ئەمبولانس کە بەردەوام لە نەخۆشخانەدا چاوەڕێی هەرکارەساتێکی نەخوازراوی دەکرد، بەخێرایی لە نەخۆشخانەوە دەرچوو، ئەمبولانسەکەی بەرەو تونێلەکە دەئاژوژێ، کاتێک دەگاتە نێو تونێلی تەژی لە بەنزین، بەهۆی بەرکەوتنی دوکەڵکێشی ئەمبولانس لەگەڵ بەنزینی نێو تونێلەکەدا، جەهەنمێک بەرپا دەبێت. وەک دەگێڕنەوە ئاگرێکی زۆر بەگوڕ ناو تونێلەکە دەتەنێت، بەمەش هەردوو شۆفێری ئەمبولانس و تانکەرەکە دەبنە قوربانیی ئەو کارەساتە.

ئەو ڕووداوەی سەرەوە لەکاتێکدا ڕوویداوە کە ئۆتۆمبێل لەسەر شەقامەکانی ئەم هەرێمە زۆر کەمبووە، بەشێوەیەک کە لەو کاتەدا ئەو کارەساتە ڕوویداوە، هیچ ئۆتۆمبیلێک لەنێو تونێلی دەربەندیخاندا نەبووە، بەڵام ئێستا لە هەر چرکە ساتێکدا، زیاتر لە بیست ئۆتۆمبیل لە نێو تونێلەکەدایەو سەرباری چەندین تانکەری گواستنەوەی سوتەمەنیی بەقاچاخبراو. ئێستا، خوێنەری بەڕێز، گریمانەی ئەوە بکە کە لە ساتێکدا تونێلەکە دوو پاسی نەفەرهەڵگری دەربەندیخان و کەلاری تێدابێت و پێنج تاکسی و حەوت ئۆتۆمبیلی شەخسی و چوار تانکەری سوتەمەنی و چوار گەلابەی مانی تێدا بێت (کە هەندێکجار زیاتر لەم ژمارانە لەنێو تونێلەکەدان) و کارەساتێکی وا بخولقێت، تۆ گریمانەی بکەو بزانە، دەبێتە چ کارەساتێک؟ ئەوەی ئەم گریمانەیەمان زیاتر بەهێزتر دەکات، ئەو هەمووە تانکەرە سوتەمەنییەیە کە ڕۆژانە بە نێو ئەم تونێلەدا تێدەپەڕن. بۆ نموونە تەنیا تا ناوەڕاستی مانگی ئاب، واتە لە دووهەفتەدا، چوار تانکەر لە نێو شارو لەودیو تونێلی دەربەندیخاندا بە هۆی ناشارەزایی شۆفێرەکان بە ڕێگاوبانی ناوچەکە، وەرگەڕاون و سەرجەم شۆفێرەکانیان گیانیان لەدەستداوە کە کارەساتبارترینیان ئەو تانکەرەبوو کە لەسەرەتای مانگدا بەخێراییەکی زۆر خۆی کرد بە نێو شارداو پێنج قوربانیی بە گیانلەدەستدان و بریندار لێکەوتەوە، زیانی مادییش، چوار ئۆتۆمبیلی تری شێلاو تەواوی بارەکەی کە نەوتی ڕەشبوو، ڕژایە نێو شەقامەکانی شارەوە، بەڵام ئەوەی کە لەقەبارەی کارەساتەکەی کەمکردەوە، ئەوەبوو کە لە کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆدا ڕوویداو شەقامەکە نیوە چۆڵێک بوو. گریمان هیچ کارەساتێکی ئاگرکەوتنەوە ڕوونادات، بەڵام بەهەر هۆیەک بێت، هاتوچۆی ناو تونێلەکە بۆ ماوەی نیو کاتژمێر ڕادەوەستێ و ئەو ئۆتۆمبێلانەی لە گریمانەی پێشوودا ژماردومن، لەنێو تونێلەکەدابن، ئەوکات دەبینین کە تەنها کارەساتەکەو جۆرەکەی دەگۆڕێت لە سوتانەوە بۆ خنکان، بەهۆی کۆبوونەوەی ئەو هەموو گازی دوانۆکسیدی کاربۆنەی کە بەهۆی دووکەڵکێشی ئۆتۆمبیلەکانەوە بەردەوام تونێلی پڕ کردووە، بەشێوەیەک کە بۆ دووریی چەند مەترێک نەبێت، بەردەمی خۆت نابینیت، چونکە لە نێو تونێلەکەدا هیچ (ساحیبە) ڕاکێشەری دووکەڵی تێدا نییەو تەنانەت لە هەندێک جێگە نەبێت، گلۆپیشی تێدا نییە. ئێستا گریمانەی بکە، ئەو کوڕەی کە پاش ئەوەی باوکی لە تۆپبارانی جەنگی عێراق- ئێراندا بووە بە قوربانی و دایکی بە دونیایەک لە بەرزی و نشێوی ژیاندا تێپەڕیوە، بەهۆی تانکەرێکی قاچاخەوە گیان لەدەستبدات، گریمان یەکێک لەو ئۆتۆمبیلانەی کە ئەو تانکەرانە دەیشێلێت، هی فەرمانبەرێکی حکومەتەو چەند مانگێکە بە قیست لە مووچە متەوازعەکەی ڕایکێشاوە، تۆ بیر لەوە بکەرەوە کە ژنێکی پاشماوەی ئەنفال بۆ مووچەوەرگرتن، یان بۆ مامەڵەی شەهیدانە، لە نێو یەکێک لەو پاسانەدابێت، بیهێنە بەرچاوی خۆت، کچێک تازە لە کۆلێژ بڕوانامەی دەرچوونی وەرگرتووەو بۆ ئاهەنگی دەرچوون دەڕوات بۆ سلێمانی و لە یەکێک لەو تاکسیانەدایە، پیکابێک بارێک شوتی لە شارەزوورەوە بەرەو کەلار دەبات، دوو هونەرمەند بە ئۆتۆمبێلەکەیان بەرەو سلێمانی دەڕۆن و لە نێو ئەو تونێلەدان، باوکێک چەندین ساڵ لە چاوەڕوانی کوڕەشەهیدەکەیدا ژیانی بەسەر بردووەو لە نێو پاسێکدایە. مقاولێک بۆسەر کارەکەی دەڕوات و لە نێو تونێلەکەدایە، کوڕێکی گەنج کە تازە ژیانی هاوسەری پێکەوەناوەو بۆ مامەڵەی وەرگرتنی سولفەی زەواج، دەڕوات بۆ سلێمانی و یەکێکی تر کرێچییەو بەهەر نرخێک بووە پارچە ئەرزەیەکی کڕیوەو دەیەوێت بە پاڵپشتی سولفەی عەقار بیکات بە خانوو، هەموو نووسراوەکانی پێیەو بەرەو سلێمانی دەڕوات بۆ تەواوکردنی.. هەموو ئەمانەو دەیان چیرۆکی تر، لە نێو ئەو کارەساتەدا، ببن بە قوربانی و لە هەمووشی ناخۆشتر ئەوەیە کە ئەمانە بەهۆی ئەو تانکەرانەوە ڕوودەدەن کە بەردەوام، نەوتی وڵاتێکی خێرلەخۆنەدیو بەرەو ئەودیو سنوور ببەن و کەس نازانێت داهاتەکەی بۆ گیرفانی کێ دەڕوات.. ئایا، کێ بەرپرس دەبێت لە کارەساتێکی ئاوا؟

**لەنێو تونێلەکەدا هیچ (ساحیبە) ڕاکێشەری دووکەڵی تێدا نییەو تەنانەت لە هەندێک جێگە نەبێت، گلۆپیشی تێدا نییە**

# یەکێتیی مامۆستایان، سەلماندی کە فوول حیزبییە



شاخەوان عەلی

یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی لەسەرەتای دروستبوونییەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان و تارادەیەک سەربەخۆبووە، بەڵام لەکاتی دروستبوونی شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتی و پارتی و لە نەوەدەکانەوە، ئەم یەکێتییە وەک سێوێک کرا بەدووبەشەوە، بەشێکی پارتی و بەشەکەی تری یەکێتی بردی و هەر لەو کاتەوە یەکێتیی مامۆستایان لە ڕێکخراوێکی پیشەییەوە کرا بە ڕێکخراوێکی سیاسی و تا ئێستاش زۆر بەزەقی ئەو بەحیزبیبوون و سەربەحیزبییەی پێوە دیارە، ئەگەرچی لێرەو لەوێ، باس لەوە دەکرێت کە ئەم یەکێتییە سەربەخۆیە، بەڵام مۆرکی فوول حیزبیبوونی پێوە دیارە، بۆنموونە:

پاش شەڕی ناوخۆو براکوژیی نێوان یەکێتی و پارتی و لە دەوروبەری ساڵی (٢٠٠٧)دا، یەکێتیی مامۆستایانی لای پارتی و یەکێتیی مامۆستایانی لای یەکێتی، یەکیانپێگیرایەوەو پاش ئەمەش نە پارتی قبوڵی بوو کە یەکێتی سەرۆکایەتی ئەم یەکێتییە بکات و نە یەکێتی قبوڵی بوو پارتی سەرۆکایەتی بکات، هەر لەوکاتەوە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە بە نۆرەو هەر شەش مانگ جارێک یەکێکیان سەرۆکی یەکێتیی مامۆستایان بێت، واتە بەهیچ جۆرێک یەکێتی و پارتی ڕێگانادەن کە ئەم ڕێکخراوە بەمانا تەواوەکەی خۆی، ڕێکخراوێکی پیشەیی بێت و هەر دەبێت کە بوویت بە مامۆستا، شایەتومان بەلایەکیان بهێنیت.

ڕۆژان هاتن و ڕۆژان چوون، ئەو دوو سەرۆکەی یەکێتیی مامۆستایان کە دانرابوون لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە، لەم چەند هەفتەیەی پێشوودا یەکێکیان کۆچی دوایی فەرموو، کە ئەویش سەرۆکەکەی لای پارتی بوو، پەکێتیی مامۆستایانیش ئێستا سەرقاڵی ئەوەن کە کۆنگرە ببەستن و مامۆستایانی سنووری پارتی و یەکێتی کار بۆ ئەوە بکەن، ئەو جیاوازییە گەورەیەی لەنێوانیاندا هەیە لە مووچەو پاداشتدا، بەوشێوەیە نەهێڵرێت و هەوڵی ئەوەش بدرێت بە هاوکاریی ڕێکخراوەکانی تری مامۆستایانی سەر بە حیزبەکانی تر، دووبارە ئەم ڕێکخراوە بەرەو پیشەییبوونی خۆی ببرێتەوە.

لێرەوە بە یەکێتیی مامۆستایان و گشت مامۆستایانی کوردستان ڕادەگەیەنم، کە هیچ تروسکایی و ئومێدێکیان بەم ڕێکخراوە نەبێت، کە بتوانن لە ڕێکخراوێکی حیزبییەوە بیکەنە ڕێکخراوێکی پیشەیی، با یەکێتیی مامۆستایان وەڵام بداتەوە، ئەگەر هیچ پرسێک بەوان کرابێت لەوەی کە ئەو سەرۆکە نوێیەیان بۆ دانرابێت، تەنیا ئەوە نەبێت لەسەر ئەو ڕێککەوتنە کۆنەی نێوان یەکێتی و پارتی ڕۆیشتوون لە یەکگرتنەوەی ئەو دوو ڕێکخراوە. کوا سەربەخۆبوون و بێلایەنیی یەکێتیی مامۆستایان؟ مامۆستایانی کوردستان!

**خاوەنی ئیمتیاز:** کۆمپانیای وشە

**سەرنووسەر:** ئازاد چالاک

**بەڕێوەبەری نووسین**
سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com

**لێپرسراوی هونەری**
شاخەوان ئەنوەر ٠٧٥٠١٢٤٩٤٩٤ shakhawan.shdn@gmail.com

**کارگێڕی و ریکلام و ئاگاداری**
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info.rozhnama@gmail.com
riklam.rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای پەیپەر
٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١
٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – زەرگەتە – گردی زەرگەتە – کۆمپانیای وشە
**ئۆفیسی هەولێر:**
گەڕەکی زانکۆ – چوارڕێیانی حەمرین – تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە
٠٧٥٠١١٧٧٥٢٤

# سیاسەتی بێدەنگکردن

**هاوڕێ کاسترۆ**

سێ مانگ لەمەوبەرو لە وەرزی خوێندناو لە بەرەبەیانێکی ئاساییو لە بەردەمی کۆلێژی ئادابدا، لە پایتەختی هەرێمی کوردستان، خوێندکارو رۆژنامەنووس، سەردەشت عوسمانی تەمەن (٢٣)ساڵ بە بەرچاوی هاوڕێیەکانیەوە رفێنراو بۆ رۆژی دواتر تەرمەکەی لە شاری موسڵ دۆزرایەوە.

دیارە کوشتنی سەردەشت عوسمانی رۆژنامەنووس، رەهەندێکی قوڵی لە هەناوی سیاسیدا هەڵگرتووەو تابلۆیەکی فرەڕەهەندە لە گوزارشتکردن لە ماناجیاوازەکانی ژیان‌و جۆرێکیشە لە مامەڵەکردنی کلتووری سیاسیمان‌و سێبەری خێڵە بەسەر کایەی ژیانمانەوە، ئەگەرچی شەهیدکردنی سەردەشت عوسمان، رووداوێکی تازە نییە لە فەرهەنگو کلتوورو بیرکرنەوەی سیاسیی ئێمەدا، بەڵکو مێژوومان پڕیەتی لەو جۆرە توندوتیژییانەو بەدەیان نووسەرو رووناکبیری گەلەکەمان لەم رێگایەدا بوونەتە قوربانییو دەستهاڕی توندوتیژیی هاڕیونی، لەبەرئەوە کلتوورمان، سیاسەتمان، ئاینمان... پڕاوپەڕە لە توندوتیژیی، بۆیە خەسڵتەکانمان لە حکومڕانیی ئەمڕۆی دیموکراسیشدا رەنگدانەوەی توندوتیژیی هەیە، چونکە کاردانەوەی سایکۆلۆژیی لێکەوتووەتەوە، وەک پێداویستییەکی نەرێنی مامەڵەی لەگەڵ کراوە، لەبەرئەوە ئەوەی ئەم رووداوە جیادەکاتەوە لە رووداوەکانی رابردوو، رفاندنی بەئاشکرای سەردەشتە، ئەوەیە دەمانخاتە ناوجیهانی گومانەوەو دەمانباتە بەردەم دەیان پرسیارو کۆمەڵێک لەو گومانانەمان بۆ دەکاتە پرسیارو پێمان دەڵێت، کێ سەردەشتی کوشت؟، یان ئەم جۆرە رفاندن‌و کوشتنانە لە دەسەڵاتی کێدان؟ ئەوانەو دەیان پرسیاری تر، رۆژانە لەنێوان هاوڵاتییان‌و میدیای کوردیدا ئالوگۆڕدەکرێن‌و گفتوگۆیان لەسەردەکرێت، لەڕاستیدا ئەوجۆرە مامەڵەی دەسەڵاتیش لەدوای شەهیدبوونی سەردەشتەوە نواندی، هەڵوێستێک بوو، دوور بوو لە پێوانەکانی حکومڕانییە مەدەنییەکان، بەڵکو بەشێوازێکی دوژمنکارانە مامەڵەیان لەگەڵ رووداوەکەدا کرد، ئەمەش بەرەئەنجامی باش بیرنەکردنەوەی نووسەران‌و رۆژنامەنووسانی دەسەڵات بوو کە خۆیان خستە ناو گێژاوی رووداوەکەو بەئاراستەیەک کار کرا، ئەوی باسی سەردەشت بکات، دوژمن بێت.

لەراستیدا ئەم جۆرە مامەڵەو بیرکردنەوەو بینینەی دەسەڵات لەنێوان رەش‌و سپیدا، جۆرێکە لە دابەشکردن‌و راکێشانت بۆ ناو ژیانی رەش، یان سپی، ئەمەش شێوەیەکە لە سیاسەتی بێدەنگکردنی هاوڵاتی‌و گەڕانە بەدوای نێچیری بێدەنگو راوکردنی ئازادیدا، ئەگەرچی ئەم دروشمە لەسەردەمی نازییەکانیشدا باو بوو، بۆیە نازییەکان لە سێبەری دیموکراسیدا درۆینەی ئازادییان دەکردو مەرگو ژیان، ئەوان دەیانبەخشییەوە مرۆڤەکان، بۆیە توانییان بۆماوەیەک ئەم پرۆسەیە دەستبەسەربکەن، بەڵام لەبەرامبەردا هەمیشە رەوتێک هەبووەو بێدەنگ نەبووەو درێژەیان بەخەبات داوە، بۆیە مێژووی بەرەنگاربوونەوەکان پێماندەڵێت، هیچ هێزو دەسەڵاتێک لەمێژووی حکومڕانییە دیکتاتۆرەکاندا، نەیتوانیوە مرۆڤە ئازادیخوازەکان لەناوبەرێت، بەڵکو دواجار سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، بۆیە پرۆسەی سیاسەتی بێدەنگکردن کە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونێکی بەهێزی هەیە، هەمیشە کۆمەڵگای خۆرهەڵاتیان بەرەو ئاراستەی داخران بردووەو ژیانی کردووەتە مەرگەسات، چونکە هەمیشە دروشمی (لەگەڵم نەبیت، دوژمنمی) بەرهەمهێناوەو دواجار بووەتە بەردی بناغەی کارکردنی دەوڵەت، ئەگەرچی پێوانەکردنی شەهیدکردنی سەردەشت عوسمانی رۆژنامەنووس بە دەسەڵاتی نازییەکان، رەنگە لۆژیکێکی هاوسەنگ نەبێت بۆ بەراوردکردن، بەڵام بەپێی بەراوردکردنی قۆناغەکان‌و جیاوازی سەردەمەکەو قەبارەی رووداوی سەردەشت، کەمتر نابێت لە رووداوی نازییەکان، چونکە ئەمڕۆ دۆخێک لەئارادایە کە لە رووی سیستمی دیموکراسی‌و مافی مرۆڤ کە پێچەوانەی رابردووە، لەبەرئەوە ناکرێت ئەم رووداوە بەبێ لێپێچینەوە گوزەربکات‌و وەک ئەوەی رووی نەدابێت، لەکاتێکدا حکومەت بەرپرسیاری پاراستنی هاوڵاتییانی لەئەستۆدایەو دەبێت بەدواداچوون بۆ رووداوەکان بکات‌و دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکان ئاشکرابکات، بەڵام ئەوەی لەو رووداوەدا جێگای پرسیارە، بێباکیی حکومەتە لە بەدواداچوونی شەهیدکردنی سەردەشت عوسماندا، چونکە بۆماوەی زیاتر لە (٣)مانگە، حکومەت هیچ ئەنجامێکی بڵاونەکردووەتەوە جگە لە کۆبوونەوەی لیژنەکان، لە راستیدا خولانەوەی لیژنەکان بەدەوری ئەو بازنەیەی بۆیان کێشراوە، هیچ ماناو ئەنجامێکی نابێت، بۆیە پێویستە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی بەم کەیسە بدات‌و وەڵامی پێویستی رۆژنامەنووسان بداتەوە، نەک یاریی بەکاتەوە بکرێت بۆ لەبیرچوونەوەی سەردەشت، چونکە چەند رووداوێکی تر لەدوای سەردەشت روویانداو سەرۆکی حکومەت شوێنی رووداوەکانی بەسەردەکردەوەو چاودێریی لیژنەکانی دەکردو گرنگی بە لێکۆڵینەوەکان دەدا، بەڵام شەهیدکردنی سەردەشت عوسمانی رۆژنامەنووس‌و خوێندکاری پەراوێزخست، نازانین بۆچی؟ بە رای چاودێرانی سیاسیی، سەرۆکی کابینەی (٦)ی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خۆی ناکاتە خاوەنی ئەو کێشانە کە پارتی نیگەران دەکەن، ئەوەش بەرئەنجامی ئەو فشارەیە کە پارتی خستوویەتییە سەر بەرهەم ساڵح لەدوای نێچیرڤان بارزانی، بۆیە کێشەی سەردەشت عوسمانیش لەچوارچێوەی ئەو دۆخەدا مامەڵەی لەگەڵ کرا، لەبەرئەوە لیژنەکان تا ئەبەد هەر لیژنە دەبن‌و دواجار دەبینە دەوڵەمەندترین حکومەت لە درووستکردنی لیژنەدا.

# دابەشکردن، یان گەڕانەوەی دیکتاتۆریی لە عێراق



**ئاکۆ حەمەکەریم***

لەکۆتایی ئەم مانگەدا، ئەرکی جەنگیی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق کۆتایی دێت‌و تەنیا (٥٠)هەزار سەرباز دەمێننەوە، کە دابەش دەکرێن بەسەر (٩٤) بنکەی سەربازییداو ئەرکییان تەنها یارمەتی لوجستی‌و راهێنان‌و چاودێریی ئاسمانی دەبێت، وەک هەنگاوێک بۆ پاشەکشێی تەواوی لەکۆتایی (٢٠١١)دا، ئەمەش بەپێی رێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان عێراق‌و ئەمریکا کە باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا جەخت لەپابەندبوونی وڵاتەکەی بە رێککەوتنەکەو پاشەکشێکردنی لەعێراق کردەوە.

لێرەدا دەپرسین: چارەنووسی عێراق بەکوێ دەگات‌و ئەو سیناریۆیانە چین کە چاوەڕێی دەکات؟ ئایا دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، عێراقییەکان دەتوانن سیستمە دیموکراسییەکەیان پێشبخەن‌و بیپارێزن‌و حکومەتێکی بەهێز پێکبهێنن‌و کۆتایی بەئاژاوەی ناوخۆیی‌و دەستتێوەردانی دەرەکی بهێنن؟ ئایا عێراق رووبەڕووی کێشەو تەنگەژەی زیاتر دەبێتەوەو لەئەنجامی ناکۆکی سیاسی‌و مەزهەبی‌و جەنگی تائیفی‌و تیرۆرەوە، یەکپارچەیی لەدەستدەدات‌و سەرئەنجام دابەش دەبێت؟ ئایا دیموکراسی عێراق شکست دەهێنێت‌و دواجار سیستمێکی دیکتاتۆری شمولی تاکەکەسی دەگەڕێتەوە؟!پاش کشانەوە، ستراتیژی ئەمریکا چی دەبێت بەرامبەر عێراق؟ هەرچەندە وەڵامدانەوە ئەم پرسیارانە، هەروا ئاسان نین‌و تەنانەت ئەمریکییەکانیش ناتوانن پێشبینی داهاتووی عێراق بکەن، بەڵام دەتوانین لەو پرسیارانەوە سێ سیناریۆ هەڵهێنجین بۆ ئایندەی عێراق پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، بەم شێوەیە:

– سیناریۆی یەکەم: مانەوەی عێراق وەک دەوڵەتێکی دیموکراسیی سەقامگیری بەهێز.

– سیناریۆی دووەم: دابەشبوونی عێراق بەسەر سێ دەوڵەتدا.

– سیناریۆی سێیەم: گەڕانەوەی دیکتاتۆرییەت بۆ عێراق.

لەگەڵ تێڕوانینێکی خێرا بەو سیناریۆیانەدا، راستەوخۆ ئەوەمان لەلا گەڵاڵە دەبێت کە عێراقی‌و ئەمریکییەکان لەگەڵ روودانی سیناریۆی یەکەمن‌و کاریش بۆ سەر خستنی دەکەن، واتە پشتگیریی مانەوەی عێراق دەکەن وەک دەوڵەتێکی دیموکراسی سەقامگیری بەهێز لەناوچەکەو دژی روودانی سیناریۆکانی تری وەک دابەشکردن، یان گەڕانەوەی دیکتاتۆرین لەعێراق، بەڵام لەواقیعدا چانسی روودانی هەر سێ سیناریۆکە وەک یەکە، رەنگە دیموکراسی عێراق سەرکەوێت (سیناریۆی یەکەم)، لەهەمانکاتدا دوور نییە لەداهاتوودا عێراق دابەش بێت (سیناریۆی دووەم)، یاخود دیکتاتۆریی بگەڕێتەوە (سیناریۆی سێیەم).

تائێستا سیناریۆی یەکەم بەتەواوی لەعێراق رووی نەداوەو ئەگەری روودانیشی لاوازە، چونکە لەسەر ئاستی ناوخۆ، دیموکراسی عێراق بە راستی نەچەسپیوە، بەڵکو دیموکراسییەکی لاوازو بێبنەمایەو پەیوەستە بەفشاری دەرەکی‌و مانەوەی هێزەکانی ئەمریکاوە، بەدەر لەوەی کە رەوشی سیاسیی‌و ئابووریی‌و ئەمن‌و کۆمەڵایەتی لە بارێکی خراپدان، لەڕووی سیاسییەوە عێراق رووبەڕووی دابەشبوونی مەزهەبی‌و تائیفی‌و نەتەوەیی بووەتەوەو دەوڵەت لە قەیرانێکی گەورەدایەو دامودەزگاکانی لاوازو بێتوانان‌و لەواقیعدا بوونیان نییە، هەروەک چۆن تا ئێستا حکومەت پێکنەهاتووەو ئەگەر پێکیشبهێنرێت (وەکو پێشوو) حکومەتێکی هەڵوەشاوەو ناکارا دەبێت‌و بەدەست گەندەڵی‌و موحاسەسەی تائیفی‌و دەستتێوەردانی دەوڵەتانی دراوسێوە دەناڵێنێت، لەڕووی ئەمنییشەوە ئەدای دەزگا ئەمنی‌و سەربازییەکانی عێراق، لاوازەو هێرشە تیرۆریستییەکان بەردەوام لەبەرزبوونەوەدان. هەرچەندە عێراق، ئێستا خاوەنی (٦٦٥)هەزار سەربازە، بەڵام ئینتیماو دڵسۆزیی ئەم هێزانە بۆ دەوڵەت نییە، بەڵکو بۆ مەزهەب‌و حیزب‌و تائیفەیە، بۆیە ناکرێت وەک هێزێکی نیشتمانی پشتی پێ ببەسترێت. هەروەها لەڕووی ئابوورییەوە، رەوشی عێراق خراپەو بەپێی راپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان، زیاتر لەچارەکی (یەک لەسەر چوار) دانیشتووانی عێراق هەژارن‌و داهاتی رۆژانەیان لەدوو دۆلار کەمترەو رێژەی بێکاریش، (٣٠٪)یە. لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە، کۆمەڵگەی عێراق دووچاری رووخان‌و پارچەپارچە بوون بووەتەوەو بەشێک لەپێکهاتەکان باوەڕیان بەکلتووری توندوتیژیی‌و خۆسەپاندن‌و دیکتاتۆریی هەیە.

لەسەر ئاستی دەرەکی، عێراق تەواو لاوازەو دەوڵەتێکی بێسەروەرییەو پێگەی هەرێمی خۆی لەدەستداوە، ئەوەی ئەمریکا هەوڵی بۆ دەدا نەهاتەدی. ئەمریکا، دەیویست ئەزموونی ژاپۆن‌و ئەڵمانیای خۆرئاوا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیی لە عێراق دووبارەبکاتەوە، واتە ئەمریکا دەیویست لە رێگەی داگیرکردنی عێراقەوە، هەڕەشەی رژێمی بەعس لەناوبرێت‌و دەسەڵاتێکی دیموکراسی لە عێراق بچەسپێنێت، بەشێوەیەک لایەنگری خۆی‌و خۆرئاوا بێت‌و لە رێگەیەوە دووبارە هاوسەنگیی هێزو هاوکێشەی سیاسیی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دابڕێتەوەو بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی بپارێزێت، بەڵام ئەمە رووی نەدا، عێراق لەبەرامبەر نەیارەکانی ئەمریکا وەک ئێران‌و سوریا لاوازەو بەڵکو بەجۆرێک بووەتە پاشکۆی ئەم دەوڵەتانە. بەواتایەکی تر، هەرچەندە ئەمریکا بوونی سەربازیی لەعێراق هەیەو بەردەوامیش دەبێت، بەڵام بوونێکی بێکۆنترۆڵو کاریگەرییەو رەوشی ئێستای عێراق لە بەرژەوەندیی وڵاتانی دراوسێیە، بەتایبەتیش ئێران کە رۆڵێکی هەرێمیی گەورە دەگرێت.

هەرچەندە ئەگەری دابەشکردنی عێراق، سیناریۆیەکی گونجاوەو زەمینەیەکی نەتەوەیی‌و مەزهەبی‌و مێژوویی‌و جوگرافیی لەبار هەیە بۆ دابەشکردنی عێراق بۆ سێ دەوڵەت: دەوڵەتی کوردستان، لە باکوورو دەوڵەتی سوننەنشین لە ناوەڕاست‌و دەوڵەتی شیعی لە باشوور، بەڵام ئاستەنگو تەحەدیی زۆر هەیە. لەسەر ئاستی ناوخۆ، بێجگە لە کوردو بەشێک لە شیعەکان، پشتگیریی لەو بیرۆکەیە ناکرێت‌و پێکهاتەکانی تر دژی ئەو بۆچوونەن. لەسەر ئاستی ئیقلیمیش، هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە دژی دابەشکردنن، بەڵکو بەهەڕەشەی دادەنێن بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی خۆیان، لەهەمووشیان گرنگتر ئەوەیە کە ئەمریکا لەگەڵ دابەشکردن نییە، چونکە لەلایەکەوە نایەوێت خۆرهەڵاتی ناوەڕاست زیاتر ناسەقامگیر بکات‌و دۆستەکانی (تورکیاو وڵاتانی عەرەبی) بخاتە ژێر مەترسی‌و نیگەرانییەوە، لەلایەکی تریشەوە نایەوێت دەوڵەتێکی شیعی لەباشووری عێراق دروسبێت کە هاوپەیمانی ئێران بێت‌و زیاتر هەژموونی ئێران بەهێزبکات.

ئەمە بەو مانایە نایەت کە ئەمریکییەکان بیریان لە دابەشکردنی عێراق نەکردووەتەوە، بەڵکو دەیان توێژنەوەو پشنیازی ئەمریکی هەیە بۆ دابەشکردنی عێراق، بۆ نموونە لەساڵی (٢٠٠٦)دا، جۆزێف بایدنی جێگری سەرۆک کۆمار کە ئەو کاتە سیناتۆر بوو لەگەڵ لیزلی گیلب پرۆژەیەکیان پێشکەشی کۆنگرێس کرد بۆ دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێم کە خاوەنی فەرمانڕەوایی خۆیان بن، هەروەها سەنتەری سابان بۆ سیاسەتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە پەیمانگەی برۆکینگز لە واشنتۆن، توێژینەوەیەکی بەناوی حاڵەتی نەرمە دابەشکردن لەعێراق The case of soft Partition in Iraq بڵاوکردەوەو داوای دابەشکردنی عێراق دەکات بۆ سێ هەرێمی فیدراڵی سوننەو شیعەو کوردو ئەم دابەشکردنەشیان ناونا Plan B، بەهەمان شێوە راڵف پیتەرز Ralph Petersو پیتر گالبرێس لەدوو توێژینەوەی جیاوازدا داوای دابەشکردنی عێراق-یان کرد.

گەڕانەوەی دیکتاتۆریی‌و سیستمی تۆتالیتاریی، یەکێکی تر لە سیناریۆ چاوەڕێکراوەکانی ئایندەی عێراق، لەگەڵ ئەوەی زۆر لەچاودێران‌و سیاسەتمەداران پێیانوایە، ئەستەمە جارێکی تر دیکتاتۆریی بگەڕێتەوە بۆ عێراق، بەڵام روودانی ئەم جۆرە سیناریۆیە لە رێگەی کودەتاو دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا، ئەگەرێکی دوور نییە، چونکە:

– عێراق ژینگەیەکی لەبارە بۆ دروستبوونی دیکتاتۆرو بەدرێژایی مێژوو لەلایەن دیکتاتۆرەکانەوە فەرمانڕەوایی کراوەو جۆرێک لە کلتوور لە عێراق باوە کە یارمەتیدەری سەرهەڵدان‌و قبووڵکردنی دیکتاتۆرییەتە، لەعێراق زیاتر لە (١٠) کودەتای خوێناویی ئەنجامدراون‌و هەموویان دیکتاتۆرییەتیان بەدوای خۆیاندا هێناوە، هەروەها تائێستا لەعێراقدا دیموکراسییەکی راستەقینەو رۆشنبیریی‌و کلتووریی دیموکراسی نییە کە هەڵقوڵاوی بیروباوەڕی راستەقینەی گەلانی عێراق بێت، دەیان گرووپ‌و کۆمەڵو حیزب هەن کە باوەڕیان بەبنەماکانی دیموکراسی‌و فیدراڵی‌و ئازادیی گشتیی‌و مافی مرۆڤ ..هتد نییەو داوای دەسەڵاتی مەرکەزیی‌و حوکمی کەمینە دەکەن، هەموو ئەمانەش رێخۆشکەرن بۆ سەر لەنوێ گەڕانەوەی دیکتاتۆری. لەهەمانکاتدا، لەئێستادا نزیکەی (١٠٠٠٠) ئەفسەرو پلەدارو بەرپرسی پێشووی رژێم لەسوپای نوێ عێراقدا هەن‌و ئەم کۆنە بەعسییانە زۆربەیان پۆستی باڵاو گرنگیان هەیە لەناو دەزگا ئەمنی‌و سەربازییەکان‌و تا ئێستاش حەنین‌و لایەنگرییان بۆ بەعس‌و سەدام هەیە، دەشێت لەهەر کاتێکدا یەکێک یان گرووپێک لەم ئەفسەرانە بەهاوکاری دەرەکی کودەتا ئەنجامبدەن.

– گەڕانەوەی دەسەڵاتێکی مەرکەزیی لە عێراق، لەلایەنی زۆربەی وڵاتانی دراوسێ‌و ناوچەکەوە پشتگیریی لێدەکرێت، بەتایبەتیش ئەگەر بێتو ئەو سەرکردەیە عەرەبێکی سوننە بێت، چونکە زۆربەی ئەم وڵاتانە ئەزموونی دیموکراسی‌و فیدراڵی عێراق بەهەڕەشە لەقەڵەم دەدەن بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانییان‌و نایانەوێت ئەو پەتاو درمەی کە لە عێراق هەیە، بگوێزرێتەوە بۆ ئەوان، هەروەها پشتگیریی لەدەسەڵاتێک دەکەن کە بتوانێت سەقامیگریی عێراق بپارێزێت‌و سنوورێک دانێت بۆ ناکۆکیی مەزهەبی‌و ئیتنیکی‌و ناسەقامگیریی سیاسیی‌و ئەمنیی‌و ببێتە قەڵغانێک لەبەرامبەر هەژموونی شیعی.

– دوور نییە کە ئەمریکا بیر لە ئەلتەرناتیڤێکی لەو جۆرە بکاتەوە، بەتایبەتیش ئەمریکا ئامادە نییە وڵاتێک بەجێبهێڵێت کە ئێران‌و شیعەکان باڵادەستبن‌و ببێتە بنکەیەک بۆ تیرۆرو تیایدا هەڕەشە لە بەرژەوەندیی‌و ئامانجەکانی ئەمریکا بکات لە ناوچەکە. لەم کاتەدا، ئەمریکا دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی تۆتالیتارییانەی دۆستی پێ باشترە (هاوشێوەی میسرو ئەردەن‌و وڵاتانی کەنداو...تاد) لە دەسەڵاتێکی دیموکراسی لاوازی دۆستی ئێران.

ئەمریکا بیر لەوەدەکاتەوە کە چۆن عێراقییەکان یەکبخات‌و دەوڵەتێکی بەهێز پێکبهێنێت؟ تا بتوانێت سنوورێک بۆ دابەشبوون‌و دەستتێوەردانی دەرەکی دابنێت‌و لەبەرامبەر ئێراندا بووەستێتەوە، رەنگە ئەم ئەرکەش تەنها بەدەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی بکرێت! کە لە رابردوودا توانیبووی بەزەبری هێز، عێراقییەکان یەکبخات‌و بەرەنگاری دەوڵەتانی ناوچەکە بێتەوە.

بۆیە، ئەمریکا تا بۆی بکرێت پشتگیریی لە سیستمی دیموکراسیی عێراق دەکات کە هاوپەیمانی خۆی بێت، بەڵام ئەگەر ئەمە سەری نەگرت، دوور نییە پشتگیریی لەگەڕانەوەی دیکتاتۆری بکات کە لە رێگەی کودەتای سەربازییەوە دەسەڵات بگرێتە دەست، ئەم سیناریۆیەش چەندین توێژینەوەی لەلایەن ئەمریکییەکان لەسەر کراوە، بۆ نموونە سەنتەری کاروباری نێودەوڵەتی سەر بە زانکۆی نیویۆرک، لە توێژینەوەیەکدا بەناونیشانی (Iraq Post ٢٠١٠) عێراق لەپاش(٢٠١٠)، پێشبینی رووداوەکانی عێراق دەکات لە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، لە ئەنجامی بەردەوامبوونی ناسەقامگیریی رەوشی سیاسی‌و ئابووری‌و ئەمنی‌و سەرهەڵدانی شەڕو ئاژاوە، حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق شکستدەهێنن‌و حیزبە شیعی‌و ئیسلامی‌و تائیفییەکان ناتوانن سەرکەوتوو بن، بۆیە سەرکردەیەکی نیشتمانی دەردەکەوێت کە هەوڵی یەکخستنی وڵات دەدات‌و متمانەی هاوڵاتییانی عێراقی بەدەستدەهێنێت، بەوپێیەی وەک کەسێکی رزگارکەر سەیر دەکرێت کە هەوڵی یەکخستنی عێراق دەدات، بۆیە باشترین رێگە بۆ دەربازبوون لەو تەنگەژەو قەیرانانە (بەپێی توێژینەوەکە) گەڕانەوەی سیستمێکی دیکتاتۆرییە کە باشتر وایە ئەو کەسە یەکێک لە فەرماندە سەربازییەکانی عێراق بێت‌و لە رێگەی ئەنجامدانی کودەتایەکی سەربازییەوە دەسەڵات بگرێتە دەست.

*** خوێندکاری دکتۆراو مامۆستای زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سلێمانی**

**عێراقی‌و ئەمریکییەکان لەگەڵ مانەوەی عێراق وەک دەوڵەتێکی دیموکراسیی سەقامگیری بەهێزدان‌و کاریش بۆ سەرخستنی دەکەن**







چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ – ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ – ٣١٩٠٥١٩